# چه‌پكێك

## له‌ قسه‌كانی سه‌رۆك ماوتسیتۆنگ

www.nawshirwanmustafa.org

کرێکارانی دنیا یەکبگرن !

# ناوەرۆك


١- پارتی کۆمۆنیست ١
٢- چینەکانو خەباتی چینایەتی ٩
٣- سۆشیالیزمو کۆمۆنیزم ٢٥
٤- راست چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان گەل ٥١
٥- جەنگو ئاشتی ٦٦
٦- ئیمپریالیزمو هەموو کۆنەپەرستەکان پڵنگی کاغەزین ٨٢
٧- زاتی خەبات‌کردنو زاتی سەرکەوتنتان بێت ٩٣
٨- جەنگی گەل ١٠٠
٩- لەشکری گەل ١١٣
١٠- رابەرایەتی کۆمیتەکانی پارتی ١١٨
١١- هێڵی جەماوەری ١٣٤
١٢- کاری سیاسی ١٥٣

١٣- پەیوەندی یەکانی نێوان ئەفسەرانو سەربازان ١٦٩
١٤- پەیوەندی نێوان لەشکرو گەل ١٧٤
١٥- دیموکراسی لە سێ مەیدانی سەرەکیدا ١٧٩
١٦- پەروەردە کردنو مەشق پێ کردنی هێزی چەکدار ١٨٨
١٧- خزمەت کردنی گەل ١٩٣
١٨- نیشتمان پەرستی و ئینتەرناشنالیزم ١٩٨
١٩- قارەمانەتی شۆرشگێرانە ٢٠٥
٢٠- دروست کردنی ولاتەکەمان بە رەنج دانو دەس پێوە گرتن ٢١٠
٢١- پشت بەخۆ بەستنو خەباتی لاسارانە ٢١٩
٢٢- ریگەکانی بیر کردنەوەو ریگەکانی کار ٢٢٩
٢٣- لێ کۆلینەوەو لێك دانەوە ٢٦٠
٢٤- راست کردنەوەی بیروڕای چەوت ٢٦٩
٢٥- یەکێتی ٢٨٦
٢٦- دیسپلین ٢٨٩
٢٧- رەخنەو رەخنە لە خۆ گرتن ٢٩٤

| | |
|---|---|
| ٢٨- كۆمۆنیستەكان | ٣٠٦ |
| ٢٩- كادرەكان | ٣١٦ |
| ٣٠- لاوان | ٣٣٠ |
| ٢١- ئافرەتان | ٣٣٧ |
| ٣٢- فرهەنگ و هونەر | ٣٤٣ |
| ٣٣- فێربوون | ٣٤٩ |



# فەرهەنگۆك

| | |
|---|---|
| ئاقار | الاتجاه |
| ئایدیال | المثل الاعلى ، المثالى |
| ئایدیولوجی | IDEOLOGY |
| ئانتی - تۆكسین (دژەژار) | الترياق المضاد للسموم |
| ئایدیالیزم | المثالية ، المذهب المثالى |
| ئایدیالیزمی مێژوویی | المثالية التاريخيه |
| ئینتەرناشنال | الاممى ، الدولي |
| ئینتەرناشنالیزم | الاممية |
| ئیمپریالیزم | الاستعمار ، الامپريالية |
| ئەفسانە | الاسطورة |
| ئەفسەر | الضابط |
| ئەنتیكەخانە ( موزەخانە ) | المتحف |
| ئۆفیس | المكتب |
| ئیمپریسیزم | التجريبية ، مبدأ الاعتماد على التجربة وحدها |

ب

| | |
|---|---|
| بالادەس ، بالادەست | التفوق |

| | |
|---|---|
| بڕێنەرەوە | حاسم ، قاطع |
| بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە | حركة التصحيح |
| بەرگری | الدفاع |
| بەرهەڵستی | المقاومة |
| بەرهەم هێنان | الانتاج |
| بیروکراتی ، بوروکراتی | البيروقراطيه |
| بابەتی | الموضوعي |
| **پ** | |
| پراتیك | الممارسة ، التطبيق العملي |
| پرانسیپ | المبدأ ، قاعدة اولية ، مذهب |
| پروسیس ، پڕوسە | عمليه، طريقه ، سلسلة اعمال او احداث |
| پێ ـ ناس | الصفة، الخاصية، المميزات |
| پەرۆش | الحماس |
| پلان | الخطة ، الخطط |
| پەروەردە کردن | التربية |
| پەیوەندی یەکانی بەرهەم هێنان | علاقات الانتاج |

| | |
|---|---|
| ت | |
| تفاق | الوسيلة ، الوسائل |
| تفاقه کانی بەرهەم هێنان | وسائل الانتاج |
| تەکنولوجی | التكنولوجي ، العلم التطبيقى |
| تەلار | بناء ، صرح |
| تەیار | مستعد |
| تیپ | الفرقه ، الفرق |
| تیوری | النظرية |
| ج | |
| جۆر | شكل ، نوع |
| جۆرجۆر ، جۆراوجۆر | متنوع |
| جەماوەر | الجماهير |
| جیاجیا ، جوجوی | مختلف |
| جیهان | العالم |
| جیهان ـ بینی | النظرة الى العالم |
| چ | |
| چەپ ـ ڕەوی | اليسارية ، المبادىء اليسارية |
| چەندایەتی | الكمية |
| چۆنایەتی | الكيفيه ، النوعية |

| | |
|---|---|
| چین | الطبقة |
| چین | الصين |
| چەواشە | المضاد ، المعاكس |
| چەوساندنەوە | الاستغلال |
| خ | |
| خۆرسك | عفوی |
| خۆیی | الذاتی ، الذاتیه |
| د | |
| دژە - ژار | المضاد للسموم ، الترياق |
| دۆخ | الوضع ، الحال |
| دۆگما | عقیده جامدة |
| دۆگماتیك | الجمود العقائدی (التمسك برأی دون بینة او دليل) |
| دەق | تمام ، کامل |
| دەستدرێژکەر | المعتدی ، البادیء بالعدوان |
| دەس - پێشکەری | المبادرة ، المبادءة |
| دیاری کراو ، دیارکراو | محدد |
| دەرەکی | الخارجی ، الخارجية |

| | |
|---|---|
| دیسپلین | الضبط ، الضبط والربط |

**ر**

| | |
|---|---|
| ڕوانگە | وجهة النظر |
| ڕەنجدەر | الكادح |
| ڕواڵەتی | المظاهر ، الشكليات |
| ڕابەری | القيادة |
| ڕاست - ڕەوی | اليمينيه ، المبادىء اليمينية |
| ڕوو - بینی | سطحي |
| ڕیفۆرم | اصلاح |
| ڕێگە | الطريقة |
| ڕێژیم | اسلوب الحكم ، نظام |
| ڕیڤیژنیزم | التحريفية |

**ز**

| | |
|---|---|
| زۆرلیکردنی سیاسی | الاضطهاد السياسي |
| زەوی‌دار | اصحاب الارض |
| زۆرایەتی ، زوربەیی | الاكثرية |

**ژ**

| | |
|---|---|
| ژێرخان | الطابق التحتاني |

## س

| | |
|---|---|
| سەرچڵ | المغامر |
| سروشت | الطبيعة |
| ستراتیجی ، ستراتیژی | الستراتيجية |
| ستاتستیك | الاحصاء |
| سۆشیالیزم | الاشتراكيه |
| سۆشیالیست | الاشتراكى |
| سەرەکی | الرئيسي |
| سەربازی ، سەروازی | العسكرية ، الجندية |
| سەرخان | البناء الفوقى |
| سیستەم | النظام |
| سیستەمی خاوەنێتی | نظام التملك |
| سەڵت | الفرد |
| سەڵتایەتی | الفردية |

## ش

| | |
|---|---|
| شێوە | اسلوب |
| شۆرشی - چەواشە | الثورة المضادة |

## ف

| | |
|---|---|
| فرمان | العمل ، الامور |

| | |
|---|---|
| فەرمان | أمر ، اوامر |
| فەرهەنگ | الثقافة |
| فاکتور ، فاکتەر | العامل ، العوامل |
| فیودالیزم | الاقطاعية |
| فیودال | الاقطاع |
| فینۆمینا | الظاهرة |

## ک

| | |
|---|---|
| کەمایەتی | الاقلية |
| کاکڵە | النواة |
| کامپ | المعسكر |
| کۆمەڵ ، کۆمەڵە | المجتمع ، الجمعية |
| کۆماندیزم | طريقة اصدار الاوامر |
| کۆمونیزم ، کۆمیونیزم | الشيوعية |
| کۆمۆنیست ، کۆمیونیست | الشيوعي |
| کۆنگریس | المؤتمر |
| کونفرانس | الكونفرانس |
| کومپرادور | عميل رأسمالى |

## گ

| | |
|---|---|
| گواستنەوە ، گوێزانەوە | التحويل ، الانتقال |

| | |
|---|---|
| گەشەپێ کردن | التطوير |
| گەشە کردن | التطور |
| گیرو گرفت | المشاكل ، المشكلة |
| گەلە - ڕابەری | القيادە الجماعية |
| گەرەنتی ، گارەنتی | الضمان ، التأمين |
| ل | |
| لابەلا کردن | |
| لوجیك ، لوژیك | المنطق ، علم المنطق |
| لەمێژە | منذ زمن بعيد |
| لێپرسینەوە | المسؤولية |
| لێپرسینەوەی یەکتەنی | » الفردية |
| م | |
| مودێرن | الحديث ، الحديثه |
| مەتەریالیزم ، ماتیریالیزم | المادية |
| مەتریالیزمی مێژوویی | المادية التأريخية |
| میتافیزیکی | الميتافيزيقية ، ماوراء المادە |
| مۆنۆپۆلی | الانحصار ، الاحتكار |
| ن | |
| ناکۆکی | التضاد ، التناقض |

| | |
|---|---|
| ئا ـ سەرەکی | غیرالرئیسی |
| ناوەکی | داخلي |
| نەریت | التقالید ، العادة |
| و | |
| ویست | ارادة |
| هـ | |
| هاوکاریە کشتوکاڵی یەکان | التعاونیات الزراعیة |
| هەرەوەزی یە کشتوکاڵی یەکان | المزارع الجماعیة |
| هەڵسووڕینەری | الاداري ، الاداریة |
| هەڵ ـ پەرستی | الانتهازیة |
| هێڵ | الخط ، الخطوط |
| هێزە بەرهەم هێنەکان | القوی المنتجة |
| هێنانە بەرهەم | الانتاج |
| ی | |
| یەك لانەیی ، یەك ـ لایەنی | وحید الجانب |
| یاسا | القانون |
| یەك ـ کەوتن | ائتلاف |

# ١ - پارتی کۆمۆنیست

کاکڵەی ئەو هێزەی کە ڕابەری مەسەلەکەمان ئەکات بۆ پێشەوە پارتی کۆمۆنیستی چینە . ئەو بنچینە تیۆری یەش کە ڕابەری بیرکردنەوەمان ئەکات مارکسیزم ـ لینینیزمە .

لە وتاری کردنەوەی کۆبوونەوەی یەکەمی ،
یەکەمین کۆنگرێسی نەتەوەیی گەل لە
کۆماری گەلی چیندا (١٥ی ئەیلولی ١٩٥٤)

کە شۆڕشمان بووێت ئەبێت پارتی یەکی شۆڕشگێڕمان هەبێت . بەبێ پارتی یەکی شۆڕگێڕ ، بەبێ پارتی یەک کەبە پێی تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکسیزم لینینیزم و شێوەی شۆڕشگێڕانەی مارکسی لینینی دامەزرابێت ، لە توانادا نی یە ڕابەری چینی کرێکارو جەماوەری فراوانی

گـەل بکرێت بۆ سەرکـەوتن بـە سـەر ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیدا .

« هێزە شۆڕشگێڕەکانی دنیا ، یەکگرن وبچن بـە گژ دەسدرێژی ئیمپریالیستیدا » ، (تشرینی دووەم ١٩٤٨ ) ، نووسـینە هەڵ بژێردراوەکان ، بەرگیچوارەم .

بەبێ ڕەنج دانی پارتی کۆمۆنیستی چین ، وە بەبێ بوونی کۆمۆنیستەکانی چین بە دیرەگی بنچینەیـی گەلی چین ، وڵاتی چین نەئەتوانێت سـەربەخۆیـی و ڕزگاری بسێنێت وەنە ئەیشـتوانێت خـۆی بکاتە خاوەن پیشە سازی و کشتوکاڵەکەی بکاتە کشتوکاڵێکی مۆدێرن .

« لەمـەڕ حکومـەتی یەکگـ ـ کـەوتوو » ( ٢٤ی نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ھ ، ب ٣*

پارتی کۆمۆنیستی چین کاکڵەی ڕابەری هـەموو گـەلی چینە. بەبێ ئەم کاکڵەیە مەسەلەی سۆشیالیزم سەرکەوتونابێت.

---

* «ن . ھ» کورت کراوەی «نوسینە هەڵ بژێردراوەکان» و «ب» هی بەرگە .

، گەورەی لێوە پەیدائەبێت . ئەوە دۆگماتیزمە کــە لــە ڕوانگەی میتافیزیکی یەوە بۆمارکسیزم بچێت و بەشتێکی وشکی ورەق دابنێت . وەئەویش ڕیڤیژنیزمە کە دان بەپرانسیپە بنچینەیی یەکانی مارکسیزمدا وە بی نەنێت لەوەی ڕاستی یەکی جهان گــرەوەیە . ڕیڤیژنیزم چەشنە ئایدیولۆجی یەکی بۆرجوازی یە. ڕیڤیژنیستەکان دان‌نانێن بە جیاوازی یەکانی نێوان سۆشیالیزم وسەرمایەداری و جیاوازی یەکانی نێوان دیکتاتۆری پرۆلیتاریاو دیکتاتۆری بۆرجوازی دا . ئەوەی ئەوان ئەی‌پارێزن بە ڕاستی یەکەی هێڵی سەرمایەداری یە نەک هێڵی سۆشیالیستی ، لەباری ئەمڕۆدا ڕیڤیژنیزم وەزەنی زیاتــرە لەدۆگماتیزم . یەکێکێ لەئەرکــە گرنگەکانی ئێستامــان لــە مەیدانی ئایدیۆلوجی‌دا یەکالاکردنەوەی ڕیڤیژنیزمە .

ه . س . پ .

ڕیڤیژنیزم یاهــەلپــەرستی ڕاسترەو ، ڕێبازێکی بیری بۆرجوازی یە کەوا مەترسی گەلێک زیاترە لەدۆگماتیزم . ڕیڤیژنیستەکان واتە هەلپەرستە ڕاسترەوەکان ، بەمارکسیزمەوە

ئەنازنو ، پەلاماری « دۆگماتیزم » یش ئەدەن . بەلام ئەوەی ئەوان بـــەناوی دۆگماتیزمەوە پەلاماری ئـــەدەن بەتەواوی جـەوهەری مارکسیزمە . ئەوانە بەربەرەکانی ماتریالیزم و دیالێکتیکی ئەکـــەن یائەی شێوێنین ، وە بەربەرەکانی دیکتاتۆری دێموکراتی یانەی گەلو دەوری رابەری پارتی کۆمۆنیست ئەکەن یا هەوڵی لاواز کردنی ئەدەن . دوای سەرکەوتنی بنچینەیی شۆڕشی سۆشیالیستی لەولاتەکەماندا ، هەندێک کەس هەن هێشتا هەر خـــەو بەوەوە ئەبینین کە سیستەمی سەرمایەداری بگەڕێنەوە ، لە هەموو مەیدانێکدا بەمەیدانی ئایدیۆلوجیشەوە ئەچن بە گژ چینی کـــرێکاردا . وە چاکترین یارمەتیدەر ودۆستی ئەمانە لەم بەگژا چوونەدا ڕیڤیژنیستەکانن .

« لەمەڕ ڕاست چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان گەل » ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

# ٣ ـ سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم

کۆمۆنیزم هەروەکوو سیستەمێکی تەواوی ئایدیۆلۆجی پرۆلیتاریایە هەروەها سیستەمێکی نۆیێی کۆمەڵایەتیشە. لە هەموو سیستەمێکی ئایدیۆلۆجیو کۆمەڵایەتی کە جیاوازەو تەواوترینو پێش کەوتوترینو، شۆڕشگێڕترین وماوقوڵترین سیستەمێکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. سیستەمی ئایدیۆلۆجی و کۆمەڵایەتی فیۆدالّی لە ئەنتیکەخانەی مێژوودا نەبێت جێی نەماوە. سیستەمی ئایدیۆلۆجیو کۆمەڵایەتی سەرمایەداریش لە بەشێکی جیهاندا (لەبەکێتی سوڤێت) بووە بە پارچەیەکی دێرینەی ناو ئەنتیکەخانەو، لەگەلێکک وڵاتی تریشدا وەکوو «یەکێکی دەردەدار لە کاتی گیانەڵاودابێت یاوەکوو خۆری ئاوابووی پشتی گردۆڵکەکانی لای خۆرئاوا»

وایه ، ئــەوەندەی پێ ناچێت ئەویش بــە ئەنتیکەخانە ئەسپێردرێت . ئەنیا سیستەمی ئایدیۆلۆجی وکۆمەلایەتی کۆمۆنیستی یە کەوا لەهەرەتی لاویدایە وپڕە لە زیندوویەتی و، بەهێزو خێرایی هەرەس و، وێنەی بروسکە دنیا ڕائەماڵێت.

« لەمەڕ دیمۆکراسی نوێ » (کانونی دووەمی ١٩٤٠ ) ، ن . هـ ، ب ٢

لەئەنجامدا ســیستەمی سۆشیالیستی شوێنی ســیستەمی سەرمایەداری ئەگرێتەوە ، ئەمە یاسایەکی بابەتی یە سەربەخۆیە لە ویستی ئادەمیزاد . هەرچــی چەندێک کۆنەپەرستەکان هەوڵی گێڕانەوەی ڕەورەوەی مێژوو بدەن ، درەنگ بێت یازوو شۆڕش هەر هەڵ ئەگیرسێت و بێ گومانیش هەر سەر ئەکەوێت .

« دووانێک لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بەرزی یەکێتی سوڤیێتدا بە بۆنەی بیرەوەری چل ساڵەی شۆڕشی سۆشیالیستی مەزنی ئۆکتۆبەردوە »
( ٦ ی تشرینی دووەمی ١٩٥٧ )

ئێمە کۆمۆنیستەکان هەرگیز بیروڕای سیاسی خۆمان ناشارینەوە . پرۆگرامی پاشەڕۆژمان یا بلێین پەڕی ئەوپەڕی پرۆگرامەکەمان بەبێ هیچ گومان ودوو دڵییەک بۆ پێشەوەبردنی وڵاتی چینە ڕووەو سۆشیالیزمو کۆمۆنیزم . هەم ناوی پارتیمان وهەم جیهانبینی مارکسییانەمان ئەم ئایدیالە بەرزەی ئێمە کە هەمانە بەرامبەر پاشەڕۆژ بە ئاشکرا دەرئەخەن ، ئەو پاشەڕۆژەی کە تابڵێیت جوانو تەشەنگو ڕووناکە .

« لەمەڕ حکومەتی یەک - کەوتوو »
( ٢٤ی نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . هـ ، ب٣

بزوتنەوەی شۆڕشگیرانەی چین کەپارتی کۆمۆنیست ڕابەری ئەکات بەتێکڕایی بریتییە لە دوو قۆناغ ، شۆڕشی دیموکراتی وشۆڕشی سۆشیالیستی کە دوو پرۆسێسی شۆڕشگێڕانەی لەڕووی جەوهەرەوە لەیەک جیاوازن ، پرۆسێسی دووەم تەنیا ئەوکاتە ئەتوانرێت جێبەجێ بکرێت کە یەکەمیان تەواو کرابێت . شۆڕشی دیمۆکراتی ئامادەکردنێکی پێویستە بۆ شۆڕشی سۆشیالیستیو ، شۆڕشی

سۆشیالیستیش ئەنجامی حەتمی شۆڕشی دیمۆکراتی‌یە . وە دوا ئامانج کەوا هەموو کۆمۆنیستەکان تەقەلالای بەدی‌هێنانی ئەدەن دامەزراندنی کۆمەڵی سۆشیالیستی و کۆمەڵی کۆمۆنیستی‌یە .

« شۆڕشی چین و پارتی کۆمۆنیستی چین »
( کانونی یەکەمی ١٩٣٩ ، ن . هـ ، ب ٢

ئامانجی شۆڕشی سۆشیالیستی ئازادکردنی هێزە بەرهەم هێنەکانە . گۆڕینی کشتوکاڵو پیشەسازی دەسی‌ی لە خاوەنێتی تەنیایی‌یەوە بۆ خاوەنێتی هاوبەشی وسۆشیالیستی ، گۆڕینی پیشەسازی‌و بازرگانی تایبەتی لەخاوەنێتی سەرمایەداری‌یە وە بۆ خاوەنێتی سۆشیالیستی ئەبێت ببێت بە هۆی ئازاد کردنی هێزە بەرهەم هێنەکان بە ئەندازەیەکی یەکجار زۆر . بەم جۆرە مەرجە کۆمەڵایەتی‌یەکانی پەرەسەندنێکی یەکجار زۆر لە بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵی‌دا دروست ئەبێت .

«دووانێک لە کۆنفرەنسی ئەنجومەنی بەرزی دەوڵەتدا» (٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٥٦ )

ئێمە ئێستا نەک هەر شۆڕش لە سیستەمی کۆمەڵایەتی‌دا ئەگێڕین ، واتە لەگۆڕینی خاوەنێتی تایبەتی‌دا بە خاوەنێتی گشتی ، بگرە لــە مەیدانی تەکنۆلۆجیشدا شۆڕشێک هەڵ ئەگیرسێنین بۆگۆڕینی بەرهەم هێنانی پیشەســازی دەستی بەبەرهەم هێنانی ماکینەیی مۆدێرن وفراوانو ، ئەم دوو شۆڕشەیش تێکە ئالاون . لە کشتوکاڵدا بەو مەرجانەوە کە لەولاتی ئێمەداهەن ، ئەبێت جێ بەجێ کردنی هاوکاری بخرێتە پێش بەکارهێنانی مــاکینەی گەورەوە ( بەلام لەولاتە سەرمایەدارەکاندا کشتوکاڵ بەرێگەی سەرمایەداریدا گەشەئەکات ) . لــەبەر ئەوە نابێت بەهیچ جۆرێک پیشەسازیو کشتوکاڵ ، وەپیشەسازی کردنی سۆشیالیستی وگواستنەوەی ســۆشیالیستی کشتــوکاڵ بــەدووشتی لــەیەکتری جیاو تەریک لەقەڵەم بدەینو ، نابێت بــە هیچ جوریک چــاو ببرینە یەکێکیان و ئەوی تریان بخەینە پشت گوێ .

« لەمەڕ مەسەلــەی هاوکاری کشتوکاڵی »

( ٣١ی تەموزی ١٩٥٥ )

سیستەمی کۆمەڵایەتی نوێ ئەوەندەی بەسەردا ڕانەبوردوە وهێشتا پێویستی بە ماوەیەکی کـــە هەیە بۆ جێگیربوونی . نابێت وا بزانرێت سیستەمی نوێ هەر کە دامەزرا ئیتر دەس بەجێ بەتەواوی ئەچەسپێت ، چونکە ئەمە لەتوانادا نی یە. بگرە هەنگاو بە هەنگاو جێگیر ئەبێت . جا بۆئەوەی بەتەواوی جێگیر ببێت و بچەسپێت ، هەر پێویستی بە پیشەسازی کردنی سۆشیالیستی وڵات و بەردەوام بوونی شۆرش نی یە لەمەیدانی ئابوریدا ، بگرە ئەبێت لـــەمەیدانی سیاســـی وئایدیۆلۆجیشدا بەردەوام بن لەسەر خەباتێکی سەختی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانەو پەروەردە کردنێکی سۆشیالیستی یانە . سەرەڕای ئەمانەیش پێویستی بەچەن فاکتۆرێکی یاریدەدەری جۆراو جۆری ئینتەرناشنال هەیە .

« دووانێکێ لە کۆنفرەنسی نەتەوەیی پارتی کۆمۆنیستی چیندا لەمەڕ کاری پروپاگاندە »
( ٢٢ی مارتی ١٩٥٧ )

لەچیندا خەبات کردن بـۆ چەسپاندنی سیستەمی سۆشیالیستی وخەبات بۆ بڕیاردانی ئەوەی ئاخۆ سۆشیالیزم وسەرمایەداری کامیان زاڵ ئەبن ، هێشتا هەر سەردەمێکی مێژوویی دوورودرێژی پێ ئەوێت. بەڵام ئێمە ئەبێت هەموومان ئەوە بزانین کە سیستەمی نوێی سۆشیالیزم بەبێ هیچ گومانێک ئەچەسپێت . بێ گومان ئێمە ئەتوانین دەوڵەتێکی سۆشیالیستی دابمەزرێنین کە خاوەنی پیشەسازی مودێرن و کشتوکاڵی مۆدێرن و زانست و فەرهەنگی مۆدێرن بێت .

هـ . س . پ .

ژمارەی ئەو ڕۆشنبیرانەی دوژمنایەتی دەوڵەتەکەمان ئەکەن زۆر کەمە . ئەوانە حەز بە دەوڵەتی ئێمە ناکەن کە دیکتاتۆری پڕۆلیتاریایە ، بگرە دڵیان بۆ کۆمەڵە کۆنەکە ئەکوورکێنێت . هەرچەن هەلێکیان بۆ هەڵ بکەوێت ، ئاژاوە ئەنێنەوەو هەوڵی ڕماندنی پارتی کۆمۆنیست وگێڕانەوەی چینی کۆن ئەدەن . لەکاتی هەڵبژاردنی

ڕێگای پرۆلیتاریو بۆرجوازی ، وە ڕێگای سۆشیالیستی وسەرمایەداریدا ئەمانە بە لاساری یەکی زۆرەوە دوودەمینیان هەڵئەبژێرن. جا لەبەر ئەوەی گرتنی ئەم ڕێگایە لەتوانادا نی یە ، بۆیە ئەوانە بەکردەوە ئامادەن خۆیان بدەن بەدەس ئیمپریالیزمو فیۆدالیزمو سەرمایەداری بیرۆکراتی یەوە . ئەم چەشنە کەسانە لەکۆڕە سیاسیو پیشەسازیو بازرگانیو فەرهەنگی وپەروەردەیی وزانستیو تەکنۆلۆجی وئایینی یەکاندا هەن ، ئەمانە ئەوپەڕی کۆنەپەرستن .

ه . س . پ .

گیروگرفتی گرنگ پەروەردە کردنی جوتیارانە . ئابوری جوتیاری پەرشوبلاوەو سۆشیالیستی کردنی کشتوکاڵ بەپێی تاقی کردنەوەکانی یەکێتی سۆڤێت پێویستی بەماوەیەکی درێژ وکارێکی ورد هەیە . بەبێ سۆشیالیستی کردنی کشتوکاڵ ، سۆشیالیزمی تەواوو جێگیر دانا مەزرێت .

« لەمەڕ دیکتاتۆری دیمۆکراتی یانەی گەل »
( ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٤٩ ) ، ن. ه، ب٤

ئه‌بێت باوه‌ڕمان به‌وه هه‌بێت که یه‌که‌م ، جه‌ماوه‌ری جوتیاران ئاماده‌ن به‌درێژایی ڕێگه‌ی سۆشیالیزم هه‌نگاو به‌هه‌نگاو پێش بکه‌ون به‌ڕابه‌ری پارتی‌مان، دووه‌م، پارتی‌مان به درێژایی ئه‌م ڕێگه‌یه ئه‌توانێت ڕابه‌ری‌یان بکات. ئه‌م دوو نوخته‌یه جه‌وهه‌ری مه‌سه‌له‌که وشتێکی بنچینه‌یی‌یه .

« له‌مه‌ڕ مه‌سه‌له‌ی هاوکاری کشتوکاڵی »
( ۳۱ی ته‌موزی ۱۹۵۵ )

ده‌زگا ڕابه‌ری‌یه‌کانی کۆمه‌ڵه هاوکاری‌یه‌کان ئه‌بێت جوتیارانی هه‌ژارو جوتیارانی خوار - ناوه‌نجی نوێ له‌م ده‌زگایانه‌دا بکه‌ن به ده‌سه‌ڵاتدارو ، جوتیارانی خوار- ناوه‌جی کۆن وجوتیارنی ژوور - ناوه‌نجی ، کۆن بن یا نۆێ ، بکه‌ن به هیزی یارمه‌تی‌ده‌ر . ته‌نیا هه‌ر به‌م چه‌شنه یه‌کێتی پێکدێت له‌نێوان جوتیارانی هه‌ژارو ناوه‌نجی‌دا و ، کۆمه‌ڵه هاوکاری یه‌کان ئه‌چه‌سپێن و ، به‌رهه‌م هێنان په‌ره ئه‌سێنێت و گواستنه‌وه‌ی سوشیالیستی هه‌موو لادێکان بـــه شێوه‌یه‌کی ڕاست دێته‌دی ، به‌پێی سیاسه‌تی پارتی . ئه‌گینا

نە ئەتوانرێت یەکێتی نێوان جوتیارانی هەژارو ناوەنجی پێک بهێنرێتو ، نە ئەتوانرێت کۆمەڵە هاوکاری یەکان بچەسپێنرێنو ، نەئەتوانرێت بەرهەم هێنان پەرە پێ بدرێتو ، نــە گواستنەوەی سۆشیالیستی هەموو لادێکان جێ بەجێ ئەکرێت .

پێشەکی وتاری « چون دەسەڵاتی هاوکاری ئوتانگ لە دەس جوتیارانی ناوەنجی یەوە خــرایە دەس جوتیارانی هەژار » ١٩٥٥ « هەڵچوونی سۆشیالیستی لەناو لادێکانی چین دا » بەرگی دووەم ، چاپی چین

پێویستە لەگەڵ جوتیارانی ناوەنجی دا یەک بگرینو ، نەکردنی ئەمە شتێکی هەڵەیە بەڵام چینی کرێکارو پارتی کۆمۆنیست ئەبێت لە دێهاتدا پشت بە کێ ببەستێت بۆ ئەوەی لەگەڵ جوتیارانی ناوەنجی دا یەک بگرێتو گواستنەوەی سۆشیالیستی لەهەموو لادێکاندا بهێنێتەدی ؟ بەتەنیا هەر بە جوتیارانی هەژار بێ گومان .

ئــەو دەمەی تێ ئەکۆشاین دژی زەوی دارەکانو ڕیفۆرمی زەوی‌مان کـرد حاڵوابوو ، ئەمرۆیش کــە تێ ئەکۆشین دژی جوتیارانی دەوڵەمەندو کەسانی سەرمایەداری کە لە پێناوی گواستنەوەی سۆشیالیستی کشتوکاڵدا حاڵ هەر وایە . لەم دوو سەردەمە شۆڕشگێڕانەیەدا جوتیارانی ناوەنجی لەسەرەتادا ڕاڕاو دوودڵ بوون . ئەوانە ئەوکاتە دێنە پاڵ شۆڕش کە ڕێبازی گشتی ڕووداوەکان ئاشکرا ئەبێتو نیشانەی سەرکەوتنی شۆرش بەدی‌ئەکەن . لەبەر ئەوە جوتیارانی هەژار ئەبێت کاربکەن لە ناو جوتیارانی ناوەنجیدا و ڕایان‌بکێشن بۆلای خۆیان ، بەم جۆرەڕۆژ بە ڕۆژ شۆڕش زیاتر پەرە ئەسێنێت تادوا سەرکەوتن .

پێشەکی وتاری «پەندێک لە کۆمەڵەی هاوکاری جـوتیارانی ناوەنجی ،، و ،، کۆمەڵەی هاوکاری جوتیارانی هەژار ،، لە هەرێمی فـوآن » ( ١٩٥٥ ) ، « هــەڵچوونی سۆشیالیستی لەناو لادێکانی چین‌دا» ، بەرگی دووەم ، چاپی چینی

لەناو ئەو جوتیارانەدا کە حاڵیان باشە ئارەزوویەکی زۆر هەیە بەرامبەر بەسەرمایەداری . جا ئەگەر ئیمە لەکاتی بزوتنەوەی هاوکاری دا وە تاماوەیەکی دریژیش پاش ئەوە ئەگەر ئەوەندەی ئۆزقالێک کەمتەرخەمی بکەین لەکاری سیاسی ناو جوتیاران ، ئەم ئارەزووە تەشەنە ئەکات و بلاو ئەبێتەوە .

پێشەکی وناری « ئەبێت خەباتی سەخت بکەین دژی ئارەزووی سەرمایەداری کردن » ( ١٩٥٥ ) ، « هەڵچوونی سۆشیالیستی لەناو لادێکانی چین دا » ، بەرگی یەکەم ، چاپی چین

بزوتنەوەی هاوکاری کشتوکاڵ هەر لە سەرەتاوە خەباتێکی سەختی ئایدیۆلۆجی و سیاسی بووە . بەبێ تێپەڕکردن بە خەباتێکی وەهادا ناتوانرێت هیچ کۆمەڵێکی هاوکاری دابمەزرێنرێت . بەر لەوەی هیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ لەسەر بناغەی یەکێکی کۆن دابمەزرێنرێت ،

ئەبێت بناغەی کــۆنەکە ڕابماڵرێتو پاکبکرێتەوە . پاشماوەی بیروڕای کۆن کە نوێنەرەوەی سیستەمە کۆنەکەیە ماوەیەکی درێژ لە مێشکی خەڵکدا وەکوو خۆی ئەمێنێتەوە و بەئاسانی جێگە بۆ هی تازە چۆڵ ناکات . پاش ئەوەی کۆمەڵێکی هاوکاری دامەزرا ، ئەبێت بەخەباتێکی گەلێک زیاتردا تێبپەڕێت بۆ ئەوەی بچەسپێت . تەنانەت پاش چەسپانیشی هەر کە خەباتی خاوکردەوە ڕەنگە هەرەس بهێنێت .

پێشەکی وتاری « پەندێکی گرنگ »(١٩٥٥)
« هەڵ چوونی سۆشیالیستی لە ناو لادێکانی
چین دا » ، بەرگی یەکەم ، چاپی چینی

لــەم چەن ساڵانەی دواییدا هێزە خۆ - ڕسکەکانی سەرمایەداری لــە دێهاتدا هەمیشە لەپێ گەیشتندا بوون ، جوتیارانی دەولەمەندی تازە لە هەموو جێیەک دەرکەوتوون و ، ژمارەیەکی زۆر جوتیاری ناوەنجی کە حاڵیان باشە لە تەقەلادانداﻥ بۆ ئەوەی ببن بە جوتیاری دەوڵەمەند .

لەلایەکی کەوە ، گەلێک جوتیاری هەژار بەهۆی کەمی تفاقەکانی بەرهەم هێنانەوە هێشتا ڕووت و ڕەجاڵن و ، هەندێکیان قەرزارن و ، هەندێکی کەیان زەوی‌یەکانیان ئەفرۆشن یا ئەی‌دەن بەکرێ . جائەگەر بار هەر بەم‌جۆرە مایەوە بێ چارەسەرکردن وا بێ گومان ڕۆژ بەڕۆژ تادێت ( استقطاب ) لە لادێکاندا زیاتر ئەبێت . ئەو جوتیارانەی کەزەوی‌یەکانیان لە کیس چوە یائەوانەی کە هێشتا هەر بەهەژاری ماونەتەوە سەرزەنشتمان ئەکەن لەسەر ئەوەی کەهیچمان بۆنەکردوون تا لەماڵ‌وێرانی ڕزگاریان ببێت ، یا یارمەتی‌مان نەداون تا لە چەرمەسەرێ دەربێن . هەروەها ئەو جوتیارە ناوەنجی‌یانەیش کە حاڵیان باشە وە ئارەزووی سەرمایەداری ئەکەن ئەوانیشمان لێ ڕازی نابن ، چونکە هەرگیز ناتوانین داواکانیان بهێنینەدی مەگەر بمانەوێت ڕێگەی سەرمایەداری بگرینەبەر .

جا ئاخۆ هاوپەیمانی کرێکارو جوتیار لەم دۆخەیشدا ئەتوانێت بەپێەوی هەر بمێنێت ؟ ئاشکرایە نـە . ئەم گیروگـرفتە لەسەر بنچینەیەکی نـوێ نەبێت چارەسەر

ناكـــرێت . ئەویش واتە پــێ بەپێی جێبەجێ کردنی پیشەسازی کردنی سۆشیالیستی و گواستنەوەی سۆشیالیستی لەمەیدانی پیشەســازی دەستی و پێشــەسازی و بازرگانی سەرمایەدارییەوە ، ئەبێت گۆاستنەوەی سۆشیالیستیش لــە هەمـــوو کاروبارێــکی کشــتوکاڵیدا هەنگاوبـــە هەنگاو بهێنرێتەدی ، یـــا بــەوانەیەکیتر ، هەرەوەزی کشتوکاڵ ئەبێت جێبەجێ بکرێت و ، ئابوری جوتیاری دەوڵەمەند وئابوری تەنیایی لەدێهاتدا ئەبێت هەڵ بتەکێنرێت تا هەموو خەڵکی لادێکان پێکەوە ژیانیان خۆش و ئاسوودە ببێت . ئێمە لامان وایە کەئەمە تەنیا رێگەی جێگیر کردنی هاوپەیمانی کرێکاران وجوتیارانە .

« لـــەمەڕ مەسەلەی هاوکاری کشتوکاڵی »
( ٣١ی تەموزی ١٩٥٥ )

مەبەستمان لەپلانی تێکڕایی ئەوپلانەیە کــە دەس کەوتی ٦٠٠ میلیۆن کەسی دانشتووی وڵاتەکەمان ئەخاتە بەرچاوی. لەکاتی دارشتنی پلانداو ، لەکاتی بەڕێوە بردنی کاروبارو ، بیرکردنەوە لە گیروگرفتەکان ، ئەبێت ئەو ڕاستییەمان

لەبەر چاو بێت کە دانیشتوانی چین ٦٠٠ میلیۆن کەسن و ،
هەرگیز نابێت ئەم ڕاسیە یەمان لەبیر بچێت .

« لەمەڕ ڕاست چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی
نێوانگەل » ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

سەرەڕای ڕابەری پارتی ، دانیشتوانی ٦٠٠ میلیۆنی ی
وڵاتەکەیشمان فاکتۆرێکی بڕێنەرەوەیە . زۆری دانیشتوان
واتە هەڵهاتنی زورتری بیروڕاو جۆش و خرۆش زیادتر
وتواناو وزەی گەورەتر . جەماوەر هەرگیز وەکوو ئەمڕۆ
بەگوڕو تین و تاو نەبوون و خاوەنی ئەم گیانە پڕزاتە و
جەنگاوەرانەیە نەبوون .

« ناساندنی کۆمەڵەیەکی هاوکاری » ( ١٥ی
نیسانی ١٩٥٨ )

پێناسی دیارو ئاشکرای گەلی ٦٠٠ میلۆنی چین ،
جگە لە پێناسەکانی کەی ، « هەژاری ونەزانییە » .
ڕەنگە ئەمە بە خراپ بێتە بەرچاو ، بەڵام ئەوی ڕاست

بێت شتێکی باشە . چونکە هەژاری ورەشوڕووتی ئارەزووی گۆڕینو ، ئارەزووی کردارو هەڵ گیرساندنی شۆڕش ئەورووژێنێت . پەڕە کاغەزێکی سپی کەپەڵەی پێوە نەبێت ، ئەتوانرێت تازەترین وجوانترین شتی لەسەر بنووسرێت ، ئەتوانرێت تازەترینو جوانترین نیگاری لەرسەربکێشرێت .

ه . س . پ .

پاش سەرکەوتنی شۆڕش لەسەرانسەری چین دا وچارە سەرکردنی گیروگرفتی زەوی ، دوو ناکۆکی بنچینەیی هێشتا لە چین‌دا ئەمێنێت . یەکەمیان ناوەکی‌یە کەئەویش ناکۆکی نێوان چینی کرێکارو بۆرجوازی‌یە . دووەمیان دەرەکی‌یە کە ناکۆکی نێوان چین وولاتانی ئیمپریالیستی‌یە . بۆیە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی دیمۆکراتی‌یانەی گەلیش ، دەسەلاتی دەوڵەتی کۆماری گەل بەرابەری چینی کریکار ئەبێت بەهێزتر بکرێت نەک لاواز بکرێت .

« ڕاپۆرتیک بۆ دووەمین پلنیۆمی حەوتەم
کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمونیستی چین »

( ٥ی مارتی ١٩٤٩ ) ، ن . ھ ، ب ٤

« ئایا نیازی نەھێشتنی دەسەلاتی دەولەتتان نییە ؟ »

بەلێ نیازمان ھەیە ، بەلام ئێستا نـە ؛ ھێشتا ناتوانین ئەمەبکەین . بۆچی ؟ چونکە ئیمپریالیزم ھێشتا ھەیە ، چونکە کۆنەپەرستانی خۆمالی ھێشتاھەن ، چونکە چینەکان لەولاتی ئیمەدا ھێشتا ماون . جا ئەرکی ئێستامان بەھێزکردنی دەزگاکانی دەولەتی گەلە ـ بە چەشنێکی سەرەکی لەشکری گەل ، پۆلیسی گەلو دادگاکانی گەل ـ تـا پاراستنی ئیشتمانی بچەسپێنین ودەسکەوتەکانی گەل بپارێزین .

« لەمەر دیکتاتۆری دیمۆکراتییانەی گەل »
( ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٤٩ ) ، ن. ھ، ب ٤

دەولەتەکەمان دەولەتی دیکتاتۆری دیمـۆکراتییانەی گەلە بە رابەری چینی کرێکار ولەسەر بنچینەی ھاوپەیمانی کرێکارانو جوتیاران دامەزراوە . جا ئەم دیکتاتۆرێییە بـۆچی ؟ یەکەمین فرمانی دامـرکاندنەوەی چین وتاقمە کۆنەپەرستەکانو ئەو چەوسێنەرەوانەی ناوخۆیە کەبەرگری

شــۆڕشی سۆشیالیستی ئەکەنو ، دامــرکاندنەوەی هەموو ئەوانەیە، کە هەوڵی وێران کردنی تەلاری سۆشیالیستی ئەدەن، یا بەواتەیەکی تر ، یەکەمین فرمانی چارەسەکردنی نێوان خۆمانو دوژمنەکانە لەناوەوەی وڵاتدا . بۆنموونە گرتنو محاکەمەکردن وحکمدانی هەندێک شۆڕشگێڕی چەواشەیەو، بێ بەش کردنی زەوی‌دارو ســەرمایەدارە بیرۆکراتەکان لەمافی دەنگ‌دان وئازادی قسەکردن تاماوەیەکی دیاری کراو هەموو ئەمانە ئەکەونە ناوسنووری دیکتاتۆریی‌یەکەمانەوە . هەروەها بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی ودەس کەوتەکانی گەل ئەبێت دیکتاتۆریی بەرامبەر بەدزو دەس‌بڕو پیاوکوژو جەردەو دەســتەی تاوانکارانو هــەموو ئەوکەسانەی کەئاسایشی گشتی خراپ تێک ئەدەن ، بەکار بهێنێت . دووەمین فرمانی ئەم دیکتاتۆریی‌یە پاراستنی وڵاتەکەمانە لە چالاکی ڕووخێنەرانەو ئەو دەس‌درێژی‌یانەی ڕەنگە دوژمنانی دەرەوەمان بیکەنە ســەرمان . کــە ئــەمە ڕووی‌دا ، چارە ســەرکردنی ناکۆکی‌یەکانی نێوان ئێمە ودوژمنەکانی دەرەوەمان ئەکەوێتە ئەستۆی ئەم دیکتاتۆریی‌یە . ئامانجی

ئەم دیکتاتۆریەتی‌یە پاراستنی سەرجەم گەلەکەمانە تابتوانن خۆیان تەرخان بکەن بۆ کارکردنی هێمن وبۆئەوەی چین بکەن بەولاتێکی سۆشیالیستی خاوەن پیشەسازی‌و کشتوکاڵ‌و ، زانست وفەرهەنگێکی مۆدێرن .

« لەمەڕ ڕاست چارەسەرکردنی ناکۆکی‌یەکانی نێوان گەل » ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

دیکتاتۆری دیمۆکراتی‌یانەی گەل پێویستی بەڕابەری چینی کرێکارە . چونکە تەنیا چینی کرێکارە کە دووربین ترین‌و ، لە خۆبوردووترین چینی بە تەواوی شۆڕشگێرە . سەرانسەری مێژووی شۆڕش ئیسپاتی کردوە کەوا بەبێ ڕابەری چینی کرێکار شۆڕش ژێرئەکەوێت‌و بەڕابەری چینی کرێکاریش سەرئەکەوێت .

« لەمەڕ دیکتاتۆری دیمۆکراتی‌یانەی گەل »
( ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٤٩ ) ، ن . هـ ، ب٤

دیکتاتۆری دیموکراتی‌یانەی گەل لەسەر هاوپەیمانی چینی

کریکارانو ، جوتیارانو ورده بۆرجوازی شاری ، وه
بە چەشنێکی بنچینەیی لەسەر هاوپەیمانی کرێکارانو جوتیاران
دامەزراوه چونکه ئـــەم دوو چینه لەسەدا ۸۰ تا ۹۰ ی
دانیشتوانی وڵاتی چینن . ئەم دوو چینە هێزی سەرەکی
ڕمانـــدنی ئمپریالیزمو کـــۆنەپەرستانی کۆمینتانگن .
گواستنەوەیش لە دیمۆکراسی نوێوە بـۆ سۆشیالیزم بـــە
جۆرێکی سەرەکی بەندە بە هاوپەیمانی ئەم دووچینەوە .

ه . س . پ .

خـــەباتی چینایەتیو ، خـــەبات بـــۆ هێنانە بەرهەم
وتەجروبەی زانستی سێ بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەورەن
بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی بـــە هێزی سۆشیالیستی . ئـــەم
بزۆتنەوانە چاك تـــرین گەرەنتین بـــۆ ڕزگارکردنی
کۆمۆنیستەکان لـــە بیرۆکراسیو پاراستنیان بەرامبەر بە
ریڤیزنیزمو دۆگمانیزمو ، بۆ ئەوەی ئەوەندە بەهێزبن لـــە
شکاندن نەیەن. هەروەها گەرەنتی یەکی پشتئەستوورکەرە بۆ
ئەوەی پرۆلیتاریا بتوانێت لەتەك جەماوەری فراوانی ڕەنج-

دەردا یەکێ بگرێت ودیکتاتۆری دیمۆکراتی‌یانەی دابمەزرێنێت. بەڵام ئەگەر ئەم بزوتنەوانە نەبن ، وە زەوی دارەکانو جوتیارە دەوڵەمەندەکانو شۆڕشگێڕانی چەواشەو ، پیاوخراپانو هەموو چەشنە دێوو درنجەکان ڕێگەدران سەر لەکونەکانیان دەربهێنن ، لە هەمان کاتیشدا کادرەکانی ئێمە چاو لە هەموو ئەمانە بقوچێنن و ، گەلێک جار نەک هەر خۆمانو دوژمنیان پێ جیانەکرێتەوە لەیەک ، بگرە دەستیشیان لەگەڵ تێکەڵ بکەن لەکاتێکدا کەخەریکە پیسیان بکاتو دووبەرەکی‌یان تێ بخات ، ئەگەر دوژمن بەم جۆرە توانی کادرەکانمان ڕابکێشێت بۆ ناو بەرەی خۆیو ، خۆیشی بخزێنێتە ناوئێمەوە ، وە زۆر لەکرێکارو جوتیارو ڕۆشنبیرەکانمان نەیانتوانی خۆیان بپارێزن لەتاکتیکە نەرمو ڕەقەکانی دوژمن ، ئەوسا بێ گومان زۆر ناخایەنێت ، بگرە لەوانەیە چەن ساڵێک یادەساڵ وەیالایەنی زۆری چەن ـ دە ساڵێک درێژە ناکێشێت شۆڕشی چەواشە سەرلەنوێ لە سەرانسەری وڵاتدا زیندوو ئەبێتەوەو ، پارتی مارکسی ـ لینینی ئەبێت بە پارتی‌یەکی ڕیڤیژنیستی ، یا بە

پارتی‌یەکی فاشیستی‌و ، بەجارێکێ ڕەنگی چین تا گۆڕێت .

سەرنجێکێ لەبابەت « حەوت بەڵگەنامەی باش - نووسراوی هەرێمی چیکیانگێ لەمەڕ بەشداری کادرانەوە لە کاری جەستەیی‌دا » ( ۹ی مایسی ۱۹٦۳ ) ، وەرگیراوە لـــە کۆمۆنیزمی درۆزنەی خرۆشۆف وئەو پەندە مێژوویی‌یانەی داوێتی بەجیهان .

دیکتاتۆری دیمۆکراتی‌یانەی گەل دوو ڕێگە ئەگرێت ، بەرامبەر بە دوژمن ڕێگەی دیکتاتۆری ئەگرێت ، واتە تا ئەو سەردەمەی پێویستە نایەڵێت ئەمانە لە چالاکی سیاسی‌دا بەشدار بن وناچاریان ئەکات پەیڕەوی یاساکانی حکومەتی گەل بکەن‌و ، هاوبەشی‌ی کارکردن بکەن تا بە کارکردن خۆیان بکەنەوە بە مرۆڤێکی نوێ . بەڵام بەرامبەر بە گەل ، بەپێچەوانەی ئەمەوە ، ڕێگەی دیمۆکراسی ئەگرێت نەکێ زۆر لێ کردن ، واتە ئەبێت ڕێگەی گەل بدرێت لە چالاکی سیاسی‌دا بەشدار ببێت وئەبێت ناچار نەکرێن بەکردن

ئەمە یائەوە ، بگرە ئەبێت ڕێگەی دیمۆکراسی بگیرێت بۆ پەروەردە کردن و شت پێ سەلماندنیان .

## وتاری دوا هێنان بە دووەم کۆبوونەوەی یەکەم کۆمیتەی نەتەوەیی کۆنفرەنسی ڕاوێژی سیاسی گەلی چین (٢٣ حوزەیرانی ١٩٥٠)

گەلی چین بۆئەوەی لەسەر بنچینەیەکی پتەوتر پەلەبکات لە گەشەکردنی سۆشیالیزمدا بە ڕابەری پارتی کۆمۆنیست دەستی داوەتە بزوتنەوەیەکی بەگوڕی چاکردنەوە . ئەمە بزوتنەوەیەکە بۆ پێکهێنانی پیلەبازییەک کە هەم ڕابەری کراوبێت وهەم ئازاد لە سەرانسەری وڵاتدا، پیلەبازییەک لە شارەکان و لادێکاندا لەبابەت ئەو مەسەلانەوە وەکوو بەراوردکردنی ڕێبازی سوشیالیستیو ڕێبازی سەرمایەداری، سیستەمی بنچینەیی دەوڵەتو سیاسەتە گشتییەکانی ، شێوەی کارکردنی پارتی وفەرمانبەرەکانی حکومەتو ، مەسەلەی باشتر کردنی ژیانی گەلن، پیلەبازی یەکێ کە لەسەر بنچینەی دەرخستنی ڕاستیو بەڵگە هێنانەوە پێکبێت بۆ

چارەسەرکردنێکی ڕاست ودروستی ئەو ناکۆکی‌یە ڕاستەـ قینانەی لە ناو ڕیزەکانی گەلدا هەن وپێویستیان بە لابەلا کردنێکی دەس‌وبرد هەیە . ئەمە بزووتنەوەیەکی سۆشیالیستی‌یە بەنیازی خۆ پەروەردە کردن‌و خۆ داڕشتنەوەی گەل .

« دووانێک لــە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بەرزی یەکێتی سۆڤێتدا بە بۆنەی بیرەوەری چل‌ساڵەی شۆڕشی ســۆشیالیستی مــەزنی ئۆکتۆبەرەوە » (٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٧)

لــە فرمانی گەورەی دروستکردندا گەلێک ئەرکی قورس‌مان لــە ئەستۆدایە . ئەگەرچی ژمارەی ئەندامانی پارتی‌مان ١٠ میلیۆن پترە، بەلام هێشتا کەمایەتی‌یەکی پچووکی دانیشتوانی وڵاتن . لەکەرتەکانی حکومەت و ڕێکخراوو دەزگا گشتی‌یەکاندا گەلێک کار هەیە ئەبێت خەڵکی وابیکەن کە لەڕیزی پارتی‌دا نین . هەرگیز لە توانادا نی‌یە ئــەم فرمانە بە چاکی ببەینە سەر ، ئەگەر بەباشی پشت نەبەستین بە جەماوەرو هاوکاری نەکەین لەگەڵ ئەوانەدا کەلەپارتی‌دا

نین . جا لەو کاتەدا کە تەقەللای بە هێزکڕدنی یەکێتی
پارتی ئەدەین ، ئەبێت لەسەر بەهێزکردنی یەکێتی هەموو
نـەتەوەکانمانو ، چینە دیمۆکراتی یـەکانو ، پارتی یە
دیمۆکراتی یەکان وڕێکخراوەکانی گەل بـڕۆین ، وە
بەرەی یەکگرتووی دیمۆکراتی یانەی گـەل بچەسپێنینو
پەرەی پێبدەین ، ئەبێت هـەر شتێکی خـراپ کـەزیان
بگەیەنێت بە یەکێتی پارتی و گەل ، لە هەر شوێنێکی کارکردندا
دەرکەوت ، بەڕاسـتی هـۆشیارانە ، پاکی بکەینەوەو
نەیهێڵین .

« وتاری کردنەوەی هەشتەمین کۆنگرێسـی
نـەتەوەیی پارتی کۆمۆنیستی چین » ( ١٥ی
ئەیلولی ١٩٥٦ )

## ٤ـ ڕاست چارەسەر کردنی ناکۆکی یەکانی نێوان گەل.

ئێمە ڕوو بە ڕووی دوو جۆرە ناکۆکی کۆمەڵایەتی ئەبین ، ناکۆکی یەکانی نێوان ئێمەو دوژمنەکانمان ، وە ناکۆکی یەکانی نێوان گەل . ئەم دوو جۆرە ناکۆکی یەیش لە ڕووی سروشتیانەوە بە تەواوی لە یەکتری جیاوازن .

« لەمەڕ ڕاست چارە سەرکردنی ناکۆکی یەکانی نێوان گەل » ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

بۆ ئەوەی بەڕاستی لەم دووجۆرە ناکۆکی یە لەیەک جیاوازە ، واتە ناکۆکی یەکانی نێوان ئێمەو دوژمنان وە ناکۆکی یەکانی نێوان گەل بگەین ، ئەبێت بەر لە هەمووشت

ئەوە ڕوون بکەینەوە کە مەبەست لــە « گەل » کێ یەو مەبەست لە « دوژمنەکانی » کێن . . . . لــە قۆناغی ئێستادا ، سەردەمی دامەزراندنی سۆشیالیزم ، هەموو ئەو چین و دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتی یانەی مەسەلەی دامەزراندنی سۆشیالیزم یان بەلاوە باشە وپشتی ئەگرن وبەش داری تێدا ئەکەن ، گەل پێک ئەهێنن ، لە کاتێکدا هەموو ئەو هێزو تاقمە کۆمەڵایەتی یانەی بەرگری شــۆڕشی سۆشیالیستی ودوژمنایەتی دامــەزراندنی سۆشیالیزم ئەکەن یــا تەقەلای ڕووخاندنی ئەدەن ، هەموویان دوژمنی گەلن .

هـ . س . پ .

هەرجەکانی ئێستای چین ، ناکۆکی یەکانی نێوان گەل بریتی یە لــە ناکۆکی یەکانی ناو چینی کرێکارانو ، ناکۆکی یەکانی ناو چینی جوتیاران و ، ناکۆکی یەکانی نــاو ڕۆشنبیران و ناکۆکی یەکانی نێــوان چینی کرێکارو چینی جوتیارو ، ناکۆکی یەکانی کرێکاران وجوتیاران لەلایەک و ڕۆشنبیران لەلایەکی کەوە ، وە ناکۆکی یەکانی نێوان چینی کرێکارو

هەموو ڕەنج دەران لەلایەکێ و بۆرجوازی نیشتمانی لەلایەکی کەوە ، وە ناکۆکی یەکانی ناو ریزەکانی بۆرجوازی نیشتمانی . ... هتد

حکومەتەکەمان واتە حکومەتی گەل ئەگەرچی بە چاکـ ترین شێوە دەس کەوتەکانی گەل ئەنوێنێت و خزمەتی گەل ئەکات ، لەگەڵ ئەوەیشدا لەنێوان ئەو و گەلدا دیسان چەن ناکۆکی یەکی دیاری کراو هەیە ، لەمانە ناکۆکی۔ یەکانی نێوان دەس کەوتەکانی دەوڵەت و دەس کەوتەکانی هەرەوەزی یەکان و دەس کەوتەکانی سەڵت و ، هی نێوان دیمۆکراسی و ناوەندێتی و ، هی نێوان ڕابەرایەتی و ڕابەری کراوان ، هی نێوان شێوەی کارکردنی بیرۆکراتی یانەی هەندێکـ کاربەدەستی دەزگاکانی دەوڵەت و جەماوەر . جا ئەم جۆرە ناکۆکی یانەیش بە ناکۆکی یەکانی نێوان گەل ئەژمێردرێن . بە جۆرێکی گشتی ، بناغەی ناکۆکی یەکانی نێوان گەل یەکێتی بنچینەیی دەس کەوتەکانی گەلە .

هـ . س . پ .

ئاکۆکی یەکانی نێوان ئێمەو دوژمنانمان ناکۆکی یەکی سروشت - دوژمنانەیە . بەڵام لە ڕیزەکانی گەلدا ، ئاکۆکی یەکانی ناو گەلی ئیشکەر ناکۆکی یەکە سروشتێکی نادوژمنانەی هەیە ، لەکاتێکدا کە ئاکۆکی یەکانی نێوان چەوسێنراوەکانو چینە چەوسێنەرەوەکان سەرەڕای ئەوەی لای دوژمنانەیان هەیە ، لای نادوژمنانەیشیان هەیە .

ﻫ . س . پ .

لەژیانی سیاسی گەلەکەماندا چۆن ئەتوانین لەوتارو کرداری یەکێکدا ڕاستی وچەوتی لەیەکتری جوێ بکەینەوە؟ لەسەر بناغەی پرانسیپەکانی دەستوری ولاتەکەمانو ، ویستی بەشی هەرەزۆری گەلەکەمانو ، بەپێی ئەو هەڵوێستە ناوکۆیی یە سیاسی یانەی پارتیو کۆمەڵە سیاسی یەکانی وڵات بە گەلێک بۆنەی جوێ جوێوە بلاویان کردۆتەوە ، بە چەشنێکی گشتی بەلای ئیمەوە ئەتوانین ئەم تەرازووانەی لای خوارەوە دابنێین :

(١) ئەبێت وتارو کردار یارمەتی یەک خستنی گەل

بدات بە هەموو نەتەوە جیاوازەکانیەوە ، نەک ببێتە هۆی بڕبڕ کردنیان .

(٢) ئەبێت سوودی گواستنەوەی سۆشیالیستیو تەلاری سۆشیالیستی تێدابێت ، نەک زیانی پێ بگەیەنێت .

(٣) ئەبێت یارمەتی چەسپاندنی دیکتاتۆریتی دیمۆکراتییانەی گەل بدات ، نەک بێڕووخێنێت یا بێ هێزی بکات .

(٤) ئەبێت یارمەتی چەسپاندنی ناوەندێتی دیمۆکراتییانە بدات ، نەک بێڕووخێنێت یا بێ هێزی بکات .

(٥) ئەبێت یارمەتی بەهێز بوونی ڕابەرایەتی پارتی کۆمۆنیست بدات ، نەک لای ببات یالاوازی بکات .

(٦) ئەبێت سوودی یەکێتی جیهانیی سۆشیالیستی ویەکگرتنی گەلانی ئاشتی خوازی دنیای تێدابێت نەک زیانی پێ بگەیەنێت .

گرنگ ترینی ئەم شەش تەرازووە ، تەرازووی ڕێبازی سۆشیالیستیو ڕابەرایەتی پارتییە .

ه . س . پ .

مەسەلەی نەهێشتنی شۆڕشگێڕانی چەواشە ، مەسەلەی خەباتە لەنێوان ئێمەو دوژمندا ، ناکۆکی‌یەکە لــەنێوان ئێمەو دوژمنەکانماندا . لە ڕیزەکانی گەلدا هەندیک کەس هەن ئەم مەسەلەیە بە جۆرێکی کەمێک جیاواز سەیر ئەکەن. دوو جۆرە کەس سەرنج دانیان لەگەڵ هی ئێمەدا جیاوازە؟ ئەوانەی بیرکردنەوەیەکی ڕاست ڕەوانەیان هەیەو خۆمانو دوژمن لەیەک جوێ ناکەنەوەو دوژمنیش بە بەشێک لەگەل ئەزانن و ، زۆر کەسیوا بە دۆست دائەنێن کە جەماوەری فراوان دەق بە دوژمنیان ئەژمێرێت. ئەوانەی بیرکردنەویەکی « چەپ ڕەوانە » یان هەیە ، ناکۆکی‌یەکانی نێوان خۆمان ودوژمن هێندە زلو گەورە ئەکەن هەندێک لە ناکوکی‌یەکانی نێوان گەلیش بــە هی نێوان گەلو دوژمنەکانی دائەنێن و هەنایێک کەس بە شۆڕشگێڕی چەواشە لــە قەڵەم ئەدەن ڕاستی‌یەکەی شۆڕشگێڕی چەواشە نین . ئەم دوو جۆرە سەیرکردنە هەردوو کیان چەوتن . وە هیچ کامێکیان نــە ئەتوانن مەسەلەی ڕاســت چارەسەرکردنی نەهێشتــنی شۆڕشگێڕانی چەواشە بەرنە سەر ، وە نە بە ڕاستی ئەنجامی

کارەکانمانیان لەم مەیدانەدا پێ هەڵئەسەنگێنرێت .

ﻫ . س . پ

ئەو ناکۆکیانەی لە ڕووی چۆنایەتی‌یەوە جیاوازن تەنیا هەر لەو ڕێگایانەوە چارە سەر ئەکرێن کە لــە ڕووی چۆنایەتی‌یەوە جیاوازن . وەکوو ئەوەی ، ناکۆکی نێوان پرۆلیتاریاو بۆرجوازی لە ڕێگەی شۆڕشی سۆشیالیستی‌یەوە چارەسەر ئەکرێت و ، ناکۆکی نێوان جەماوەری فراوانی گەل وسیستەمی، فیوداڵی لە ڕێگەی شۆڕشی دیمۆکراتی‌یەوە چارەســەر ئەکرێتو ، ناکــۆکی نێوان کۆلۆنی‌یەکان و ئیمپریالیزم لە ڕێگەی جەنگی نەتەوەیی شــۆڕشگێڕانەوە چارەسەر ئەکرێت ، ناکۆکی نێوان چینی کرێکار وچینی جوتیار لە کۆمەڵی سۆشیالیستی‌دا لە ڕێگەی کردنی کشتوکاڵ بەکشتوکاڵێکی هاوبەشی وماکیناوی‌یەوە چارەسەر ئەکرێت، ناکۆکی ناو ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیست لە ڕێگەی ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆ گرتنەوە چارەسەر ئەکرێت ، ناکۆکی نێوان کۆمەڵ وسروشت لە ڕێگەی گەشە پێ کردنی هێزە بەرهەم ـ

هێنەکانەوە چارە سەرئەکرێت .... پرانسیپی بەکارهێنانی ڕێگەی جیاواز بـــۆ چارەســـەر کردنی ناکۆکی جیاواز شتێکە ئەبێت مارکسی یە لینینی یەکان بـــە وردی پەیڕەوی بکەن .

« لـــەمەڕ ناکۆکی » ( ئابی ١٩٣٧ ) ،

ن ، هـ ، ب ١

لەبەر ئەوەی ناکۆکی یەکانی نێوان ئێمە ودوژمنەکانمان وناکۆکی یەکانی نێوان گەل لە ڕووی ســـروشتیانەوە لـــە یەکتری جیاوازن ، بۆیە ئەبێت ڕێگەی جیاوازیش بگیرێت بـــۆ چارەسەرکردنیان . بەکـــورتی ، جۆری یەکـــەمی ناکۆکی یەکان بەندە بە دیاری کردنی سنوورێکی ئاشکراوە لە نێوان خۆمانو دوژمندا ، وە جۆری دووەمیشیان بەندە بە دیاری کردنی سنوورێکی ئاشکرارە لـــە نێوان ڕاست وچەوتدا . بێ گومان دیارە ، کە مەسەلەی جیاکردنەوەی ئێمە لە دوژمن دیسان ئەویش مەسەلەی ڕاست وچەوتە . بۆ نموونە ، مەسەلەی کێ ڕاستە ئێمە یا کۆنەپەرستە خۆماڵی

وبیگانەکان ، ئیمپریالیستەکانو فیۆداڵەکانو سەرمایەدارە بیرۆکراتەکان ، ئەمیش هەر مەسەلەی ڕاست وچەوتە ، بەڵام ئەمانە چەشنێکی جیاوازن لـە مەسەلەی ئەوڕاستیو چەوتی‌یەی لە نێوان گەلدایە .

«لەمەڕ ڕاست چارەسەر کردنی ناکۆکی‌یەکانی نێوان گەلی » ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

تاکە ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی ئـەو مەسەلانەی کـە سروشتێکی ئایدیۆلۆجی‌یان هەیە یا هێشتا خەڵک لە سەری ڕێک نـەکەوتوون ، ڕێگەی دیمۆکراتی‌یانەیە ، ڕێگەی گفتوگۆو ڕەخنەگرتن و ، تێ گـەیاندن وفێرکردنە ، نەک ڕێگەی زۆر لێ کردنو سەرپێ دانەواندن .

هـ . س . پ .

گەل بۆ ئەوەی بتوانێت بـە چاکی کاروباری بەرهەم هێنان وخوێندن جێ‌بەجێ بکات وژیانی خۆی بەتایبەتی ڕێک بخات ، داوا لە حکومەتەکەیو کار بـەدەستانی

بـــەرهەم‌و ڕێکخراوەکانی فەرهەنگی‌و پەروەردەکردن ئەکات ، فەرمانی هەڵسووڕێنەری بەجێ دەربکەن کــە جێ‌بەجێ کردنی ناچاری بێت . هەموو کەس ئەزانیت لــە توانادا نی‌یە ئاسایشی گشتی بپارێزدرێت بە بێ ئەم چەشنە فەرمانەهەڵ ســووڕێنەری‌یانە . فەرمانی هەڵسوڕێنەری‌و ڕێگەی تێ گەیاندن وپەروەردەکردن تەواوکەری یەکترین لە چارە سەرکردنی ناکۆکی یەکانی نێوان گەلدا . تەنانەت فەرمانی هەڵسووڕێنەری کە بەنیازی پاراستنی‌ئاسایشی گشتی دەرئەکرێت ، ئەبێت لەگەڵ تێ گەیاندن‌و پەروەردەکردندا پێکەوە بکرین ، چونکە گەلێک جــار فەرمان‌دانی هەڵسووڕێنەریش بەتەنیا هیچ سوودێکی نی‌یە .

هـ . س . پ .

هیچ چارەنی‌یە بــۆرجوازی‌و وردە بۆرجوازی‌یەکان ئایدیۆلۆجی خۆیان هەر دەرئەبڕن . هیچ چارەیش نی‌یە ئەمانە لاساراندە بابەت مەسەلە سیاسی‌و ئایدیۆلۆجی‌یەکانەوە یە هەر جۆرێکی بۆیان بلوێت ڕەئی خۆیان دەرئەبڕن .

ناتوانین لەمە بەولاوە هیچ شتێکی کەیان لێ چاوەڕوان بکەین . نابێت ئێمە ڕێگەی دەمکوت کردنیان بگرین و نەهێڵین ڕەئی خۆیان دەرببڕن . بگرە ئەبێت ماوەیان بدەین خۆیان دەربخەن‌و لە هەمان کاتیشدا پیلەبازی‌یان لەگەڵ بکەین‌و ڕەخنەی بەجێ‌یان ئاراستە بکەین . ئەبێت ئێمە ڕەخنە لە هەموو چەشنە بیروڕایەکی چەوت بگرین‌و ، بێ گومان ڕاست نی‌یە کە واز لە ڕەخنەگرتن بهێنین و گوێی خۆمان لە ئاستی بیروباوەڕی چەوتدا کەڕ بکەین‌و لێی بگەڕێین مەیدان بۆخۆی تەرخان بکات . هەڵە ئەبێت ڕەخنەی لێ بگیرێت‌و ، گژوگیای ژەهراویش لە هەر جێیەک ڕووان ئەبێت هەڵ بکەنرێن . بەڵام ئەم ڕەخنە گرتنە نابێت دۆگماتیکی بێت وەنابێت ڕێگەی میتافیزیکی تێدا بەکار بهێنرێت ، بگرە ئەبێت هەوڵ بدەین کەڕێگەی دیالێکتیکی بەکار بهێنین . پێویست شی‌کردنەوەی زانستی‌یانەو بەڵگەی ڕاست‌و پڕ سەلمێنەرە .

هـ . س . پ .

ڕەخنە گرتن لە کەم‌و کوڕی‌یەکانی گەل شتێکی پێویستە . . .

بەلام کەئەمە ئەکەین ئەبێت بەڕاستی جێی گەل بگرین و لە کانگای دڵەوە بە پەرۆشەوە قسە بکەین بۆ ئەوەی گەل بپارێزین و پێی بگەیەنین . ئەگەر لەگەڵ هەڤاڵاندا وەک دوژمن بجوولێینەوە ئــەوە ئەگەیەنێت چووبینەتە ڕیزی دوژمن .

«دووان لەکۆڕی ئەدەب و هونەردا لە یەنان»
( مایسی ١٩٤٢ ) ، ن . ه ، ب ٣

ناکۆکی و خەبات جیهان گرەوەو بێ سنوورن ، بەلام ڕێگەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان ، واتە شێوەکانی خەبات ، بــە پێی ئــەو جیاوازییانەی لــە سروشتی ناکۆکییەکاندا هەن ئەوانیش ئەگۆڕێن . هەندێک ناکۆکی بــە ســـروشتی دوژمنانەی ئاشکرایاندا ئەناسرێنەوەو ، هەندێکی کەیان وانین . بەپێی گەشە کردنی دیاری کراوی شتەکان بڕێک لەو ناکۆکییانەی کەلە سەرەتاوە نادوژمنانەن ئەگۆڕێن بە ناکۆکی دوژمنانە ، کەچی هەندێکی کەیان کەوا لەسەرەتاوە دوژمنانەن ئەگوڕێن بەناکۆکی نادوژمنانە .

« لەمەڕ ناکۆکی » ئابی ١٩٣٧ ) ، ن.ه، ب ١

لە باری ئاسایی‌دا ، ناکۆکی‌یەکانی نێوان گەل دوژمنانە نین . بەڵام ئەگەر بە چەشنێکی بەجێ چارە سەرنەکران یا ئەگەر ئێمە کەم تەرخەمی مان کردو پارێزگاریمان کەم کردەوەو گوێی خۆمان لێ خەوان ، لەوانەیە دەژمنایەتی لێ پەیدا ببێت . لە وڵاتێکی سۆشیالیستی‌دا ، گەشە کردنێکی بەم جۆرە تەنیا فیزۆ مینایەکی ناوچەیی و کاتی‌یە ، چونکە سیستەمی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە لەناوبراوەو دەس کەوتەکانی گەل لەبنچینەدا هەموویەکن .

«لەمەڕ ڕاست چارەسەرکردنی ناکۆکی‌یەکانی نێوان گەل» ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

لە وڵاتی ئێمەدا ، ناکۆکی‌یەکانی نێوان چینی کرێکارو بۆرجوازی نیشتمانی لە چەشنە ناکۆکی‌یەکانی نێوان گەلن . بەگشتی خەباتی چینایەتی نێوان‌چینی کرێکارو بۆرجوازی نیشتمانی بەشێکە لە خەباتی چینایەتی ناو ڕیزەکانی گەل ، چونکە لە وڵاتی چین‌دا بۆرجوازی نیشتمانی چینی سروشتێکی دوولانەی هەیە . لەسەردەمی شۆڕشی دیموکراتی

بۆرجوازیدا سروشتی هەم شۆڕشگێڕانەو هەم لایەنگری ڕێکەوتنیش بوو . لە سەردەمی شۆڕشی سوشیالیستیدا چەوساندنەوەی چینی کرێکار بۆ دەس کەوتی خۆی لایەکی سروشتی بۆرجوازی نەتەوەییە ، لە کاتێکدا کە لایەنگری دەستوورو پەسەندکردنی گواستنەوەی سۆشیالیستیش لایەکەی کەیەتی . بورجوازی نەتەوەیی جیایە لە ئیمپریالیستەکانو ، زەوی دارەکانو سەرمایەدارە بیرۆکراتەکان . ناکۆکی نێوان بۆرجوازی نەتەوەییو چینی کرێکار ناکۆکییەکە لە نێوان چەوسێنەرەوەو چەوساوەدا ، لەبەر ئەوە سروشتێکی دوژمنانەی هەیە ، بەلام لە باری تایبەتی ( ولاتی ) چیندا ، ئەگەر ئەم ناکۆکییە چینایەتییە دوژمنانەیە ژیرانەو بەڕاستی یەکالابکرێتەوە ئەتوانرێت بگۆڕدرێت بە ناکۆکییەکی نادوژمنانەو لە ڕێی ئاشتییەوە چارەسەربکرێت . بەلام ئەم ناکۆکییەمان ژیرانەو بەڕاستی چارەسەرنەکردو ، بەرامبەر بە بۆرجوازی نەتەوەیی سیاسەتی یەکگرتنو ڕەخنە لێ گرتنو پەروەردە کردنمان نەگرت ، وە یاخود ئەگەر ئەو ئەم سیاسەتەی ئێمەی پەسند نەکرد ،

ئەوا لەوانەیە ئەوسا بگۆڕێت بە ناکۆکی نێوان ئێمەو دوژمن .

هـ . س . پ

یاخی بوون دژی شۆڕش ساڵی ١٩٥٦ لە هەنگاریادا ، مەسەلەیەك بوو کە کۆنە پەرستەکانی ناو وڵاتێکی سۆشیالیستی ویستیان بەدەس تێکەڵاو کردن لەگەڵ ئیمپریالیستەکان ئامانجی پیلان گێڕانەی خۆیان بهێننە دی ، بە کەڵك وەرگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوان گەل ، بە هاندان بۆ ئاژاوە نانەوەو پشێوی دروست کردن . پەندی ڕووداوەکانی هەنگاریا شایانی سەرنج لێدانە .

هـ . س . پ

## ٥ ـ جەنگ و ئاشتی

جەنگ بەرزترین جۆری خەباتە بـۆ چارەسەر کردنی ناکۆکی یەکان ، لەکاتێکدا کە ئەگەنە پلەیەکی تایبەتی لەنێوان چینەکان و ، نەتەوەکانو ، دەوڵەتەکانو ، کۆمەڵە سیاسی یەکاندا. وە لەوساوە کە خاوەنێتی تایبەتیو چینەکان پەیدا بوون ئەویش پەیدا بووە .

« گیرو گرفتە سـتراتیجی یەکانی جـەنگی شۆڕشگێڕانەی چین»(کانونی یەکەمی ١٩٣٦)

ن . هـ ، ب ١

«جەنگ دریژەکێشانی سیاسەتە» جەنگ بەم تێ گەیشتنە سیاسەتەو ، جەنگ خۆیشی کارێکی سیاسی یە ؛ لە سەردەمانی زۆر کۆنەوە هەرگیز جەنگێک هـەڵ نەگیرساوە کـە

ـسروشتێکی سیاسی نەبووبێت ....

بـەڵام جەنگ پێناسـی تایبەتی خۆیشی هـەیە وبەم تێ گەیشتنە لەگەڵ سـیاسەتدا بەگشتی پێکەوە ناکرێت لەیەک ڕیزدا دابنرێن . « جەنگ درێژە کێشانی سیاسەتە بەڵام لە ڕێگایانی کەوە . » جا کاتێک کەسیاسەت ئەگاتە قۆناغێکی دیاری کراوی وا کە ئیتر ناتوانێت بـە ڕێگەی ئاسایی گەشە بکات ، جەنگ هـەل ئەگیرسێت تا ئەو کۆسپانە ڕابماڵێت کە بەریان گرتووە .... کە کۆسپەکە لابراو سیاسەت بـە ئامانجی خۆی گەیشت ، جەنگ ڕا ئەوەستێنرێت . بەڵام ئەگەر کۆسپەکە بە تەواوی ڕانەماڵرا ، واجەنگەکە ئەبێت درێژە بکێشێت تائامانجەکەی بە تەواوی دێتە دی .... لەبەر ئەوە ئەتوانرێت بوترێت کە سیاسەت جەنگە بێ خـوێن ڕشتن وە جەنگیش سیاسەتێکە بـە خوێن ڕشتنەوە .

« لەمەڕ جەنگی درێژ خایەن » ( ئایاری ١٩٣٨ ) ، ن . هـ ، ب ٢

مێژوو دەری خستوە کە جەنگ ئەبێت بە دوو چەشنەوە، ڕەواو ناڕەوا . جا هەموو جەنگە پێش کەوتن خوازەکان ڕەوان ، بەڵام ئەو جەنگانەی کە بەر لە پێش کەوتن ئەگرن هەموویان ناڕەوان . ئێمەی کۆمۆنیست بەرهەڵستی هەموو ئەو جەنگە ناڕەوایانە ئەکەین کە تەگەرە لە پێش کەوتن ئەدەن بەڵام بەرهەڵستی جەنگە پێش کەوتووانەو ڕەواکان ناکەین . وە ئێمەی کۆمۆنیست هەر بە بەرهەڵستی نەکردنی جەنگە ڕەواکانەوە داناکەوین ، بگرە چالاکانە هاو بەشی یەکی کاریگەریشی تێدائەکەین . بۆ نموونە کۆمۆنیستەکانی هەموو دنیا زۆر بە توندی بەرهەڵستی یەکەم جەنگی جیهانی یان کرد کە لەچەشنی جەنگە ناڕەواکان بوو ، چونکە هەردوولا لەسەر دەس کەوتی ئیمپریالیستی چوو بوون بە گژ یەکدا . وە ڕێگەی بەرهەڵستی کردنی ئەم چەشنە جەنگانەیش ئەوەیە کە هەرچی لە توانادایە بکرێت بۆ یەکێ خستنی پێش ئەوەی هەڵ بگیرسێت ، وە کە هەڵ گیرسایش بەرهەڵستی کردنی جەنگە بە جەنگ ، واتە بەرهەڵستی کردنی جەنگی

ناڕەوا بە جەنگی ڕەوا هەرچەن بتوانرێت .

هـ . س . پ .

لە کۆمەڵانی چین چین‌دا شۆڕش وجەنگی شۆڕشگێڕانە شتێکی ناچاریـن ، وە بەبێ ئەمانە لـە توانادا نی‌یە لـە گەشەکردنی کـۆمەڵایەتی‌دا هیچ بازێک بدرێت و ، چینە کۆنە پەرستە کاربەدەستەکان سەرەونگون بکرێن ، بۆیە لە توانای گەلدا نابێت کە دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەس .

« لەمەڕ ناکـۆکی » ( ئابی ١٩٣٧ ) ،
ن . هـ ، ب ١

جەنگی شۆڕشگێڕانـە ئانتی ـ توکسینێکە نەک هـەر ژەهری دوژمن پەکی ئەخات ، بگرە خۆیشمان لـە پیسی وچەپەڵی پاک ئەکاتەوە . هەموو جەنگێکی شۆڕشگێڕانەی ڕەوا وزەیەکی ئەوەندە مـەزنی تێدایە ئەتوانێت زۆر شت بگۆڕێت یا ڕێگە بۆ گۆڕینی پاک بکاتەوە . جەنگی چینی ـ ژاپۆنی هەم چین ئەگۆڕێت و هەم‌ژاپۆن ، بەو مەرجەی چین بەردەوام بێت لەسەر جەنگی بەرگری و لەسەر بەرەی

یەکگرتوو ، بێگومان ژاپۆنی کۆن ئەگۆڕێت بە ژاپۆنێکی نوێو چینی کۆن ئەگۆڕێت بە چینێکی نوێ و ، خەڵکو هەموو شتێک لە هەردوو وڵاتەکەدا چ لە ماوەی جەنگ وچ لە دواییدا ئەگۆڕێن وقاڵ ئەبن .

« لەمەڕ جەنگی درێژخایەن » ( ئایاری ١٩٣٨ ) ، ن . هـ ، ب ٢

هەموو کۆمۆنستێک ئەبێت بەچاکی پەی بەم ڕاستی‌یە ببات کە ، « دەسەڵاتی سیاسی لەلوولەی تفەنگەوە دێتە دەرێ »

« گیروگرفتەکانی جەنگو ستراتیجی » (٦ی تشرینی دووەمی ١٩٣٨ ) ، ن . هـ ، ب ٢

دەس بەسەردا گرتنی دەسەڵات بە هۆی هێزی چەکدارو ، چارەکردنی مەسەلەکان لە ڕێگەی جەنگەوە ، ئەرکی ناوەندی وبەرزترین جۆری شۆڕشە . ئەم پرانسیپە مارکسی‌یە لینینی‌یە لەمەڕ شۆڕش هەموو شوێنێک ئەگرێتەوە ، چ چین و چ وڵاتانی کەی دنیا .

هـ . س . پ .

شتێکی لەدەس دێت » ، بەڵێ ئێمە لایەن گری ئەوەین کە جەنگی شۆڕشگێرانە هەمو شتێکی لـــە توانادا هەیە ، وە ئەمەیش چاکە ، نەکێ خراپ ومارکسی یانەیشە.تفەنگەکانی پارتی کۆمۆنیستی ڕووسی سۆشیالیزمی دامەزارند . ئێمەیش ئەبێت کۆمارێکیدیمۆکراتی دابمەزرێنین ، تەجروبەی خەباتی چینایەتی ســـەردەمی ئیمپریالیزم فێرمان ئەکات کـــە چینی کرێکارو جەماوەری ڕەنجدەر تەنیا بە هێزی چەکێ ئەتوانن بۆرجوازیو زەویدارە چەکدارەکان ببەزێنن ؛ بەم تێ گە- یشتنە ئەتـــوانین بڵێین کـــە دنیا هـەر بـە زەبری تفەنگێ ئەگۆڕدرێت .

« گیروگرفتەکانی جەنگێو ستراتیجی » (٦ی تشرینی دووەمی ١٩٣٨ ) ، ن . ه ، ب ٢

ئێمە لایەن گری نەهێشتنی جەنگین، جەنگیشمان ناوێت، بەلام جەنگێ هەربە هـۆی جەنگەوە لەناو ئەبرێت ، وە بۆ ئەوەی لە تفەنگێ ڕزگارمان ببێت پێویستە تفەنگێ هەڵ بگرین •

ه . س . پ

جەنگێ ، ئەم دێوە دڕندەیەی مایەی یەکتری کوشتنی خەڵکە ، لە ئەنجامدا بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە هەر لەناو ئەبرێت و ، تەنانەت پاشە ڕۆژێکی دووریش ناخایەنێت . بەڵام بۆ نەهێشتنی جەنگ هەر تەنیا ڕێگەیەک هەیە ئەویش ڕێگەی بەرهەڵستی کردنی جەنگە بە جەنگ و ، ڕێگەی بەرهەڵستی کردنی جەنگی دژی شۆڕش بە جەنگی شۆڕشگێڕانەو ، بەرهەڵستی کردنی جەنگی نیشتمانی دژی شۆڕش بە جەنگی نیشتمانی شۆڕشگێڕانەو ، بەرهەڵستی کردنی جەنگی چینایەتی دژی شۆڕش بە جەنگی چینایەتی شۆڕشگێڕانە .... وە ئەو دەمەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەگاتە ئەو شوێنەی کە چینەکانو دەوڵەتەکانی تێدا نامێنێت ، ئیتر جەنگیش نامێنێت ، نەجەنگی دژی شۆڕشو نە جەنگی شۆڕشگێڕانە، نەڕەواو نەناڕەوا ، ئەوە چەرخی هەتا هەتای ئاشتی ئادەمیزاد ئەبێت . ئێمە کە لە یاساکانی جەنگی شۆڕشگێڕانە ئەکۆڵینەوە سەبارەت بەوەیە کە حەز ئەکەین هەموو جۆرە جەنگێک نەهێڵین ، ئالێرەدا جیاوازی نێوان ئێمەی کۆمۆنیست و چینە چەوسێنەرەوەکان دەرئەکەوێت .

« گیرو گرفته ستراتیجی‌یه‌کانی جه‌نگی شۆڕشگێڕانه‌ی چین» (کانونی یه‌که‌می ١٩٣٦)

ن . ه، ب ١

ولاتی ئێمه‌و هه‌موو ولاتانی سۆشیالیستی تریش ئاشتی‌یان ئه‌وێت ، وه هه‌روه‌ها گه‌لانی هه‌موو ولاتانی تری دنیایش . ئه‌وانه‌ی که بێزوو به شه‌ڕه‌وه ئه‌که‌ن‌و ئاشتی‌یان ناوێت ته‌نیا ئه‌و تاقمه سه‌رمایه‌داره مۆنۆپۆلی‌یانه‌ی چه‌ن ولاتێکی ئیمپریالیستین که ده‌س که‌وتیان به‌نده به ده‌س درێژی‌یه‌وه .

« وتاری کردنه‌وه‌ی هه‌شته‌مین کۆنگرێسی نه‌ته‌وه‌یی پارتی کۆمۆنیستی چین » (١٥ ئه‌یلولی ١٩٥٦)

بۆ به‌دی هێنانی ئاشتی‌یه‌کی جیهانی‌ی هه‌میشه‌یی، ئێمه ئه‌بێت زیاتر گه‌شه بده‌ین به‌دۆستایه‌تی و هاوکاریمان له‌گه‌ڵ ولاته براکانی کامپی سۆشیالیستی‌داو ، یه‌کگرتنی خۆمان به‌هێزتر بکه‌ین له‌گه‌ڵ هه‌مو ولاته ئاشتی خوازه‌کاندا . ئێمه ئه‌بێت تێ بکۆشین بۆ دامه‌زراندنی په‌یوه‌ندی ئاسایی سیاسی،

لەسەر بنچینەی ڕێز گرتنی یەکێتی و وڵات و سیادەی یەکتری و ،
وەک یەکی و دەس کەوتی ناو کۆیی لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانەدا
کە ئەیانەوێت بە ئاشتی پێکەوە بژین . ئێمە ئەبێت یارمەتی
چالاکانەی سەربەخۆیی نیشتمانی وبزوتنەوەی ڕزگاری
خوازانەی وڵاتانی ئاسیا ، ئەفریقا وئەمریکای لاتین بدەین و
هەروەها هی بزوتنەوەی ئاشتی و خەباتی ڕەوای هەموو ولاتانی
دنیایش .

هـ . س . پ .

بەڵام لەبارەی وڵاتانی ئیمپریالیستی یەوە ، پێویستە لەتەک
گەلانی ئەم وڵاتانەدا یەک بگرین و ، تەقەلابدەین بە ئاشتی
پیکەوە بژین و ، مامەڵەیان لـەگەڵ بکەین وە بەری هەڵ
گیرسانی شەڕ بگرین . بەڵام نابێت لە هیچ کاتێکدا ماوە بە
بیرورای ناڕاست بدەین لەبارەی ئەم وڵاتانەوە جێ بگرێت
لە مێشکماندا .

«لەمەڕ ڕاست چارە سەرکردنی ناکۆکی یەکانی
نێوان گەل » ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

ئێمە حەزمان لە ئاشتی یە . بەڵام ئەگەر ئیمپریالیزم هەر سوور بوو لەسەر هەڵ گیرساندنی جەنگ ، هیچ چارەیەکی ترمان نی یە لەوە بەولاوە کە ئەبێت بڕیاری شەڕ کردنی هەتا دوایی بدەین ، ئەوجا لە پاشدا دەس بکەینەوە بە بنیات نان . ئەگەر هەمیشـــە لـە ترسی ئەوەدابین کـــە جەنگ هـەڵ ئەگیرسێت ، ئەی کـــە لەپڕ هەڵ گیرسا چی ئەکەیت ؟ لە پێش تردا وتم کەبای خۆرهەڵات بەسەر بای خۆرئاوادا زاڵ ئەبێت و جەنگ هەڵ ناگیرسێت و ، ئیستەیش ئەم ڕوون کردنەوانەی ئەخەمە سەر لەبابەت هەڵوێستەوە لەو کاتەدا جەنگ هەڵ ئەگیرسێت ، بەم جۆرە حساب بـۆ هەردوو ئیحتیمالەکە ئەکەین .

دووانێیک لە کۆبوونەوەی پارتی یە کۆمۆنیست
وکرێکاری یە کاندا لەمۆسکۆ ( ١٨ ی تشرینی
دووەمی ١٩٥٧ )

گەلان لـە سەرانسەری دنیادا ئەمڕۆ مقۆ مقۆی ئەوەیانە کە ئاخۆ سێیەم جـەنگی جیهانی هەڵ ئەگیرسێت یانە ؟

ئێمەیش ئەبێت لەم بارەیەوە مێشکێ ئامادە بکەین و هەندێک شی کردنەوەیش بەجێ بهێنین . ئێمە بە توندی لایەنی ئاشتی ئەگرین و دژی جەنگین . بەڵام ئەگەر ئیمپریالیستەکان هەر سوور بوون لەسەر هەڵگیرساندنی جەنگێکی تر نابێت ئێمەیش لێی بترسین . هەڵوێستمان لەمەیشدا . وەکوو هەڵوێستمان وایە بەرامبەر بە هەموو ئاژاوەیەک : یەکەم ، ئێمە دژی ئەبووین ، دووەم ، ئێمە لێی ناترسین . یەکەم جەنگی جیهانی لەدایک بوونی یەکێتی سۆڤێتی لەدوو بوو بە دانیشتوانێکی ٢٠٠ میلیۆن کەسیەوە و دووەم جەنگی جیهانیش پەیدابوونی کامپی سۆشیالیستی لەدوو بوو بە دانیشتوانیکی ٩٠٠ میلیۆن کەسیەوە . جا ئەگەر ئیمپریالیستەکان هەر سوور بوون لەسەر هەڵگیرساندنی سێیەم جەنگی جیهانی ، شتێکی بێ گومانە کە ئەوسایش سەدان میلیۆن خەڵک دێنە پاڵ سۆشیالیزم و ، تەنیا بەشێکی بچووکی جیهان بەدەس ئیمپریالیزمەوە ئەمێنێت ، بگرە لەوانەیە کە هەموو تەلاری ئیمپریالیستی هەرەس بهێنێت .

«لەمەڕ ڕاست چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی

نێوان گەل » ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

ئاژاوەنانەوە ، ئەوجا ژێر کەوتن ، دیسانەوە ئاژاوەنانەوە ، سەر لەنوێ ژێر کەوتن .... تا مردن و لەناو چوون ، ئەوەیە لۆجیکی ئیمپریالیستەکان و هەموو کۆنەپەرستانی دنیا لە مەسەلەی گەلدا ، وە هەرگیز بە پێچەوانەی ئەم لۆجیکە ناجوولێنەوە . ئەمە یاسایەکی مارکسییە . جا ئێمە کە ئەڵێین « ئیمپریالیزم زۆر دڕندەیە » ، مەبەستمان ئەوەیە کە سروشتەکەی هەرگیز ناگۆڕێت و ، ئیمپریالیستەکان هەرگیز کێردە قەسابییەکەیان فڕێ نادەن و نابن بە بودا ، تا ڕۆژی مردن .

خەبات ، ئەوجا ژێر کەوتن ، دیسانەوە خەبات ، سەر لەنوێ ژێر کەوتن ، دیسانەوە خەبات .. تا سەرکەوتن ، ئەمەیە لۆجیکی گەل ، ئەمانیش هەرگیز بە پێچەوانەی ئەم لۆجیکە ناجوولێنەوە . ئەمەش یاسایەکی کەی مارکسییە . شۆڕشی گەلی ڕووس پەیڕەوی ئەم یاسایەی کرد ، هەروەها شۆڕشی گەلی چینیش .

« واهیمە تور بدەن و خۆتان ئامادە بکەن
بۆ خەبات » (١٤ ی ئابی ١٤٤٩) ، ن.ه، ب٤

ئێمە هەر لەبەر ئەوەی سەرکەوتووین ، نابێت هەرگیز هۆشیاری خۆمان خاو بکەینەوە لە ئاستی پیلان و فێڵە هارانەی ئیمپریالیزم و سەگە ڕاستکراوەکانیدا بۆ تۆڵە سەندن . هەرکەس هۆشیاری خۆی خاو بکاتەوە لە ڕووی سیاسی یەوە خۆی چەک ئەکات و جڵەوی دەس پێش کەری لە دەس دەر ئەچێت .

« دووانێک لە کۆمیتەی ئامادەکەری کۆنفرەنسی ڕاوێژی سیاسی تازەدا » (١٥ ی حوزەیرانی ١٩٤٩) ، ن . ه ، ب ٤

ئیمپریالیستەکان و سەگە ڕاستکراوەکانیان ، کۆنەپەرستانی چینی ، بەو شکانە دەس هەڵ ناگرن کە لە خاکی چیندا تووشیان بووە . بگرە لە هەر ڕێیەکەوە بۆیان بکرێت لەسەر پیلانەو تەگبیری خۆیان ئەڕۆن دژی گەلی چین . بۆ نموونە ، نۆکەرەکانیان بەدزی یەوە ئەنێرنە چین بۆ ئەوەی

تۆوی ناکۆکی بچێنن و ئاژاوە بنێنەوە . ئەمە شتێکی بێ گومانە ، چونکە هەرگیز ئەم جۆرە چالاکیانەیان لەبیر ناچێت . نموونەیەکی تر ، ئیمپریالیستەکان هانی کۆنەپەرستانی چین ئەدەن ، یا تەنانەت هێزەکانی خۆیشیان ئەنێرن بۆ ئابلۆقەدانی بەندەرەکانی چین . هەتا لە توانایاندا بێت ئەمە ئەکەن . سەررەرای ئەمە ، ئەگەر هەر سەریشیان لە سەرچلی بخورێت ئەوا هەندێک لە هێزەکانیان ئەنێرن بۆ دەستدرێژی وهەراسانکردنی سنوورەکانی چین ، تەنانەت ئەمەشن بە دوور نازانرێت . جا ئەبێت هەموو ئەمانەمان بەچاکی لە پێش چاو بێت .

هـ . س . پ .

دنیا هەر لە پێش کەوتندایەو پاشە ڕۆژ ڕووناکە ، هیچ کەس ناتوانێت ئەم شارێ گشتی یەی مێژوو بگۆڕێت . ئەبێت ئێمە هەمیشە لەسەر پروپاگاندە کردنی بڕۆین لە ناو گەلدا لەبابەت ڕاستی پێش کەتنی دنیاو ڕووناکی ئەو پاشەڕۆژەوە کەلە پێشە ، تاوەکوو باوەڕی بەسەرکەوتنی پتەو بێت .

« لەمەڕ وتووێژی چۆنگ کینگ » ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ ) ، ن . ه ، ب ٤

هەموو فەرماندەو جەنگاوەرەکانی لەشکری ڕزگاری گەلی چین بە هیچ جۆرێک نابێت بهێڵین ئەوەندەی تۆزقاڵێک ویستی شەڕکردنیان خاو ببێتەوە ، هەر بیرکردنەوەیەک کەوا ویستی شەڕکردن خاو بکاتەوەو دوژمن بەکەم دابنێت شتێکی هەڵەیە .

« ڕاپۆرتێک بۆ دووەمین پلینۆمی حەوتەم کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین »
( ٥ی مارتی ١٩٤٩ ) ن . ه ، ب ٤

## ٦ـ ئیمپریالیزم وهەموو کۆنەپەرستان پلنگی کاغەزین

دەموو کۆنەپەرستان پلنگی کاغەزین . کۆنەپەرستەکان بە دیمەن بە سامن ، بەلام لە راستیدا ئەوەندە بە هێز نین . وە ئەگەر بە دووربینی سەرنج بدەین ، ئەبینین ئەوەی بەراستی هێزدارە گەلە نەکێ کۆنەپەرستەکان .

«دووانێکی لەگەڵ رۆژنامە نووسی ئامریکائی ئانا لویس ستروّنگ» ( ئابی ١٩٤٦ ) ،

هەروەکوو لە جیهاندا هیچ شتێک نییە سەروشتێکی دووانەی نەبێت ( ئەمە یاسای یەکێتی دژەکانە ) ، هەر بەو

جۆرە ئیمپریالیزم وهەموو کۆنەپەرستانیش سروشتێکی
دووانەیان هەیە ـ ئەوانە هەم پڵنگی ڕاستەقینەن وهەم پڵنگی
کاغەزیشن . لە مێژووی ڕابوردوودا ، چینی خاوەن بەندە
وچینی فێودالی زەوی‌دار وبۆرجوازی‌یەکان بەر لەوەی
دەسەلاتی دەولەت بگرنەدەس وتاماوەیەکی دوایی‌تریش ، بە
توانا و پڕ بزوتن و شۆڕشگێڕ وپێش کەوتوو بوون ، پڵنگی
ڕاستی بوون . بەلام بە تێپەڕ بوونی زەمان ، بە هۆی
ئەوەوە کە دژەکانیان ـ چینی بەندە ، چینی جوتیارو
پرۆلیتاریا ـ هەنگاو بە هەنگاو بونە هێزتر بوونەو
خەباتیان تا ئاهات توندوتیژ ئەبوو دژیان ، ئەم چینە کار
بەدەستانە بەرە بەرە بە پێچەوانەوە گۆڕانو بوون بە
کۆنەپەرست و بەجێ ماوو دواکەوتوو ، وە گۆڕان بە پڵنگی
کاغەزی . لە ئەنجامدا لەلایەن گەلانەوە سەرەونگون کراتن
وە یان ئەکرێن . چینە کۆنەپەرست و دواکەوتووە ڕزیوەکان
ئەنانەت لە خەباتی ژیان و مردنیشیاندا بەرامبەر بەگەل ئەم
سروشتە دووانی‌یەی خۆیان ئەپارێزن . لەلایەک پڵنگی
ڕاستەقینەن ، گەلان ئێک ئەشکێنن ، بەمیلیۆنە هاو بەدەیان

میلیۆن خەڵک تێک ئەشکێنن . مەسەلەی خەباتی گەل بەسەردەمێکی سەخت و پڕمەینەتیدا تێپەڕیوەو ، بە ڕێگەیەکی پڕ پێچ و هەورازو نشێودا ڕۆیوە . لە پێناوی شکاندنی حۆکمی ئیمپریالیزم ، فیۆدالیزم و سەرمایەداری بیرۆکراتیدا گەلی چین پتر لە سەدسالێ ویست و بەدەیان میلیۆن گیانی بەخت کرد ، بەرلەوەی سەرکەوتنی سالی ١٩٤٩ی دەس بکەوێت . سەیربکەن ! ئایا ئەمانە پڵنگی زیندوو ، پڵنگی پۆلایین و ، پڵنگی ڕاستەقینە بوون ؟ بەلام لە ئەنجامدا بوون بە پڵنگی کاغەزی و ، پڵنگی مردارەوەبوو ، پڵنگی ئاردەلووکە . ئەمانە هەموو ڕاستی مێژوویین . ئایا خەڵک لەبابەت ئەم ڕووداوانەوە هیچی نەدیوە یانەبیستوە ؟ هەزارانوە دەیانهەزار لەمانە ڕوویداوە ! هەزاران و دەیان هەزار ! لەبەر ئەمە پێویستە ئیمپریالیزم و هەموو کۆنەپەرستی ، لە ڕوانگەی سەرنج دانیدوور بینی و لە ڕوانگەی ستراتیجییەوە سەیری جەوهەریان بکرێت و ، وەکوو چۆن هەن وا ببینرێن ـ واتە پڵنگی کاغەزی ، وەئەبێت

لەسەر ئەمە بیرکردنـــەوەوی ستراتیجی‌مان دابمەزرێنین .
لەلایەکی‌ترەوە ، ئەمانەپڵنگی زیندووو ، پڵنگی پۆڵایین ،
پڵنگی ڕاستەقینەن ، خەڵک تێک ئەشکێنن . وەئەبێت
لەسەر ئەمەیش بیرکردنەوەی تاکتیکی‌مان دابنێین .

دووانێک لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی
کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چیندا
لە وو چانگ (١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٨)
لــە ڕوون کردنەوەی « دووانێک لەگەڵ
ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی ئانالویس سترونگ»
ن . ه ، ب ٤

وتم هەموو ئەو کۆنەپەرستانەی کــە گوایە بەزەبرو
زەنگن تەنیا پڵنگی کاغەزین . هــۆی ئەمەش دابڕانیانە
لەگەل . سەیربکەن ! ئایا هیتلەر پڵنگی کاغەزی نەبوو ؟
وە ئایا هیتلەر سـەرەونگون نەکرا ؟ هەروەها وتم کــە
قەیسەری ڕووسیا و ئیمپراتۆری چین و ئیمپریالیزمی ژاپۆنیش
هەموو پڵنگی کاغەزی بوون . وەکــوو ئەزانین ، ئەمانە

هەموو سەرەونگون کران . ئیمپریالیزمی ئامریکاییش کــە هێشتا سەرەونگون نەکراوەو بۆمبی ئەتۆمی هەیە ، بەلای منەوە ئەویش سەرەونگون ئەکرێت وپڵنگی کاغەزی یە .

دووانێک لـە کۆبوونەوەی پارتی یە کۆمۆ - نیستو کرێکاری یەکاندا لەمۆسکۆ ( ١٨ی تشرینی دوەمی ١٩٥٧ )

« بەردێک هەڵ ئەگرێت هەر بۆ ئەوەی بی خات بەسەر قاچی خۆیدا » ئەمە پەندێکی چینی یە لەسەر ڕەفتاری هەندێک گەوج . کۆنەپەرستانی هەموو دنیا لەم جۆرە گەوجانەن . زۆر لێ کردنو ئازاردانی گەلانی شۆڕشگێڕیان تەنیا ئەبێت بەهۆی ئەوەی پەلە لــە شۆڕشی گەلان بکات بەچەشنێکی فراوانترو توندوتیژتر . هەر ئەو زۆر لێ کردنو ئازاردانەی گەلانی شۆڕشگێڕی ڕووسو چین نەبوو لەلایەن قەیسەری ڕووسیاو چیانگ کای شیکەوە کە ئەم فرمانە گەورەیەی بەجێ هێنا لە شۆڕشە مەزنەکانی گەلانی ڕووسو چیندا ؟

« دووانێک لــە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی

بەرزی یەکێتی سوڤیێتدا بەبۆنەی بیرەوەری
چل ساڵەی شۆڕشی سۆشیالیستی مەزنی
ئۆکتۆبەرەوە» (٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٧)

ئیمپریالیزمی ئامریکایی هەوڵی کوتاوەتە سەر خاکی تایوانی چینیو ئەمە نۆساڵە داگیری کردوە. وە نەختێکێ لەمەو پێشیش هێزە چەکدارەکانی نارد بۆهەڵکوتانە سەر لوبنانو داگیرکردنی. وڵاتە یەکگرتووەکان سەدان بنکەی جەنگی لەزۆر وڵاتانی دنیادا دامەزراندوە. جا خاکی تایوانی چینیو لوبنانو هەموو ئەو بنکە جەنگییانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خاکی بێگانەدا دایمەزراندوون پەتی قەنارەن لەملی ئیمپریالیزمی ئامریکایی‌دا. جگە لە ئیمپریالیزمی ئامریکایی خۆی کەس ئەم پەتانەی دروست نەکردوە، وە هەر خۆیشی خستوونێتییە ملی خۆیەوەو سەرە پەتەکانیشی داوەتە دەس گەلی‌چینو گەلانی وڵاتانی عەرەبو گەلانی‌دنیا کە ئاشتی خوازو دژی دەس‌درێژین. هەتا دەس درێژکەرانی ئامریکایی زیاتر لەم شوێنانەدا بمێننەوە، پەتەکانیشیان لەملدا توندتر ئەبێت.

دووانێکێ لە کۆنفرەنسی بەرزی دەوڵەتدا
(٨ی ئەیلولی ١٩٥٨)

ئیمپریالیزم زۆر ناژی، چونکە هەمیشە شتی خراپ ئەکات. سوورە لەسەربەخێو کردن و یارمەتی دانی ئەو کۆنەپەرستانەی دوژمنی گەلن لە هەموو ولاتێکدا، بەزەبری هێززۆر کۆلۆنی و نیمچەکۆلونی و بنکەی جەنگی داگیر کردووە. بە جەنگی ئەتۆمی هەرەشە لە ئاشتی ئەکات. بەم جۆرە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە پتر لە سەدا ٩٠ی گەلانی دنیا ناچارکراون کە ڕاپەڕن یاخەریکی ڕاپەڕین بن بۆ خەبات کردن لە دژی. لەگەڵ ئەمەیشدا هێشتا ئیمپریالیزم هەر زیندووە و لە ولاتانی ئاسیاو ئەفریقا و ئامریکای لاتیندا وەکێ هاردێت وئەچێت، لە خۆرئاوایش ئیمپریالیزم هێشتا هەر دەستی لە زۆرلێ کردنی گەلانی ناو ولاتەکانی خۆی هەڵ نەگرتووە. ئەم بارە ئەبێت بگۆڕێت. ئەوەیش ئەرکی سەرشانی گەلانی سەرانسەری جیهانە کە دوایی بهێنن بەو دەستدرێژی و زۆر کردنەی کەلەلایەن ئیمپریالیزمەوە ئەکرێت، بەتایبەتی هی ئیمپریالیزمی ئامریکایی.

دووانێکێ لەگەڵ پەیامنێری ئاژانسی شینخۆ
( ٢٩ی ئەیلولی ١٩٥٨ )

ئیمپریالیزمی ئامریکایی کە لە هەموو جێیەکێ شۆوڵی لە زوڵم زۆر هەڵکێشاوە ، خوی کردوە بە دوژمنی گەلانی دنیاو تا ئەندازەیەکی زۆر خۆی دابڕیوە . ئەوانەی کەئامادە نین ببن بە بەندە ، هەرگیز لەو بۆمبە ئەتۆمیو هایدرۆجینیانە ناترسن کــە بەدەس ئیمپریالیستەکانی ئامریکاوەیە . شەپۆلی توڕە بوونی گەلانی دنیا بەرامبەر بەدەس درێژکەرانی ئامریکایی هیچ شتێکێ بەرگەی ناگرێت . خەباتی گەلانی جیهان دژی ئیمپریالیزمی ئامریکایی‌و نۆکەرەکانی بێ گومان سەرکەوتنی زۆر گەورەتریش بەدەس ئەهێنێت .

« بەیاننامەی پشتیوانی خەباتی نەتەوەیی ڕەوای گەلی پاناما دژی ئمپریالیزمی ئامریکایی. (١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤ )

ئەگەر سەرمایەدارە مۆنۆپۆلیەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان هەر سوور بوون لەسەر پاڵ پێوەنانی سیاسەتی دەس درێژیو

جەنگی یان ، هیچ گومانی تێدانی یە ڕۆژێک دێت کە هەموویان لەلایەن گەلانی دنیاوە هەڵواسرێن . وە هاو تاوانەکانیشیان چارەنووسێکی وایان لەپێشە .

## دووانێک لە کۆنفرەنسی بەرزی دەوڵەتدا
## (٨ی ئەیلولی ١٩٥٨)

لەسەردەمێکی دوورودرێژا لە خەباتدا دژی دوژمنان گەیشتینە ئەم تێ گەیشتنە کەوا : لە ڕووی ستراتیجی یەوە ئەبێت نرخێکی کەم بدەین بە دوژمنان ، بەڵام لەڕووی تاکتیکی یەوە ئەبێت بایەخێکی زۆر بە هەموویان بدەین . یا بەواتەیەکی تر ، ئەبێت دوژمن بەگشتی بە سووک دابنێین ، بەڵام پێویستە لەهەموو ، وە هەرمەسەلەیەکی دیارکراودا بە گرنگی و بایەخەوە سەیری بکەین ، چونکە ئەگەر بەگشتی دوژمنمان بە سووک نەزانی ، وا تووشی هەڵەی هەل پەرستی ئەبین . مارکس و ئەنگلز تەنیا دوو کەس بوون کەچی هەر لەزووەوە بڵاویان کردەوە کەوا سەرمایەداری لە هەموو جیهاندا سەرەونگون ئەکرێت . بەڵام لەکاتی چارەکردنی

گیروگرفتانی دیاری کراوو دوژمنانی تایبەتیدا تووشـی هەڵەی سەرچڵی ئەبین ئەگەر دوژمن بەگرنگ نەگرین . لەجەنگدا، شەڕ یەکێ لەداوی یەکێ ئەکرێت وهێزەکانی دوژمن یەکێ لەدوای یەکێ تەفرو توونا ئەکرێن ؛ کارگەکان یەکێ لە دوای یەکێ دائەمەزرێنرێن و ، جوتیاران پارچە پارچە زەوی ئەکێڵن . ئەم کارە تەنانەت لەنانخواردنیشدا وایە ، لەڕووی ستراتیجی‌یەوە ئەبێت نانخواردن بەئاسان دابنێین ، واتە ئەزانین ئەتوانین خۆراکەکەمان تەواو بکەین ، بەڵام بەکردەوە پاروو بـەپاروو ئەی خۆین، چونکە لە توانادا نی‌یە هەرچی‌یەکێ لەسەر خوانەکە دانراوە بـە یەکێ جـار قووت بدرێت . ئەمەیش پێی ئەوترێت چارەکردن بەشێوەی یەکە ـ یەکەو ، بە زمانی سەربازیش پێی ئەوترێت تێکشکاندنی هێزەکانی دوژمن یەکە ـ یەکە .

دووانێکێ لە کۆبوونەوەی پارتی‌یە کۆمۆنیست و کرێکاری‌یەکاندا لەمۆسکۆ ( ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٥٧ )

لای من وایە کە باری دنیا گەیشتۆتە نوقتەیەکی پێچ کردنەوی

ئوێ. لە جیهانی ئەمڕۆدا دووبا هەڵی کردوە، بای خۆرهەڵات و بای خۆرئاوا . قسەیەکی چینی هەیە ئەڵێت ، « یا بای خۆر هەڵات بەسەر بای خۆرئاوادا زاڵ ئەبێت ، وەیاخود بای خۆرئاوا بەسەر بای خۆرهەڵاتدا زاڵ ئەبێت . » من بڕوام وایە یەکێک لە پێناسەکانی سەردەمی ئێستامان زاڵبوونی بای خۆر هەڵاتە بەسەر بای خۆرئاوادا ، یا بە واتەیەکی تر هێزەکانی سۆشیالیزم بالادەسی یەکی زۆریان پەیدا کردوە بەسەر هێزەکانی ئیمپریالیزمدا .

ه . س . پ .

## ٧ ـ زاتی خەبات کردنو زاتی سەرکەوتنتان ببێت

گەلانی سەرانسەری دنیا ،یەکگرنو دەس درێژکەرانی ئامریکایی و گشت سەگەرست کراوەکانیان ببەزێنن ! گەلانی سەرانسەری دنیا ، ئازانو زاتی تێکۆشان بدەنە بەرخۆتانو باکی دیژوارتان نەبێتو شەپۆل لەدوای شەپۆل تەکان بدەن بۆپێشەوە .ئەوسا هەموو جیهان ئەبێتەوە بەهی گەلانو ،هەمو چەشنە دێوو درنجێک لە ناو ئەبرێن .

بەیاننامە بۆ پشتیوانی گەلی کۆنگۆ (لیۆپۆلدڤیل دژی دەس درێژی ئامریکا » ( ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤ )

. . . . . . .

. . . . .

پارتی کۆمۆنیستی چین لەپاش هەڵسەنگاندنی ژیرانەی باری ئینتەرناشناڵ و ناوخۆ لە سەر بنچینەی زانستی مارکسیزم - لینینیزم گەیشتۆتە ئەوەی کە هەموو هێرشێکی کۆنەپەرستانی ناوخۆو دەرەوە ئەدرێت بشکێنرێن ، وە لە توانایشدا هەیە بشکێنرێن . ئەو دەمەی هەوری چڵکن بەری ئاسمانی گرتبوو ، ئێمە وتمان ئەمە تەنیا شتێکی کاتییەو تاریکی زوو ئەڕەوێتەوە وخورێکی گەش هەڵدێت . . .

« باری ئێستاو ئەرکەکانی سەرشانی ئێمە »
( ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٧ ) ، ن . هـ ، ب ٤ .

بەپێی مێژوو هەموو هێزە کۆنەپەرستەکان هەمیشە کە ئەگەنە لێواری تەفروتوونا بوون ، بەرگرییەکی سەختی نائومێدانەی هێزە شۆڕشگێڕەکان ئەکەن . وە هەندێک شۆڕشگێڕیش ئامادەن تاماوەیەک تەفرەبخۆن بەم فینۆمینایە کەبە هێزی دیوی دەرەوەو بێهێزیی ناوەوەیە . وە ناتوانن پەی بەوڕاستییە جەوهەرییە ببەن کە دوژمن نزیک ئەبێتەوە لە تەفروتوونا بوون وئەوان خۆیشیان لەسەرکەوتن نزیک ئەبنەوە .

« نوقتەی وەرچەرخان لـە دووم جـەنگی جیهانی‌دا » (١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٢)، ن. هـ، ب ٣

ئەگەر شەڕیان کرد ئێمە بە تەواوی لە ناویان ئەبەین. کار بەم جۆرە ئەڕوات: ئەگەر کۆمینتانگ پەلاماری داین ئەوا لەناوی ئەبەین، ئەوسا داین ئەبن؛ ئەگەر کەمێکمان لێ لە ناوبردن کـەمێک داین ئـەبن، تا زۆرتریان لێ لەناوبەرین زۆرتر داین ئەبن. لەناوبردنی هەموو داین بوونی تەواوییە. گیروگـرفتەکانی چین ئاڵۆزن، بۆیە ئەبێت مێشکی ئێمەیش لەو ئاڵۆزییە قووڵ تر بێت. ئەگەر ئەوان پەلاماریان داین ئێمەیش شـەڕ ئەکەین، شـەڕ بۆبردنەوەی ئاشتی.

«لـەمەڕ وتووێژی چۆنگ چینگ » (١٧ی تشـرینی یەکەمی ١٩٤٥)، ن. هـ، ب ٤

ئەگەر یەکێک پەلاماری داین و مەرجەکانی شەڕکردنیش بۆ ئێمە لەباربوو، وا بێ گـومان ئێمەیش بـۆ پاراستنی

خۆمان ئەکەوینە کار بۆ لەناوبردنی پەتوندو تیژیو گشتیو تەواوی لەبنەڕەتەوە ( نابێت بێ لێکدانەوە تووشی شەڕ ببین ، کە شەڕیشمان کرد پێویستە سەربکەوین ) . نابێت هەرگیز هاژوهوژی کۆنەپەرستان بمان ترسێنێت .

« لەبابەت وتووێژی ئاشتییەوە لەگەڵ کۆمینتانگ ـ بڵاوکراوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین »( ٢٦ی ئاب ١٩٤٥ )

هەتا ئارەزووی ئێمە بسەر بکات ، نامانەوێت شەڕبکەین تەنانەت تاکەیەک ڕۆژیش . بەڵام ئەگەر زروف ناچاری شەڕکردنمان بکات ئەتوانین بجەنگین هەتا ئەبڕێتەوە .

دووانێک لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ئامریکانی ئانالویس ستروّنگ » ( ئابی ١٩٤٦ ) ، ن . هـ ، ب٤

ئێمە ئاشتی خوازین ، بەڵام تا ئیمپریالیزمی ئامریکانی واز لە داواکاری نابەجێو لووت بەرزیو پلان گێڕان بۆ دەس درێژی وپەل هاویشتنی خۆی نەهێنێت ، تەنیا ڕێیەک

که لەبەردەمی گەلی چیندا ماوەتەوە ، ئەوەیە کە بەباوەڕێکی نەگۆڕەوە شـان بە شانی گـەلی کۆریا بجەنگێت . نەک لەبەر ئەوەی کـە ئێمە شەڕخوازین ، بگرە ئێمە ئامادەین دەس بەجێ جەنگ ڕابگرینو چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکان بهێڵینەوە بۆدوای . بەڵام ئیمپریالیزمی ئامریکایی نایەوێت وا بکات . زۆر باشە کەواتە باشەڕ بەردەوام بێت . چەندین سـاڵ ئیمپریالیزمی ئامریکایی بیەوێت شـەڕ بکات ئێمەیش ئامادەین شەڕ بکەین تـا ئەو دەقیقەیەی ئەیەوێت شـەڕ بوەستێنێت ، یا ئەودەمەی گەلانی چینو کۆریا بەتەواوی تێیدا سەرئەکەون .

دووانێک لەچوارەم کۆنەوەدی یـەکەم
کۆمیتەی نەتەوەیی کۆنفرەنسی ڕاوێژی سیاسی
گەلی چین ( ٧ی شوباتی ١٩٥٣ ) :

ئێمە ئەبێت ڕیزەکانی خۆمان لە هەموو جۆرە بیر کردنە ـ وەیەکی بێ دەسی یاک بکەینەوە . هەموو ئەو بیرو ڕایانەی کەوا هێزی دوژمن بەزۆر دائەنێتو هی گەل بەکەم دائەنێت ، چەوتن .

«باری ئێستاو ئەرکەکانی سەرشانی ئێمە» (٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٧)، ن. ه. ب ٤.

گەلانو نەتەوە زۆرلێکراوەکانی جیهان بۆ ڕزگار بوونیان نابێت هەرگیز بە هەوای «ژیری» ئیمپریالیزمو نۆکەرەکانی بن ، چونکە تەنیا هەر بەپشتبەوکردنی یەکێتی خۆیانو لەسەر خەبات ڕۆیی نەبزانەی خۆیان سەرئەکەون.

«بەیاننامەیەک دژی دەس درێژی بۆسەر ڤێتنامی خوارووە ، وە سەرپێی خەڵکەکەی لەلایان ئەمریکا ـ دەستەی نگۆدین دیمەوە»

(٢٩ی ئبی ١٩٦٣)

بێ گوێدانە ئەوەی کەی ئەم جەنگێ ناوخۆیە لەسەرانسەری وڵاتدا هەڵ ئەگیرسێت ، ئێمە ئەبێت خۆمانی باش بۆ ئامادە بکەین . ئەگەر زووبوو ، بڵێین سبەی بەیانی قەوما ئێمەیش ئەبێت تەیار بین . ئەمە نوقتەی یەکەمە . لەباری ئێستای ئینتەرناشناڵو باری ناوەوەی وڵاتدا لەوانەیە جەنگی ناوخۆ تاماوەیەک لە چوارچێوەیەکی دیاری کراوداو ولە

-چـەن مەیدانێکی ناوچەیی‌دا بمێنێتەوە . ئەمەیش نـوقتەی دووەمە . نـوقتەی یەکەم ئەوەیە کەئێمە ئەبێت خـۆمانی بۆکۆبکەینەوە ، ئەگینا نوقتەی دووەم لەمێژە هەر هەبە . بەکورتی ، ئەبێت ئامادەبین . کـە تەیار بووین ئـەوسا ئەتوانین بەڕاستی چارەسەری هەمووجۆرە بارێکی ئاڵۆزاو بکەین .

« هەڵوێستو سیاسەتمان پاش سـەرکەوتن لەجەنگی بەرگری‌دا دژی ژاپۆن » ( ١٣ی ئابی ١٩٤٥ ) ، ن . ه ، ب ٤

# ٨ ـ جەنگی گەل

جەنگی شۆڕشگێرانە جەنگێکی جەماوەرییە ؛ تـەنیا بـەکۆکردنەوەی جەماوەرو پشت پێبەستنیان هـەڵ ـ ئەگیرسێنرێت .

«مشووری باش کردنی ژیانی جەماوەر بخۆن و وریای ڕێگەی کارکردن بن » ( ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٣٤ ) ، ن . ھ ، ب ١

قەڵای ئاسنینی ڕاستەقینە چییە ؟ جەماوەرە ، ملیۆنان ملیۆن گەل کە بەوپەڕی ڕاستی و دڵسۆزییەوە پشتیوانی شۆڕش ئەکەن . ئەمەیە ئەو قەڵا ئاسنینە ڕاستەقینەیەی کە لە توانادا نییە ، وە بە هیچ جۆرێک لەتـوانای هیچ هێزێکی

سەرئەرزاد نی یە کە بی شکێ یێت . شۆڕشی چەواشە ئێمەی پێ لەناو بابرێت ؟ بگرە بەپێچەوانەوە ئێمە ئەو لەناو ئەبەین . میلێونان میلێون گەل لە دەوری حکومەتی شۆڕشگێڕ کۆبکەینەوە وجەنگە شۆڕشگێڕی یەکەمان تەشەنە پێ بدەین ، ئەتوانین هەموو شۆڕشی چەواشە تەفرو توونا بکەین و دەس بگرین بەسەر هەموو چین دا .

ه . س . پ

دەوڵەمەندترین سەرچاوەی هێز بۆهەڵ گیرساندنی جەنگ لەناو جەماوەری گەلدایە . ژاپۆن کە ئەوێرێت کەڵەگایی مان بەسەردوەبکات ، هۆ سەرەکی یەکەی ئەوەیە جەماوەری چین لە باری ڕێکنەخراوی دایە . کە ئەم ناتەواری یە چارە کرا ، دەس درێژ کەری ژاپۆنی وەکوو گای بەلەمە بووی لێ دێت کە مەشخەڵانی ئاگر دەکری گری بێت ، سەدان میلیۆن خەڵکی ڕاپەڕیو ئا لۆقەی ئەدەن و ، تەنیا بە دەنگی نەڕەیان زراوی ئەچێت و لە کلپەی ئاگردا تامردن ئەسووتێن .

« لەمەڕ جەنگی درێژ خایان » ( مایسەی

٢ ب ، ھ . ن ، ( ١٩٣٨

ئیمپریالیستەکان بە ئەندازەیەکی وا کەڵەگایی مان بەسەردەوە ئەکەن ، کە ئێمەیش ناچارین زۆر بەگرنگی لەگەڵیان بجووڵێینەوە . جا نەبێت نەک هەر لەشکرێکی بەهێزمان ببێت ، بگرە ئەبێت لە سنوورێکی فروانیدا تیپەنی میلیشیای گەلیش رێک بخەین . ئەمەوا لە ئیمپریالیستەکان ئەکات کە لە کاتی پەلاماردانی وڵاتەکەماندا زۆر بە گران بتوانن هەنگاوێک بێنە پێشەوە .

«دووانێک لەگەڵ پەیامنێری ئاژانسی شینخۆ
(٢٩ی ئەیلولی ١٩٥٨)

ئەگەر جەنگی شۆڕشگێڕانە بەسەریەکەوە بهێنینە بەرچاو ، کارە جەنگییەکانی پێشمەرگەکانی گەل و کارە جەنگییەکانی هێزی سەردەکی ، لەشکری سوور ، وەکوو باڵی ڕاست و باڵی چەپی پیاو بەکتری تەواو ئەکەن ، ئەگەر ئێمە هەر هێزی سەردەکی لەشکری سوورمان هەبوو بێ ئەوەی پێشمەرگەی گەلمان هەبێت ، ئەوسا لە شەڕکەرێکی یەک دەس ئەچین .

کاتێک کە باسی گەل ئەکەین لەناوچەی بنکەکاندا وەکوو یەکێک لەفاکتۆرەکانی جەنگ ، بەوتەیەکی دیاری کراوو بەتایبەتی کە پەیوەندی بــە کارە جەنگی یەکانەوە هەبێت ، مەبەستمان ئەوەیە کە ئێمە گەلێکی چەکــدارمان هەیە . وە ئەمەیش هــۆی سەردکی یە لەوەدا کە دوژمن ناوێرێت لــە بنکەکانمان نزیک بکەوێتەوە .

« گیروگــرفتە ســتراتیجی یەکانی جەنگــی شۆڕشگێڕانەی چین » ( کانونی یەکــەمی ١٩٣٦ ) ، ن . هـ ، ب ١

هیچ چەنوچوونی تیدا نی یە کە سەرکەوتن یا ژێرکەوتن لە جەنگدا بەجۆریکی ســەرەکی بەندە بەمەرجە ســەربازیو سیاسیو ئابووریو سروشتی یەکانی هەردوو لاوە . بەڵام نەک تەنیا هەر بەمانەوە بەندە ، بگرە هەروەها بەندە بەتوانای خــۆیی هــەردوو لایشــەوە لــە بەڕێوەبردنی جەنگدا . ستراتیجیستێکی ســەربازی کــە هەوڵی بردنەوەی جەنگ ئــەدات ، هەرچی یەک بکات ناتوانێت لــەو سنوورە

تێ پەڕ بکات کە مەرجە دادەی یەکان ئەی سەپێنن بەسەریدا ، لەگەڵ ئەمەیشدا لەم سنوورانەدا ئەتوانێت ، وە پێویستە تەقەلای سەرکەوتن بدات. شانۆی جوڵانەوەی ستراتیجیستێکی سەربازی لەسەر مەرجە ماددیە بابەتی یەکان دامەزراوە ، بەڵام لە سەر ئەم شانۆیە ئەتوانێت زۆر درامای ڕەنگین و پڕئاوازو پڕجۆش و خرۆش و هێزو گەورەیی پێکە بهێنێت.

ه . س . پ .

بەجۆرێکی تایبەتی ئامانجی جەنگ « پاراستنی خۆ وە تێکشکاندنی دوژمنە » ( مەبەست لە تێکشکاندنی دوژمن چەکی لێ سەندن یا «پرزە لێ بڕینی بەرگری کردنێتی » نەک کوشتن و لەناوبردنی جەستەیی یەک بەیەکی هێزەکانی ) . لە جەنگەکانی سەردەمی کۆندا ، ڕم و مەتاڵ بەکار ئەهێنران ، ڕم بۆ پەلاماردان و لە ناوبردنی دوژمن و قەڵغان بۆ بەرگری و خۆپاراستن . هەتا ئەمڕۆیش هەرچی چەکێک دروست ئەکرێت هەر ئەنجامی گەشە پێ کردنی ڕم و مەتاڵە . بومب - هاوێژ ، شەستتیر ، تۆپی دوورهاوێژ و گازی ژەهراوی

ئـــەنجامی گەشەپێکرانی ڕمن ، لـــە کاتێکدا کـــەپەنای خۆشاردنەوە لە فڕۆکە، کڵاوی پۆڵا ، قایم کاری کۆنکرێت و دەمامکی دژی گاز ئەنجامی گەشە پێکرانی مەتاڵن . تانک چەکێکی نوێیە فرمانی ڕم و مەتاڵ بەسەریەکەوە ئـــەکات . پەلاماردان هۆی سەرەکی لەناوبردنی دوژمنە ، بەڵام نابێت خۆپاراستنیش بخرێتە پشت گوێ . لە پەلاماردانا ئامانجی ڕاستەوخۆ لەناوبردنی دوژمنە، بەڵام لەهەمان کاتدا مەبەست خۆپاراستنیشە ، چونکە ئەگەرتۆ دوژمنت لەناو نەبرد ، ئەوتۆ لەناو ئەبات . لەبەرگریشدا ئامانجی ڕاستەوخۆ ئەوەیە خۆت بپارێزیت ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەرگری شتێکی-تەواو کەری پەلاماردانە یـــا ئامادە بوونە بـــۆ کەوتنەوە پەلاماردان . کشانەوە لە ڕیزی بەرگریدایە وە درێژەپێدانی بەرگریشە، لەکاتێکدا کە ڕاونان درێژە پیدانی پەلاماردانە. ئەبێت ئەوە دەربخرێت کـــە لەناوبردنی دوژمن یەکەمین ئامانجی جەنگەو خۆپاراستن دووەمین ، چونکە تەنیا هەر بە لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن پیاو ئەتوانێت بە چەشنێکی کاریگەر خـــۆی بپارێزێت . جالەبـــەر ئەوەیە

پەلاماردان ، ڕێگەی سەرەکی لەناوبردنی دوژمن یەکەمین ئامانجو ، بەرگریش کە ڕێگەیەکی تەواوکەرە بۆ لەناوبردنی دوژمن و ڕێگەیەکی خوپاراستنە دووەمینە . لە جەنگی ڕاستەقینەدا ئەگەرچی هەندێک جار بەرگری دەوری سەرەکی ئەگێڕێت و هەندێک جار پەلاماردان ، بەلام ئەگەر جەنگ بەسەریەکەوە تەماشا بکەین ، هەر پەلاماردان یەیەکەمین ئەمێنێتەوە ۰

«لەمەڕ جەنگی درێژخایەن» (مایسی ١٩٣٨) ،
ن . هـ ، ب ٢

هەموو ئەو پرانسیپانەی ڕابەری کارە جەنگیەکانمان ئەکەن لەیەک پرانسیپی بنچینەیی دەردێن : تێکۆشان بەوپەڕی تواناوە بۆ پاراستنی خۆ ، وە لەناوبردنی هێزەکانی دوژمن ...... ئەی کەواتە بەچ هەتێکەوە لە جەنگدا خەڵک هان ئەدەین بۆ خۆبەختکردنی قارەمانانە ؟ هەموو جەنگێک نرخێکی گەورەکە ، وە هەندێک جار نرخێکی زۆر گرانیش . ئاخۆ ئەمە لەگەڵ « پاراستنی هێزی خۆ »دا

ناکۆکن نین ؟ ئەوی ڕاست بێت هیچ ناکۆکی یەکیان لەنێواندا نی یە ، بۆ ئەوەی باشتر وردبکرێتەوە ئەڵێین ، خۆبەخت کردن و خۆپاراستن هەردووکیان پێچەوانەی یەک و تەواوکەری یەکتریشن . چونکە ئەم خۆبەخت کردنە نەک هەر بۆ لە ناوبردنی دوژمن بگرە بۆ پاراستنی خۆیش پێویستە ، نەختێک « خونەپاراستن » ، و جارجارە (خۆبەخت کردن و نرخدان) شتێکی پێویستە بۆ پاراستنی هەمیشەیی هەمووان . لەم پرانسیپە بنچینەیی یە زنجیرەیەک پرانسیپی کە دەردێت کە ڕێ پیشاندەری کارە جەنگی یەکانن ، هەموو ئەمانە — هەر لەپرانسیپی تەقەکردنەوە بگرە ( خۆحەشاردان بەنیازی خۆپاراستن ، وەبەکار هێنانی تەواوی هێزی ئاگر بۆ لە ناوبردنی دوژمن) تائەگاتە پرانسیپەکانی ستراتیجی — بەگیانی ئەم پرانسیپە بنچینەیی یە زاخاو دراون. هەموو پرانیسپە تەکنیکی یەکان و هەموو پرانسیپەکانی لەبابەت تاکتیک و هێرش و ستراتیجی یەوە ، هەمووی بەجێ بەجێ کردنی ئەم پرانسیپە بنچینەیی یە دائەنرێن . پرانسیپی پاراستنی خۆو لەناوبردنی دوژمن بنچینەی هەموو پرانسیپە سەربازی یەکانن .

« گیروگرفتەکانی ستراتیجی لەجەنگی پارتیزانی‌دا دژی ژاپۆن » ( مایسی ١٩٣٨ )،
ن . ھ، ب ٢

پرانسیپە جەنگی‌یەکانمان ئەمانەن :

) لەپێشدا پەلاماری هێزە پەرت‌و لێک دابڕاوەکانی دوژمن‌بدە ، ئەوجا پەلاماری هێزە مۆڵ‌و بەتواناکانی .

(٢) لەپێشدا شارەپچووک‌وناوەنجی‌و ناوچەفراوانەکانی لادێ بگرە ، ئەوجا شارە گەورەکان .

(٣) لەناوبردنی هێزی بەکاری دوژمن بکە بەئامانجی سەرەکی ، نەک پاراستن یا گرتنی شارێک وەیا ناوچەیەک بکەیت بەئامانجی سەرەکی . پاراستن یادەس بەسەردا گرتنی شارێک یاناوچەیەک ئەنجامی لەناوبردنی هێزی بەکاری دوژمنە ، زۆر جار شارێک یاشوێنێک پاش ئەوەی چەن جارێک ئەم‌دەس‌و ئەودەس ئەکات ئەوسا بەتەواوی داگیر ئەکرێت یادەسی بەسەردا ئەگیرێت .

(٤) لەهەموو شەڕێکدا هێزێکی یەکجار زۆرتر مۆڵ بدە

(دوو ،سێ چوار ، هەندێک جاریش تەنانەت پێنج یاشەش ئەوەندەی هێزی دوژمن ) ، هێزی دوژمن بەتەواوی ئابلۆقە بدەو ، تێبکۆشە بۆ لەناوبردنی یەکێک جارەکییان و مەهێڵە یەکێکیان لەداوەکە دەرباز ببێت. لەهەندێک باری تایبەتیدا ، رێگەی تێ سرەوانلنی جەزرەبەی کوشندە بگرە بەرامبەر بەدوژمن ، واتە هەموو هێزەکانمان خڕبکەینەوە بۆ پەلاماردانێکی ڕوو بەڕوو ، وە پەلاماردانی قۆڵێک یاهەردوو قۆڵی بەنیازی قرتێ خستنی بەشێک لە هێزەکانی وە شکاندنی ئەوی تری بەچەشنێک کە لەشکرەکەمان بتوانێت گورج هێزەکانی خۆی بگوێزێتەوە بۆ شێلانی هێزەکانی کەی دوژمن. ئەبێت تا ئەتوانین خۆمان لەو شەڕانەبپارێزین کەدەس کەوتمانی تێدا کەمترە لەزیان ، یادەس کەوت وزیانمانی تێدا وەکوویەکن . بەم جۆرە ، هەرچەنە ئێمە بەگشتی ( لەڕووی ژمارەوە ) لە دوژمن لاوازترین ، ئەتوانین لە هەموو بەشێک ولە هەموو هێرشێکی تایبەتیدا بەتێکرایی بالادەس تربین لەو ، ئەمە لە هێرشەکانماندا سەرکەوتنمان بۆ تەئمین

ئەکات . پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک لەهەموو ڕوویەکەوە ئێمە بالآدەس ئەبین بەسەر دوژمنداو ، لەئەنجامدا هەموو دوژمنەکانمان بەتەواوی وردوخاش ئەکەین .

(٥) هیچ شەڕێک مەکە بەبێ خۆئامادەکردن ، هیچ شەڕێک مەکە کە دڵنیا نەبیت تێیدا سەرئەکەویت ، وە هەموو تەقەلایەک بدە بۆئەوەی بۆ هەر شەڕە بەباشی خۆت تەیار بکەیتو ، هەموو تەقەلایەک بدە بو تەئمین کردنی سەرکەوتن بەپێی بارو مەرجە دیاریکراوەکانی نێوان ئێمەو دوژمن .

(٦) شێوەی شەڕکردنی خۆمانە بەتەواوی بخەرەکار ، ئازایەتی لەشەڕدا ، نەترسان لە خۆبەت کردن ، نەسڵەمینەوە لەماندووبوون وشەڕی نەپساوە (واتە چوونە شەڕی یەک لەسەریەکەوە لە ماوەیەکی کورتدا بەبێ پشوودانو حەسانەوە) .

(٧) تەقەلای لەناوبردنی دوژمن بدە لەکاتی بزووتنەوەیدا . لەهەمان کاتدا ، بایەخ بدە بەتاکتیکەکانی پەلاماردانی جێگاو داگیرکردنی شوێنو شارە قایمکراوەکانی دوژمن .

(٨) لەبابەت پەلاماردانی شارەکانەوە ، بەبێ چەنوچون هەموو ئەو شوێن و شارە قایمکراوانەی دوژمن ئەبێت داگیربکرێن کەوا بەرگرییان کزە ، کە هەلت بۆهەڵکەوت هەموو ئەو شوێن و شارە قایمکراوانەی دوژمن بگرە کە هێزێکی ناوەنجی بەرگرییان تێدا ئەکات ، بەمەرجێک دۆخ لەباربێت. بەڵام لەبابەت ئەوشوێن وشارە قایمکراوانەوە کە هێزێکی گەورەی دوژمن ئەیان پارێزێت ، چاوەڕێ بە تامەرجی داگیرکردنیان تێدا پێ ئەگات ، ئەوسا داگیریان بکە .

(٩) ناتەواوییەکانی هێزەکانمان پڕبکەرەوە بەو چەکانەی دەست ئەکەوێت و بەژمارەیەکی زۆر لەو سەربازە دیلانەی لە دوژمن ئەیان گریت ، چونکە سەرچاوەی سەرەکی هێزی مرۆڤیی وهی ماددی لەشکرەکەی ئێمە مەیدانی شەڕە .

(١٠) باش کەڵک وەربگرە لە ماوەی نێوان شەڕ و وچان گرتن ، مەشق بە هێزەکەمان بکەو پتەوی بکە ، ماوەی وچان گرتن و مەشق و پتەوکردن بەگشتی نابێت زۆر درێژە

بکێشێت و ، هەتالە توانادا هەیە نابێت ماوەی پشوودان بدرێت بەدوژمن . ئەمانەن ئەورێگە بنچینەیی یانەی کەلەشکری ڕزگاری گەل لە شکاندنی چیانگ کای شیکدا پەیڕەوی کردوون . ئەمانە ئەنجامی قاڵبوونی لەشکری ڕزگاری گەلە لە شەڕێکی دوورودرێژی چەن ساڵیدادژی دوژمنانی خۆماڵی وبێگانە ، وە بەتەواوی لەگەڵ باری ئێستەیشماندا ئەگونجێت .... ستراتیجی و تاکتیکەکانمان لەسەر بنچینەی جەنگی گەل دامەزراوە ، هیچ لەشکرێکی دوژمن بەگەل ناتوانێت ستراتیجی و تاکتیکەکانی ئێمە بەکار بهێنێت .

« باری ئێستاو ئەرکەکانی سەرشانی ئێمە »
( ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٧) ، ن.ه، ب٤

بالادەسی بەبێ خۆکۆکردنەوە بالادەسییەکی ڕاستەقینە نییەو هیچ دەس پێشکەریشی پێ ناکرێت . بەتێ گەیشتنی ئەم نوقتەیە هێزێکی لاواز بەلام ئامادەکراو زۆرجار ئەتوانێت دوژمنێکی لە خۆی گەورەتر ببەزێنێت بە پەلاماردانی ناکاو .
« لەمەڕ جەنگی درێژخایەن » ( مایسی ١٩٣٨ ) ، ن . ه ، ب ٢

## ٩ـ لەشکری گەل

بەبێ لەشکرێکی گەلی ، گەل هیچ شتێکی نابێت .
« لەمەڕ حکومەتی یەکگ - کەوتوو » ( ٢٤
نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ه ، ب ٣

هۆی بەهێزی ئەم لەشکرە ئەوەیە هـەموو ئەندامەکانی خاوەنی دسپلینێکی هۆشیارانەن ، یەکگرتن و شەڕکردنیان لەپێناوی دەسکەوتەکانی چەن کەس یا تاقمێکی پچووکدا نی یە ، بگرە لەپێناوی دەسکەوتەکانی جەماوەری فراوان و هەموو نەتەوەدایە . تاکە نیازی ئەم لەشکرە ئەوەیە بێ جولان لەگەڵ گەلی چین بێت و بەکوڵودڵ خزمەتی بکات .

ه . س . پ .
لەشکری سووری چین دەزگایەکی چەکدارە بۆ جێبەجێ

کردنی ئەرکە سیاسی‌یەکانی شـــۆڕش ، بەتایبەتی ئەمڕۆ .
بێ گومان لەشکری‌سوور نابێت خۆی بەتەنیا بۆ شەڕکردنە
تەرخان بکات ، شانبەشانی شەڕکردن بۆ لەناوبردنی هێزی
سەربازی دوژمن ئەبێت هەندێک ئەرکی گـــرنگی کەیش
بگرێتەئەستۆ ، وەکوو پروپاگاندە کردن لەناو جەماوەردا ،
ڕێکخستنی جەماوەرو پڕچەک کردنیان ، بۆ دامەزراندنی
دەسەڵاتی سیاسی شۆڕشگێڕانەو پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی
پارتی . شـــەڕەکانی لەشکری سور تەنیا بۆ شەڕ کـــردن
نین ، بگرە شەڕێکـــە لـــە پێناوی پروپاگانـــدە کـــردن
لـــەناو جەماوەردا ، بـــۆ ڕێکخستن وچەکـــدارکردن و
یارمەتی‌دانیان بۆ دامەزراندنی‌دەسەڵاتی سیاسی شۆرشگێڕانە .
بەبێ ئەم ئامانجانە ، شـــەڕ ئەبێت بەشتێکی پڕوپووچ و
لەشکری‌سووریش هۆکانی بوونی خۆی بزر ئەکات .

« لەمەڕ ڕاست کردنەوەی بیرورا چەوتەکانی
ناوپارتی » ( کانـــونی یەکەمی ۱۹۲۹ ) ،
ن . هـ ، ب ۱

لەشکری ڕزگاری گەل هەمیشە هێزێکی شـــەڕکەرە .

تەنانەت پاش سەرکەوتنیشمان لەسەرانسەری وڵاتداو بەدرێژایی ئەو سەردەمە مێژوویی یەی کەهێشتا چینەکان لەوڵاتی ئێمەدا لەناونەبراون‌و سیستەمی ئیمپریالیستی یش لەجیهانـــدا ماوە لەشکرەکەمان هەروەکوو هێزێکی شەڕکەر ئەمێنێتەوە . لەبابەت ئەم نوقتەیەوە نابێت هیچ جۆرە بـــەدگومانی یادوو دڵی یەکمان هەبێت .

« ڕاپۆرتێک بـــۆ دووەمین پلینۆمی حەوتەم کـــۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین »
( ٥ی مارتی ١٩٤٩ ) ، ن . هـ ، ب ٤

ئێمە لەشکرێکمان هەیە بۆ شەڕکردن ، هەروەها لەشکرـ ێکیشمان هەیە بۆ کارکـردن . بۆ شەڕکردن لەشـــکری هەشتەم‌و لەشکری چوارەمی نوێمان هەیە ، بەڵام تەنانەت ئەمانەیش فرمانێکی دوولانەئەکەن ، شەڕکردن‌و بەرهەم ـ هێنان . جابەم دوو جۆرە لەشکرەو بە لەشکرێکی شەڕکەر کەشارەزای ئەم دوو ئەرکەو فرمانی ناو جەماوەر بووە ، ئەتوانین دیژواری یەکانمان نەهێڵین‌و ئیمپریالیزمی ژاپۆنی بشکێنین .

خۆتان ڕێکبخەن ! » ( ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣) ، ن. ھ ، ب ٣

بەرگری نەتەوەیی‌مان پتەوئەکرێتو ، نابێت بهێڵرێت جارێکی کە هیچ ئیمپریالیستێک دەس‌درێژبکات بۆ خاکەکەمان . ئەبێت هێزە چەکدارەکانی گەل‌بهێڵینەوەو گشەەی پێ‌بدەین وە لەشکرە ئازاو جۆش‌خواردووەکەی ڕزگاری گەلیش بنچینەکەی بێت . ئێمە نەک هەرئەبێت لەشکرێکی بەتوانامان هەبێتو بەس ، بگرە ئەبێت هێزێکی ئاسمانیو هێزێکی دەریایی بە توانایشمان هەبێت .

«وتاری کردنەوەی‌یەکەم پلینۆمی کۆنفرەنسی ڕاوێژی سیاسی گەلی چین » ( ٢١ی ئەیلولی ١٩٤٩ )

پرانسیپی ئێمە ئەوەیە کەئەبیت پارتی تفەنگ بەڕێوە-بەرێتو ، نابێت هەرگیز ماوەبدرێت بەتفەنگ کە پارتی ببات بەڕێوە .

« گیروگرفتەکانی جەنگو ستراتیجی » ( ٦ی

تشرینی دووەمی ١٩٣٨ ) ، ن . ه ، ب ٢ ،

هەموو ئەفسەران‌و شەڕکەرانمان ئەبێت هەمیشە ئەوەیان لەبیربێت کەوا ئێمە لەشکری گەورەی ڕزگاری گەلین ، ئێمە ئەو هێزانەین کە پارتی مەزنی کۆمۆنیستی چین ڕابەری‌مان ئەکات . بەومەرجەی هەمیشـە ئامۆژگاری‌یەکانی پارتی‌مان لەگوێ‌بگرین‌و جـێ‌بەجێی بکەین ، گومانی تێدانی‌یـە سەرئەکەوین .

« بەیاننامەی لەشکری ڕزگاری گەلی‌چین »
( تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ )، ن . ه ، ب ٤

# ١٠ ـ ڕابەرایەتی کۆمیتەکانی پارتی

سیستەمی کۆمیتەیی پارتـی ، دەزگایەکی زۆر گرنگی پارتی‌یە بۆ تەئمین کردنی گەلە ـ ڕابەری‌و ماوە نەدان بـە هیچ کەسێک بەتاکی‌تەنیا کاروبار بەرێت بەڕێوە . لـەم ماوەیەی دواییدا لەهەندێک دەزگا ڕابەری‌یەکاندا(بێ گومان نەک هەموویان)بووە بەخوو کەتاکەیەک کەس دەس‌بەسەر کاروباردا بگرێت‌و بڕیار لەسەر گیروگرفتە گرنگەکان بدات . چارەسەکردنی گیروگرفتە گرنگەکان تاکەکەسێک بڕیاری ئەدات نەک کۆبوونەوەی کۆمیتـەی پارتی‌و ، ئەندامەتی لەکۆمیتەی پارتی‌دا هەربەناو مـاوە . جیاوازی بیروڕا لەناو ئەندامانی کۆمیتەدا ناتوانرێت چارەبکرێت ـوە تاماوەیەکی دووروودرێژ بە چارە نەکراوی ئەمێننەوە .

ئەندامانی کۆمیتەی پارتی هەر لەڕوودا نەک بەڕاستی
یەکێتییان لەنێواندا ماوە. ئەبێت ئەم بارە بگۆڕێت. لەمەولا
ئەبێت سیستەمێکی پتەو دابنرێت بۆ کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی
پارتی و لەهەموو دەزگا ڕابەرییەکاندا، هەر لەمەکتەبی
ناوچەیی کۆمیتەی ناوەندییەوە بگرە تا کۆمیتەکانی لقەکان،
لە کۆمیتەکانی پارتی ناوەیدانەوە تا کۆمیتەکانی پارتی ناوتیپەکان و
ناوچە سەربازییەکان، (واتە کۆمیتە لقییەکانی سەربە کۆمیتەی
سەربازی شۆڕشگێڕ، یادەستە ڕابەرییەکان)؛ وە
لەدەستە ڕابەرییەکانی پارتی ناو حکومەت و ڕێکخراوەکانی
گەل و، ئاژانسی دەنگوباس و ئۆفیسی ڕۆژنامەکاندا. هەموو
گیرو گرفتە گرنگەکان (بێ گومان جگە لەوانەی کە
بێ بایەخن و گرنگ نین یا ئەوانەی لە کۆبوونەوەکاندا جۆری
چارەکردنیان بڕیاری لەسەر دراوە و ماوەتەوە جێبەجێ -
کردنی) ئەبێت بخرێنە بەردەمی کۆمیتە بۆ لێکۆڵینەوە و
لێ دووانیان و، ئەو ئەندامانەی لە کۆمیتەکەیشدا ئامادە
ئەبن، ئەبێت بەتەواوی بیروڕای خۆیان دەرببڕن وە بگەنە
بڕیاری وەها کە ئیتر ئەبێت جێبەجێ بکرێت لەلایەن ئەو

ئەندامانەوە کەپەیوەندی‌یان پێوەیەتی ...... کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی پارتی ئەبێت بکرێن بەدووجۆرەوە ، کۆبوونەوەی ئەندامانی هەمیشەیی کۆمیتەو کۆبوونەوەی ئەندامانی هەمیشەیی کۆمیتەو کۆبوونەوەی پلینۆم ، وە نابێت ئەم دوو جۆرە کۆبوونەوەیە تێکەڵاوبکرێن . سەرەڕای ئــەوەیش ئەبێت ئاگاداری ئەوەبین کە نە گەڵە - ڕابەری و نە لێپرسینەوەی - یەکتەنی هیچ کامێکیان ئەوەندە بایەخــی بدرێتێ کەئەوی کەیانی بۆبخرێتە پشت گوێ . لەناو لەشکردا . فەرماندە بۆی هەیە لەکاتی شــەڕدا یائەگەر باری ئــەو دەمە وای پێویست کرد بەتەنیا بڕیاری ناچاری بدات .

« لەمەڕ بەهێزکردنی سیستەمی کۆمیتەی‌پارتی »
( ٢٠ی ئەیلولی ١٩٤٨ ) ، ن . هـ ، ب ٤

سکرتێرێکی کۆمیتەی پارتی ئەبێت بزانێت چون ئەبێت بە «سەردستە» یەکی باش . کۆمیتەیەکی پارتی کە لەدە تابیست ئەندام پێکهاتوە ، وەکو دەستە وایە لەناو لەشکردا وە سکرتێرە- کەیشی وەک «سەردستە» وایە . ئەوی ڕاست بێت ڕابەری کردنی

ئەم دەستەیە بەباشی شتێکی ئاسـان نی یە . هەر مەکتەبێکی لەمەکتەبە ناوچەیی یەکان ومەکتەبی لقـە ناوچەیی کانی سـەر بە کۆمیتەی ناوەندی هەریەکەیان ڕابەریی ناوچەیەکی فراوان ئەکەن و گەلێک لێ پرسینەوەی گرانیان لەسـەرشانە . ڕابەرایەتی بەتەنیا بریتی نی یە لـە بڕیاردانی سیاسەتی گشتی وتایبەتی ، بگـرە ئەبێت ڕێگەی ڕاستی کارکردنیشی لەگەڵ دابنرێت ، ئـەگینا لەتەک هەبوونی سیاسـەتی تایبەتی ڕاستیشدا ئەگەر ڕێگەکانی کارکردن خرایە پشت گوێ ، دیسان تووشی گاشە ئەبین . کۆمیتەیەکی پارتی بـۆ ئەوەی بەتەواوی ئەرکی ڕابەرایەتی بەجێ بێنێت ئەبێت پشت بە « ئەندـ امانی دەستە » کەی ببەسێت و وایان لێ بکات کەبتوانن بە تەواوی دەوری خۆیان بازی بکەن . سکرتێر بۆئەوەی ببێت بە « سەردەستە » یەکی باش پێویستە بێ وچان خەریکی خوێندنەوەی زۆر ولێ کۆڵینەوەی قووڵ بێت . سکرتێرێک یا یارمەتی دەری سکرتێرێک زۆر چورتمی دێتەڕێ لـە هەڵسووڕاندنی « دەستە » کەیدا ، ئـەگەر گوێ نەداتە پرۆپاگاندە کردن وکاری ڕێکخسـتن لەناو « ئەندامانی

دەستە .» کەی خۆیداو ، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەدا بەباشی ڕێکئەخات ، یا لەبەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی کۆبوونەوەکانی وردئەبێتەوە . ئەگەر «ئەندامانی دەستە» بەهەنگاوی ڕێکوپێک پێش نەکەون هەرگیز ناتوانن چاوەروانی ئەوەبکەن کەڕابەرایەتی دەیان ملیۆن خەڵک بکەن لەشەڕ کردنو دروست کردندا . شتێکی دیارە کەپەیوەندی نێوان سکرتێرو ئەندامانی کۆمیتە لەوچەشنەیە کەپێویستە کەمایەتی تێیدا سەر بۆ زۆرایەتی دابنەوێنێت ، ئالەم ڕووەوە جیاوازە لەگەڵ پەیوەندی نێوان سەردستەو سەربازەکانیدا لێرەدا ئێمە قسە ئەنیا لەبارەی ادیەک چوونەوە ئەکەین .

« ڕێگەکانی کارکردنی کۆمیتەکانی پارتی »
( ١٣ی مارتی ١٩٤٩ ) ، ن . هـ ، ب ٤

گیرو گرفتەکان بخەنە سەرمێز . نەک هەر «سەردەستە» ئەبێت ئەمەبکات . بگرە ئەبێت هەموو ئەندامانی کۆمیتەیش وابکەن . لەپاشملە باسی خەڵک مەکەن . هەرکاتێک

گیروگرفتێک پەیدا بوو کۆببنەوەو گیرو گرفتەکە بخەنە سەرمێز بۆلێ کۆڵینەوەو هەندێک بڕیاری لەسەر بدەن ، وە بەم جۆرە گیروگرفتەکە چارەسەر ئەکرێت . بەڵام ئەگەر گیروگرفت هەبێتو نەخرێتە سەر مێز ، تاماوەیەکی درێژ وە بگرە تاچەن ساڵێک بەچارەنەکراوی ئەمێنێتەوە .
« سەردەستە » و ئەندامانی کۆمیتە ئەبێت لەپەیوەندی یاندا لەگەڵ یەکتریدا لەیەک بگەنو تەبابن ، هیچ شتێک نی یە گرنگتر بێت لە لەیەک گەیشتنو پشتیوانیو دۆستایەتی نێوان سکرتێرو ئەندامانی کۆمیتەو ، نێوان کۆمیتەی ناوەندیو مەکتەبە ناوچەیی یەکانیو ، نێوان مەکتەبە ناوچەیی یەکانو کۆمیتەکانی لقەکانی پارتی .

ه . س . پ .

« زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن » . واتە ئەندامانی کۆمیتەیەکی پارتی ئەبێت ئەوەی ئەیزانن بەیەکتری بڵێنو ئەوبیرورایانەی هەیناوە لەبابەت ئەوشتاناوە کەوا سەرنجی ڕاکێشاوەن ئاڵوگۆڕبکەن . ئەمە شتێکی زۆر گرنگە بۆ پێکهێنانی

زمانێکی ناوکۆیی . بەلاّم هەندێکک کەس ئەمەیان پێ ناکرێت ، بگرە هەروەکک ئەوانە لاوتزۆ باســی کردورن «بەدرێژایی ژیانیان سەرلەیەکتری نادەن ئەگەرچی گوێیان لەقووقەی کەڵەشێرو سەگک وەڕی ماڵەکانی یەکترییە » . لە ئەنجامــدا زمانی ناوکۆیی لەیەکک گەیشتنیان نابێت .

هـ . س . پ .

ئەوشتانەی تێی ناگەن یا نایزانن لە هەڤالاّنی خـوار - خۆتانی بپرسن ، وە بەزوویی پەسند کردن یاپەسندنەکردنی خۆتان دەرمەبڕن .... ئێمە هەرگیز نابێت خۆمان واپیشان بدەین ئەوشتانە ئەزانین کەوا نایزانین « نابێت شــەرم بکەین لەپرس پێکردنی خــەڵکی خوارووترو شت لێوە فێربوونیان» وە ئەبێت بەباشی گوێ شل بکەین بۆ بیرورای کادرەکان لەپلەکانی خواردوە . بەر لەوەی ببیت بەمامۆستا قوتابی بە ، وە بەرلەوەی فەرمان دەربکەیت شت لەکادرەکانی پلەکانی خوارەوە فێرببە ... ئەوەی کادرەکانی پلەکانی خوارەوە ئەی لێن ڕەنگە ڕاست بێت و ڕەنگەڕاســتیش نەبێت ، پاش

گوێ لێ گرتنیان ئەبێت شی یان بکەینەوە . قسە ڕاستەکان ئەبێت پەسندبکەین و بەجێ بگەیەنین...... هەروەها ئەبێت گوێ ڕابگرن بۆ بیروڕا هەڵەکانی خوارەوەیش ، شـتێکی چەوتە ئەگەر هەر هیچ گـوێ ی لێ نەگرن . بێ گـومان ئەمانە نابێت بەجێ بگـەیەنرێن ، بگرە ئەبێت ڕەخنەیان لێ بگرن .

هـ . س . پ .

فێری « پیانۆ لێ دان » ببن . لـەکاتی لێدانی پیانۆدا هەر دەپەنجەکە لە جووڵەدایە ، نابێت هەندێکی بجووڵێت و هەندێکیان نەجووڵێن . بەڵام ئەگەر هەر دەپەنجەکە پێکەوە هێنرانە خوارەوە ، هیچ ئاوازێکی خۆشی لێ هەڵ ناسێت . بۆ دروست کردنی ئاوازیکێ خۆش ئەبێت دە پـەنجەکە بەڕێکی وپێکی بجووڵێنرێن. کۆمیتەیەکی پارتیش ئەبێت ئەرکە ناوەندی یەکەی زۆر بەتوند بگرێت ، بەڵام ئەبێت لەهەمان کاتدا ئەو کارانەی لە دەوروپشتی ئەرکە ناوەندی یەکەدا هەن ببیان کات و لـەبیری نەچن . ئەمڕۆ ئێمە ئەبێت ئاگاداری

زۆر مەیدان ببین ، ئەبێت تەماشای کارکردن بکەین لەناو هەموو ناوچەکانو کەرتەچەکدارەکان ودائیرەکاندا نەک هەرچاو ببڕینە چەن گیروگرفتێکێ وئەوانی تـــر بخەینە لاوە. لەهەر جێ یەک گیروگرفتێک پەیدابوو ئەبێت پەنجەی بخەینەسەر، ئەمەرێگەیەکە ئەبێت تێیدابین بەوەستا. هەندێک کەس پیانۆ باش لێ ئەدەنو برێکی تر خـراپ ، لەبەر ئـەوە ئەوئاوازانەی لێی هەڵئەستێت جیاوازن . جابۆیە ئـــەبێت کۆمیتەکانی پارتی بە باشی « پیانۆ لێ دان » فێر ببن .

هـ . س . پ .

« بەتوندگرتن » واتە کۆمیتەی پارتی نەک هەر ئەبێت ئەرکە سەرەکی یەکانی « بگرێت » و بەس ، بگرە ئەبێت بە « توندیش بی یان گرێت » پـاو تەنیا ئـــەوکاتە ئەتوانێت دەس بە سەر شتێکدا بگرێت کەبەتوندی گـــرتبێتی ، بەبێ کەمترین شل کـردنەوە . کەشـــت تەتوند نەگرێت وەک ئەوە وایە کە هەر نەی گرێت . دیارە ناتوانێت هیچ شتێکێ بگرێت بەدەستی کراوەوە . کەدەس قووچێنراوەکـــرو

ئەوەی شتێک بگریت بەڵام توند نەقووچێنرابێت ، دیسان دەس بەسەردا گرتن نی‌یە . هەندێک لە هەڤاڵەکانمان ئەرکە سەرەکی‌یەکان ئەگرن بەڵام گـرتنەکەیان توند نی‌یە ، بۆیە ناتوانن لەکارەکەیاندا سەربکەون . نەئەوەبەسە کـــە هەر هیچ نەگریت ، وە نەئەوەیش بەسە کە گرتنەکە توند نەبێت .

ه . س . پ .

« ژمارەتـان لەبیر نـەچێت » ، واتە ئەبێت گوێ بدەینە لایەنی چەندایەتی بارێک یا گیروگرفتێک وشی کردنەوەیەکی بنچینەیی چەندایەتی بکەین . هەموو چۆنایەتی‌یەک خۆی لە چەندایەتی‌یەکی دیاری کراودا ئەنوێنێت ، بەبێ چەندایەتیش چۆنایەتی نابێت . تائێستەیش هەندێک هەڤاڵمان هێشتا لەوە تێ نەگەیشتوون کەئەبێت گوێ بدەنە لایەنی چەندایەتی شت ـ ستاتستیکی بنچینەیی ، لەصەدا چەندی سەرەکی و ئەوسنوورە چەندایەتی‌یانەی کە بـــڕیاری چۆنایەتی شتەکان ئـــەدەن . ئەوانە سەبارەت بەوەی « ژمارەیـــان » لەبیرنی‌یە ناتوانن خۆیان لە هەڵە بپارێزن .

ه . س . پ .

« جارِدان بۆ دڵنیا کردنی خەڵک » . ئـەبێت پێشەکی لەبابەت کۆبوونەوەکانەوە جارِبدرێت وەکوو چۆن «جارِ ئەدرێت بۆ دڵنیاکردنی خـەڵک » تاوەکـــوو هەموو کەس بزانێت باسـی چی ئەکرێتو ، چ گیروگـــرفتێک ئەبێت چارەسەربکرێتو ، پێش‌تر خــۆیانی بۆ ئامادەبکـــەن . لەهەندێک شوێن ، بەر لەوەی ڕاپۆرتو پرۆژەی بڕیارەکان ئامادە کرابێت کادرەکان کۆئەکرێنەوەو ، کـــە خەڵکەکە هاتن بۆ کۆبوونەوەکە لەبەر بووره ئەکەونە گفتوگۆ ، دەردی کابرا وتەنی : « لەشکرو ئەسپەکان گەیشتـــوون ، بەڵام نەخواردەمەنیو نەئالیک هیچیان ئامادەنین » ، کـــە ئەمەیش کارێکی باش نی یە . بە پەلە پروزکێ داوای کۆبوونەوە مەکەن ئەگەر پێش‌تر تەیار نەبن .

هـ . س . پ .

« هێزێکی کـــەم‌ترو باش‌تر ، وە دەزگای بەڕێوەبردنی سادەتر . » گفتوگۆو دووانو وتارو نووسینو بڕیارەکان ئەبێت پوختو بەجێ بن ؛ وەهەروەها کـــۆبوونەوەکانیش

نابێت زۆر زۆر درێژەبکێشـــن .

هـ . س . پ .

گوێ بدەنە یەکگـــرتن وکار لەتەک ئەو هەڤاڵانەدا کـــەبیروڕاتان جیاوازە لەگەڵیان . ئـــەبێت چ لەدەزگا شارستانی‌یەکانداو چ لـەناو لەشکردا ئەمەتان لەبیر بێت . وە لەپەیوەندیشتانڈا لەگەڵ ئەوکەسانە کەلەریـــزی پارتی‌دا نین ئەبێت هەر وەهابن . ئێمە لە هەموو سووچێکی ولاتەوە هاتووین ولێرە گردبووینەتەوە ، ئـــەبێت نـەک بتوانین لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەدا یەکبگرین و هاوکاری بکەین کەبیرو باوەڕیان وەکوو هی ئێمەیە ، بگرە لەتەک ئەوانەیشدا کە بیروڕای جیاوازیان هەیە .

هـ . س . پ .

خۆتان لەلووت بەرزی بپارێزن . بـۆ هەموو ئەوانەی کەلەشوێنێکی ڕابەری دان ئەمە مەسەلەیەکی پرانســـیپی‌ی‌و مەرجێکی گرنگی پاراستنی یەکێتی‌یە . تەنانـــەت ئەوانەیش

کەهەڵەی گەورەیان نەکردوەو ، لەکارەکاندا سەرکەوتنی گەورە گەورەیان بەدەس هێناوە ، نابێت بایی‌بن .

هـ . س . پ .

دووهێڵی جیاکەرەوە بکێشن . یەکەم، لەنێوان شۆڕش‌و شۆڕشی چەواشەدا ، لەنێوان « یەنان » و « سیان »* دا . هەندێک کەس تێ ناگەن کەئەبێت ئـەم هێڵە جیاکەرەوەیە بکێشن . بۆنموونە کە ئەچین بەگژ بیرۆکراسی‌دا وا باسی « یەنان » ئەکەن وەکوو «هیچ شتی ڕاستی» تێدا نەبووبێت وە ناتوانن بەراوردێکی بیرۆکراسی«یەنان»لەگەڵ پیرۆکراسی

---

* « یەنان بارەگـای کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین‌بوو لە کانوونی دووەمی ۱۹۳۷ ەوە تا مارتی ۱۹٤۷ ، وە « سیان » ناوەندی حوکمی کۆنەپەرستی کۆمینتانگ بوو لەسەرووی خـۆر ئاوای چین‌دا . هەڤاڵ ماوتسـیتۆنگ ئەم دوو شارەوەکوو ڕەمزی شۆڕش وشۆڕشی چەواشە ناوئەبات .

«سیان» بکەنەوە لەیەکیان جیابکەنەوە. ئەمەیش هەر لەبنچینەوە چەوتە. دووەمین، پێویستە لە ڕیزەکانی شۆڕشدا سنوورێکی جیاکەرەوە بکێشن لەنێوان ڕاستو چەوتدا، لەنێوان کارەڕاستەکانو کەموکوڕییەکاندا، وە ڕوون بکرێتەوە لەم دووانە کامیان یەکەمینو کامیان دووەمینە. بۆ وێنە، ئاخۆ کارە ڕاستەکانی ئەگەنە لەسەداسی یالەسەدا حەفتای هەمووی؟ نابێت نەزۆری بلدرێی ونەکەم. کەسەیری کردەوەی یەکێک ئەکەین ئەبێت هەڵسەنگاندنێکی بنچینەیی مان هەبێت وە دای بنێین ئایا کارەڕاستەکانی ئەگەنە لەسەداسیو هەڵەکانی لەسەداحەفتا یان بەپێچەوانەوە. ئەگەر کارە ـ ڕاستەکانی بگەنە لەسەدا حەفتای هەمووی ئەوا ئەبێت تێکڕا کارەکانی پەسندبکرێت. شتێکی یەکجار چەوتە، ئەوکارەی کەڕاستی تێیدا یەکەمینە بەکارێکی دابنێین کەهەڵەی تێدا یەکەمینە. لەنزیکێ بوونەوەماندا لەگیروگرفتەکان نابێت لەبیرمان بچێت کەئەم دووهێڵە جیاکەرەوەیە بکێشین لەنێوان شۆڕش وشۆڕشی چەواشەدا، وە لەنێوان کارەڕاستەکان کەموکوڕییەکاندا، ئەوسا ئەتوانین کاروبار بەباشی هەڵبسووڕێنین، ئەگینا سروشتی گیروگرفتەکانمان

لێ ئەشێوێت . بۆ ئەوەی ئەم جیاکەرەوانە بەباشی دابنێین بێ گومان لێ کۆڵینەوەو شی کردنەرەی وریایانە پیویستن .

ه . س . پ .

لەمەیدانی ڕێکخستندا، ئەبێت دیموکراسی بەڕێ‌پیشاندانی ناوەندێتی تەئمین بکرێت ، ئەوەیش بەمانەی لای خـــوارەوە ئوتوانرێت جێ بەجێ بکرێت :

(١) دەزگا ڕابەرییەکانی پارتی ئـەبێت ڕێبازێکی ڕاست دیاری بکەن بـــۆ ڕێ پیشاندان ، کە گیروگـرفت پەیدا ئەبن چارەیان بۆبدۆزنەوە ، تا خۆیان بکەن بـە ناوەندی ڕابەرایەتی .

(٢) دەزگا بەرزەکان ئەبێت شارەزای باری دەزگاکانی خوارەوەو ژیانی جەماوەر بن تابنچینەیەکی بابەتی یان هەبێت بۆ ڕێ‌پیشان دانێکی ڕاست .

(٣) هیچ ڕێکخراوێکی پارتی لە هیچ پلەیەکدا نابێت لەخۆیەوەو بێ لێک دانەوەبڕیاری چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بدات . کە بڕیارێکیان دا ئەبێت بێ سێ‌ودوو جێ‌بەجێ بکرێت .

(٤) هەموو ئەو بڕیارە گرنگانەی دەزگا بەرزەکانی پارتی ئەیدەن ئەبێت بەزوویی بگەیەنرێتە دەزگاکانی خوارەوەو ڕیزەکانی پارتی .

(٥) دەزگاکانی خـــوارەوەی پارتی و ڕیزەکانی پارتی ئەبێت لەئامۆژگارییەکانی دەزگا بەرزەکان بە دوورودرێژی بدوێن و گفتوگۆی لەسەربکەن ، تابەتەواری لە مەبەستەکانی بگەن و ، ڕێ و شوێنی جێ بەجێ کردنی دابنێن .

« لەمەڕ ڕاست کردنەوەی بیروڕا چەوتەکانی ناوپارتی » ( کانـــوونی یەکەمی ١٩٢٩ ) ، ن . ه ، ب ١ ،

## ١١ ـ هێڵی جەماوەری

گەل ، وە بەتەنیا هەر گەل ، هێزی بزوێنەرە لەدروست کردنی مێژووی جیهاندا .

« لەمەڕ حکومەتی یەکگ ـ کەوتوو » ( ٢٤ نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ه ، ب ٣

هەر جەماوەر پاڵەوانە ڕاستەقینەکانن ، ئێمە خـۆمان زۆر جار منالّو ساویلکەین ، بـەبێ تێ گەیشتنی ئـەمە ناتوانین سەرەتایی ترین زانین بە چنگ بێنین .

« پێشەکیو پاشەکی " لێ کۆلینەوەی لادیکان " » ( مارتو نیسانی ١٩٤١ ) ، ن ه ، ب ٣

جەماوەر خاوەنی هێزێکی دروسـت کەری بێ سنوورە .

ئەتوانێت خۆی ڕێک بخات و کۆ ببێتەوە لە هەموو شوێنێکو لە هەموو لکێکی کارکردندا، کەماوەی بە گەڕخستنی تەواوی وزەو توانای خۆی هەبێت ، وەئەتوانێت کۆ ببێتەوە لەسەر قـوول کـردنو پان کردنی بەرهەمهێنانو ، دروست کردنی یەکێ جارزۆری ئەو کارانەی چاکەی هەموویانی تێدایە .

پیشـەکی « زیادەی هێزی کار دەرەتانێـکی دۆزی یەوە » ( ١٩٥٥ ) ، « هـەڵ چوونی سۆشیالیستی لە ناو لادێکانی چیندا » ، بەرگی دووەم ، چاپی چینی

هەڵچوونی ئێستای بزوتنەوەی جوتیاران ڕووداوێـکی زۆر سامدارە . لەماوەیەکی زۆر کورتدا ، لە هەرێمەکانی ناوەڕاستو جنوب وشیمالی چیندا سەدان میلیۆن جوتیار ڕاستبوونەیەوە وەکوو گێژەڵووکەیەکی بەتین ، وەکـوو باهۆزێک ، وەکوو هێزێکی تیژوتوند کە هیچ دەسەڵاتێک ، هەرچەن گەورە بێت ، نەتوانێت بەربەستی بکات . هەموو کۆتوپێوەندێک کەدەسو پێی بەستوون ، وردو خاشی

ئەکەن و بەگوڕ ئەکشێن بۆپێشەوە بەرەو ڕزگاری . هەموو ئیمپریالیستەکان و ، شازادەکانی جەنگ و ، کاربەدەستە بەرتیل خۆرەکان و ، زۆرداره خۆماڵی یەکان و ، وەجاخ زادە بەدخووەکان ڕاپێچ ئەکەن بەرەو گۆڕ . هەموو پارتی یە شۆڕشگێڕەکان و هەموو هەڤاڵە شۆڕشگێڕەکان لەلایەن جوتیارەکانەوە ئەدرێن لە مەحەکێ بۆ وەرگرتن و وەرنەگرتنیان . لێرەدا سێ ڕێ هەیە :

لەپێشیانەوە ئەڕۆیت و ڕابەری یان ئەکەیت ؟ یا لۆژلۆژ دوویان ئەکەویت و گاڵتەیان پێ ئەکەیت و ڕەخنەیان لێ ئەگریت ؟ یا ڕێیان پێ ئەگریت ودژایەتی یان ئەکەیت ؟ هەموو چینی یەکێ سەربەستە لە هەڵبژاردنی یەکێکێ لەم سێ ڕێیانە ، بەڵام ڕووداوەکان ناچاری هەڵبژاردنێکی زوو بەزووت ئەکەن .

« ڕاپۆرتێکێ لەمەڕ لێ کۆڵینەوەی جولانەوەی جوتیارانی خونان » ( مارتی ١٩٢٧ ) ،
ن . هـ ، ب ١

شەپۆلی بەرزی گوا... ...ەرەی کۆمەلایەتی ناولادێکان ، شەپۆلی

بەرزی هاوکاری تائێستا گەیشتۆتە هەندێک شوێن وبەزووی سەرانسەری وڵات ئەگرێتەوە . ئەمە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی فراوانی سۆشیالیستی یە کەپتر لە ٥٠٠ میلیۆن کەسی دانیشتووی دێهاتەکان ئەگرێتەخۆی و بایەخێکی جیهانی ئێجگار گەورەو گرنگی هەیە . جائێمەیش ئەبێت چالاکانە بە پەرۆشەوە ڕابەرایەتی یەکی ڕێکوپێکی ئەم بزوتنەوەیە بکەین ، نەک بەبیانووی جۆیجۆی بی گێڕینەوە دواوە . لەم بزوتنەوەیەدا چار نی یە هەندێک هەڵە هەر ڕوو ئەدات ، وە ئەمەیش پێی ئەزانرێت و ، ڕاستکردنەوەیشیان زۆر گران نی یە . ئەو کەموکوڕی و هەڵانەی لەناو کادرو جوتیارەکاندا دەرئەکەون ، ئەتوانرێت چارەبکرێن یانەهێڵرێن ، ئەگەر ئێمە یارمەتی یەکی ئیجابی مان دان .

لەمەڕ مەسەلەی هاوکاری کشتوکاڵی » (٣١ تەموزی ١٩٥٥ )

لەجەماوەردا پەرۆشێکی بێبڕانەوە هەیە بەرامبەر بە

سۆشیالیزم. بەڵام ئەوانەی لەسەردەمی شۆڕشیشدا هەر لەسەر ڕێو شوێنی کۆن لێ ئەخوڕن بەهیچ جۆرێک لە توانایاـ ندا نی یە ئەم پـەرۆشە بەدی بکەن. ئەوانە کوێرن و هەموو شتێکیان لەبەرچاو ڕەش و تاریکە. هەندێک جار ئەگەنە ڕادەیەک ڕاست و چەوت تێکەڵاو ئەکەن وشت ئاوەژوو ئەکەن. ئایا ئەوەندەی لەم چەشنە کەسانەمان دیوە بەس نی یە؟ ئەوانەی هەروابەبێ گۆڕین لەسەر سیستەمی کۆن ئەڕۆن و لەنرخی پەرۆشی گەل کەم ئەکەنەوە، هەرشتێکی تازە بێتە پێشەوە دەس بەجێ بەگژیدا ئەچن و ئەکەونە دژایەتی کردنی، پاشان ناچار ئەبن دان بەبەزینی خۆیاندا بنێن و ڕەخنەیەکی پچووک لەخۆیان بگـرن. بەڵام کە جارێکی کەیش شتێکی نـوێ دەرکەوتەوە دیسانەوە هەموو کەینوبەینی پێشوو دوبارە ئەکەنەوە. ئەمە نموونەی ڕەوشت و خووی ئەمانەیە بەرامبەر بەهەموو، وە هەرشتێکی تازە. ئەم چەشنە کەسانە هەمیشە سەلبین و هەمیشە ناتوانن لەکاتی تەنگانەدا بۆپێشەوە تەکان بدەن، وەهەمیشەئەبێت یەکێک لەپشتەوە تێیانەوەبـژەنێت پێش ئـەوی هەنگاوێک بچنەپێشاوە.

پێشەکی « ئەم شارۆچکەیە بە دووساڵ بوو بـــە هاوکاری » ١٩٥٥ ) ، « هەڵچـوونی سۆشیالیستی لەناو لادێکانی چیندا » بەرگی دووەم ، چاپی چینی

بیست ساڵ زیاترە پارتیمان ڕۆژانە خـەریکی کاری جەماوەرییە ولەماوەی ئـەم دەساڵەی دواییشدا هـەموو ڕۆژێکڬ لە هێڵی جەماوەری دواوە . هەمیشە لەو باوەڕەدا بوین کە شۆڕش ئەبێت پشت ئەستوور بێت بە جەماوەری-گەلو هەمووان هاوبەشـی تێـدا بکەن ، وە هەمیشە دژی ئەوەیش بووین تەنیاپشت بەچەن کـەسێکی کەم ببەستین کە هەر خەریکی فەرمان دەرکردن بن . لەگەڵ ئەمەیشدا هێشتا هێڵی جەماوەری بەتەواوی پەیرەوی نەکراوە لە کارکردنی هەندێکڬ هەڤاڵدا ، بگرە ئێستەیش هەرپشت ئەبەستن بـە چەن کەسێکڬ کە بەتەنیا کارئەکەن . هۆیەکی ئەمەیش ئەوەتە کەواهەرچییەکڬ ئەکەن هەمیشەحەزناکەن ڕوونی بکەنەوەبۆ ئەوکەسانەی ڕابەرییان ئەکەن ،وە نازانن بۆچی وە چۆن وزەی داهێنەرانەو دەس پێشکەرانەیڕابەری کراوەکانیان

بخەنە کار . لەڕووی خۆیی‌یەوە ، ئەمانە حەز ئەکەن هەر کەسە دەسێکی هەبێت لە کارەکەدا ، بەڵام ناهێڵن خەڵک بزانن ئەبێت چی بکەن یا چۆنی بکەن ، جا کەدۆخ وابێت ، چۆن چاودڕوان ئەکرێت کە هەموو کەس بتوانێت بکەوێتە گەڕو ، وە چۆن ئەتوانرێت هیچ کارێک بەباشی بکرێت؟ بڕئەوەی ئەم گیروگرفتە چارەبکرێت شتی بنچینەیی بێ گومان ئەوەیە کە پەروەردە کردنێکی ئایدیۆلۆجی پێک بهێنرێت لەسەر هێڵی جەماوەری ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەبێت ئەو دەقالانە فێری زۆر ڕێگەی دیاری کراوی کار کردن بکرێن .

« دووانێک لەگەڵ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی شانسی سۆییوان » ( ٢ی نیسانی ١٩٤٨ ) ، ن . ه ، ب ٤

بیست و چوار ساڵ تەجروبە پێمان ئەڵێت کەوا فرمان و سیاسەت و شێوەی کار کردنی ڕاست ، بەچەشنێکی نەگۆڕ ، لەتەک خواستەکانی جەماوەردا لەکات و شوێنی دیاری کراودا

ئەگونجێن وبەجۆرێکی نەگۆڕ پەیوەندیمان لەگەڵ جەماوەرا پتەوەر ئەکات ، وە فەرمان و سیاسەت و شێوەی کارکردنی چەوت ، هەرگیر ڕێک ناکەون لەکات و شوێنی دیاری کراودا لەتەک خواستەکانی جەماوەردا ، وەبەبێ گۆڕان ئێمە لە جەماوەر دوور ئەخاتەوە. هۆی ئەوەی کەبۆچی خراپەکانی وەکوو دۆگماتیزم، ئیمپریسیزم کۆماندیزم، کلکایەتی ، دەستەگەری ، بیرۆکراسی و لووتبەرزی لەکارکردندا بێ گومان زیان‌دارن و بەهیچ جۆرێک نابێت بهێلرێنەوە ، وە بۆچی هەر کەسێک تووشی ئەم دەردانە بووبێت پێویستە نەیان هێڵێت ئەوەیە کە دوورمان ئەخەنەوە لە جەماوەر .

« لەمەڕ حکومەتی یەکگ ـ کەوتوو » ( ٢٤ نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ه ، ب ٣

بۆئەوەی یەکێک خۆی بەجەماوەرەوە ببەستێت ، ئەبێت بەپێی پێویستی و ئارەزووی جەماوەر بجوولێتەوە . هەر کارێک بۆجەماوەر ئەکرێت ئەبێت لە پێویستی یەکانی

ئەوەوە دەس پێ بکات نەک لە ئارەزووی هەچ کەسێکەوە،
هەرچەندە نیازیشی باش بێت. گەلێک جار وا ڕێ ئەکەوێت
جەماوەر لە ڕووی بابەتی یەوە پێویستیان بە گۆڕینێکی دیاری-
کراو هەیە، بەڵام لە ڕووی خـۆیی یەوە هێشتا هەستیان
بەم پێویستی یە نەکردووە و، هێشتا ئارەزووی گۆڕینیان
نی یە یا بڕیاریان نەداوە. لـەدۆخی وەهادا، ئەبێت دان
بە خۆمەندا بگرین و چاوەڕوان بین، نابێت ئێمە جارێ هەوڵی
گۆڕینە کە بدەین تا بە تەقەللای خۆمان زوربەی جەماوەر وا
لێ ئەکەین هەست بە پێویستی یە کە بکەن و بیانەوێت بی گۆڕن
و بڕیاری جێ بەجێ کردنی بدەن، ئەگینا وەکوو تر خۆمان
لە جەماوەر دائەبڕین. هەر کارێک پێویستی بە هاوبـەشی
جەماوەر بێت ئەگەر ئەوان بە هوشیاری یەوە وە بە ئارەزووی
خۆیان بەشداری تێدا نەکەن، ئەبێت بە ڕوالەتێکی ڕووت و
ژێر ئەکەوێت . ... لێرەدا دوو پرانسیپ هەیە: یەکێکیان
پێویستی ڕاستەقینەی جەماوەر نەک ئەو پێویستی یە خەیاڵی یەی
لە مێشکی ئێمەدایە، ئەوی تریشیان ئارەزووی جەماوەرە،

جا ئەبێت ئەوان خۆیان بریاری لەسەربدەن ، نەک ئێمە لەجیاتی ئەوان بڕیار بدەین .

« بەرەی یەکگرتوو لەکاری فەرهەنگیدا »
( ۳۰ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ ) ، ن . هـ ، ب ۳

ئەبێت کۆنگرێسەکەمان داوا لــە هەموو پارتی بکات تازیاتر هۆشیاربن و ، وریای ئەوەبن هیچ هەڤاڵێک ، سائیتر لەهەرپلەیەکدا بێت ، لە جەماوەر دادــەبڕدرێت . ئەبێت هەموو هەڤاڵێک فێربکات کە بـەکوڵودڵ گەلی خۆش ـ بوویت و بەوردی گوێ شل بکات بۆ دەنگی جەماوەر ، بۆ هەرکوێیەک بچێت خۆی بەیەکێک لەوان بزانێت ، لەباتی ئەوەی خۆی لەسەرروو ئەوانەوە بگرێت ، خۆی تێکەڵاوی ئەوان بکات ، بەپێی ئاستی ئەوکاتەیان هۆشیاریان بکاتەوەو ئاگایی سیاسییان بەرزبکاتەوەو یارمەتییان بدات بەرە ـ بەرە بەئارەزووی خۆیان ڕێک بخــەن ، بۆ ئەوەی بەوپێیەی کـەباری دەرەوەو ناوەوە ڕێئەدات ، لەکات و شوێنی خۆیدا هەموو خەباتێکی جەوهەری بکەن .

« لەمـــەڕ حکومەتی یەکێ ـ کەوتوو »( ٢٤ی نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ه ، ب ٣

ئەگەر کەوتینە هێرش بردن لەکاتێکدا کەهێشتا جەماوەر هۆشـــیار نەبۆتەوە ، ئەمە ســـەرچڵی یە . وەئەگەر بەزۆر ویســـتمان جەماوەر بەپێچـەوانـەی ئارەزووی خـــۆیەوە رابکێشین بۆکردنی هەرشتێک بێ گومان ژێرئەکەوین . وە ئەوددمەی جەماوەر داوای پێش کەوتن ئەکەن ئەگەر پێشیان نەکەوتین ، ئەوە هەلپەرستی ی راستڕەوە .

« دووانێک لـــەگەڵ دەستەی نووســـەرانی رۆژنامەی شانسی ـ سۆییوان »( ٢ی نیسانی ١٩٤٨ ) ، ن . ه ، ب ٤

کۆماندیزم لەهـەموو جۆرە کارێکدا شتێکی چەوتە ، چونکە بازئەدات بەسەر ئاستی هۆشیاری سیاسی جەماوەردا ، وە ئەو پرانسیپە تێکئ ئەدات کە ئەبێت پەیڕەوی ئارەزوو ، ویستی جەماوەر بکرێت وددردی پەلەپرووزێ کردن پیشان ئەدات . نابێت هەڤالانمان وابـــزانن هەرچی خۆیان تێ ی

ئەگەن جەماوەریش تێی ئـەگات ، ساخ کردنەوەی ئەوەی
کە جەماوەر - لەو شتە گەپشتووەو ئامادەی کار کردنە یان نە
هەربەوە ئەکرێت کەبچنە ناویەوەو لێی بکۆڵنەوە . ئەگەر
ئەمەمان کرد ئـــەتوانین خۆمان لە کـــۆمانەدیزم لابدەین .
هەروەها کلکایەتیش لـــە هەموو جـوره کارێکدا چەوتە ،
چونکە لەئاستی هۆشیاری سیاسی جەماوەرنزمترەو ، پرانسیپی
ڕابەری کردنی جـــەماوەر بـــۆ پێشـەوە ئەشکێنێت و دەردی
خاووخلچکی پیشـان ئەدات . هەڤالانمان نابێت وابزانن
هەرچی خۆیان تێی ناگەن جـــەماوەریش تێی ناگات .
زۆر جار وا ڕێئەکەوێت جەماوەر پێش ئێمـە ئەکەونو
زۆر حەزئەکەن هەنگاوی‌تر بۆ پێشەوە بنێن ، کەچی لەگەل
ئەوەیشدا کـــە هەڤالانمان پێیان ناکرێت وەکوو ڕابەری
جەماوەر بجووڵێنەوە ، بەدووی هەندێکێ کەسی پاش کەوتوو
ئەکەون . بیروڕاکانی ئەوان پیشان ئەدەنو ، بەهەڵە ، بەهی
جەماوەری فراوانی خەڵکیشی دائەنێن .

« لەمەڕ حکومەتی یەکێ - کەوتوو » ( ٢٤

نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ه ، ب ٣

بیروڕاکانی جەماوەر وەربگرەو خەستیان بکەرەوە ، ئەوجا بچۆرەوە بۆناو جەماوەرو لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو بیروڕایانە بڕۆ ، بۆ پێکهێنانی بیروڕای ڕاستی ڕابەرایەتی- ڕێگەی بنچینەیی ڕابەرایەتی وەهایە .

هەندێک مەسەلە لەسەر ڕێگەکانی ڕابەرایەتی » (١ی حوزەیرانی ١٩٤٣ ) ، ن . ه ، ب ٣

لەهەموو کردارەکانی پارتیماندا گشت ڕابەرایەتییەکی ڕاست بەناچاری « لەجەماوەرەوەیەو ، بۆ جەماوەر » . ئەمەیش واتە بیروڕاکانی جەماوەر وەربگرە ( بیروڕای پەرش و بڵاوو ڕێکنەخراو ) و ئەم بیروڕایانە خەست - بکەرەوە ( واتە بەهۆی خوێندن و لێکۆڵینەوەیەوە ، کردنی بەبیروڕای پوخت و ڕێک و پێک ) ، ئەوسا بچۆرەوە ناو جەماوەرو ئەم بیرو ڕایانە بڵاوو ڕوون بکەرەوە تا جەماوەر

ئەیان قۆزێتەوە وەکوو هی خۆی و بەتوندی پێوەی ئەنووسێن و ، کاری پێ ئەکەن و ، لەقسەوە ئەی کەن بەکردەوەو ، ڕاستی ودروستی ئەم بیروڕایانە بەکردەوەی وەها تاقی ئەکرێتەوە. دیسان جارێکی کە بیروڕا لە جەماوەر وەربگرەو خەستی ـ بکەرەوە ، وەدیســانەوە بچۆرەوە ناو جەماوەر تاوەکوو بیروڕاکە ئەمێنێتەوەو جێ بەجێ ئەکرێت. ئاوەها لەسەری بڕۆ ، بێ بڕانەوە بەجۆرێکی مارپێچی . وە تادێت جار لــەدوای جار بیروڕاکان ڕاست ودروستترو زیندووترو دەوڵەمەندتر ئەبن . تیۆری مارکسی لەمەڕ زانین بەم جۆرەیە.

ه . س . پ .

ئەبێت بچینــە ناو جەماوەرەوەو شتی لێــوە فێر ببین و تەجروبەکانی تێکڕ بخەین و ، ب کەین بەپرانســپ و ڕێگەی باشتر ودیاتر ، ئــەوجا بکــەوینە پرۆپاگاندە لەناو جەماوەردا ، داویان لێ بکــەین کەئەم پرانسیپ و ڕێگایانە بخەنە کار بۆئەوەی گیروگرفتەکانیان چارەبکــەن وە یارمەتی یان بدەین بۆ دەسخستنی ئازادی و بەختیاری .

« خۆتان ڕێکبخەن ! » ( ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ ) ، ن . هـ ، ب ٣

خەڵکێ هەن لەدەزگا ڕابەری یەکانماندا لە هەندێک شوێن ، کە لایان وایە تەنیا ئەوە بەسە کە هەر ڕابەرەکان سیاسەتی پارتی بزانن وە هیچ پێویست بەوەناکات بپێلێت جەماوەریش بیزانێت . ئەمەیەکێکە لەو هۆ بنچینەیی یانەی کە بۆچی هەندێک کارمان بە باشی بۆ ناکرێت .

« دووانێک لەگەڵ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی شانسی ـ سوێیوان » ( ٢ی نیسانی ١٩٤٨ ) ، ن . هـ ، ب ٤

لە هەموو بزوتنەوەیەکی جەماوەریدا پێویستە لێکۆڵینەوەو شی کردنەوەیەکی بنچینەیی ژمارەی یاریدەدەرە چالاکەکانو ناحەزەکان وبێ لایەنەکان بکەین وەنابێت گیروگرفتەکان بەچەشنێکی خۆیی وبەبێ بناغە بڕیاریان لەسەر بدرێت .

« ڕێگەکانی کارکردنی کۆمیتەکانی پارتی » ( ١٣ی مارتی ١٩٤٩ ) ، ن . هـ ، ب ٤

هەرجێیەک بگریت ، بەگشتی جەماوەرەکانی لەسێ بەش پێک هاتوون ، ئەوانەی تارادەیەک چالاکن ، ئەوانەی مام ناوەنجین ، ئەوانەی تاردەیەک پاشکەوتوون. لەبەر ئەوە ڕابەرەکان ئەبێت زیرەکانە کەسە چالاکە بەژمارە کەمەکان لەدەوری ڕابەرایەتی گلێر بکەنەوە ، وە بەپشتیوانی ئەوانە ئاستی هۆشیاری سیاسی کەسانی مام ناوەنجی بەرزبکەنەوەو پاشکەوتووەکانیش بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

«هەندێک مەسەلە لەمەڕ ڕێگەکانی ڕابەرایەتی»
( ١ی حوزەیرانی ١٩٤٣ ) ، ن . هـ ، ب ٣

باش سیاسەتی پارتی بگۆڕیت بەکردەوەی جەماوەری ، باش نەک هەر کادرە ڕابەرەکان بگرە جەماوەری فراوانیش تێ بگەیەنیت وشارەزای بکەیت لەهەموو بزوتنەوەو هەموو خەباتێک کەئەی کەین ، ئەمەیە هونەرێکی ڕابەرایەتی مارکسی - لینینی ، وە هەر ئەمەیش هێڵێکی جیاکەرەوەیە بۆ دەرخستنی ئەوەی ، ئێمە لە کارەکەماندا بەهەڵەچووین یان نە !

دووانێکێ لەگەڵ دەستەی نووسەرانی ڕۆژ-
نامەی شانسی - سوێیوان » (۲ی نیسانی
۱۹٤۸) ، ن. ﻫ ، ب ٤

دەستەی ڕابەری کەرهەرچەن چالاک بێت ، ئەگەر چالاکی خۆی لەگەڵ چالاکی یەکانی جەماوەردا کۆنەکاتەوە ، هەروەکوو - ڕەنجی بێ بەری چەن کەسێکی لێ دێت . لەلایەکی تریشەوە ئەگەر جەماوەری فراوان بەتەنیا چالاکی یان نووانە بەبێ دەستەیەکی ڕابەری کەری خورت بۆ ڕێک خستنی چالاکی یان ، بەجۆرێکی گونجاو ، ئەم چالاکی یەیش زۆر ناخایەنێت وە ناتوانێت بە ئاقارێکی ڕاستدا بۆپێشەوە بڕوات یا بگاتە ئاستێکی بەرز .

«هەندێک مەسەلەلەمەڕ ڕێگەکانی ڕابەرایەتی»
(۱ی حوزەیرانی ۱۹٤۳) ، ن. ﻫ ، ب ۳

بەرهەم هێنان لەلایەن جەماوەرەوە ، دەس کەوتەکانی جەماوەر ، تەجروبەکانی جەماوەر وهەستەکانی جەماوەر

کادرە ڕابەرییەکان ئەبێت هەمیشە گــوێ بدەنە ئەم شتانەو بەتەنگیەوە بێن .

وتەیەکی دەس نووس بۆ پیشانگەی بـــەرهەمی ڕێکخراوەکانی سەربە کۆمیتەی ناوەندی پارتی و فەرماندەی گشتی لەشکری هەشـــتەم ( ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ )

ئەبێت زۆر بەتەنگ باش کردنی ژیانی جەماوەرەوە بێن ، هەر لە گیرو گــرفتی زەوی و کارەوە تاهینە کانی سووتەمەنی وبرنج و ڕۆن و خوێ ...... هەموو ئــەو گیرو گرفتانەی پەیوەندی یان بەژیان ـ باشی جەماوەرەوە هەیە ئەبێت بخرێنە لیستەی کارمانەوە . ئــەبێت باسیان بکــەین و ، بڕیاریان لەسەر بدەین و جێ بەجێ یان بکەین وچاو بە ئەنجامەکانیانەدا بگێڕینەوە . ئەبێت یارمەتی جەماوەر بدەین تێ بگەن کە ئێمە نوێنەری دەس کەوتی ئەوانین و ، ژیانی ئێمە بە جــۆرێکی دڵسۆزانە بەسراوە بــەژیانی ئەوانەوە . ئەبێت یارمەتی یان بدەین تالەم شــتە سادانەوە بگەنە تێ گەیشــتنی ئەو ئەرکــە

گەورانەیش کە ئێمەدیاری‌مان کردوون ، واتە ئەرکەکانی جەنگی شۆڕشگێرانە ، ئاپشتیوانی‌ی شۆڕش‌بکەن ولە سەرانسەری ولاتدا تەشەنەی پێ‌بدەن، وە بەدەنگ بانگە سیاسی‌یەکانمانەوە بێن‌و لەشۆڕشدا ئاڕۆژی سەرکەوتنی یەکجارەکی بجەنگین .

«مشووری باش کردنی ژیانی جەماوەربخۆن‌و وریای ڕێگەی کارکردن بن» ( ۲۷ی کانوونی دووەمی ۱۹۳٤ ) ، ن . ھ ، ب۱

# ١٢ ـ کاری سیاسی

سیستەمی نوێنەرایەتی پارتی و بەشە سیاسی یەکان کە یەکەم جار لە چیندا پێکێ هێنرا ئەم هێزە، بە تەواوی دیمەنی چەکدارانەی* گۆڕی، لەشکری سور کەوا لە سالی ١٩٢٧ دامەزرابوو ،وە لەشکری هەشتەمی ئێستە، ئەم سیستەمەیان بۆ ماوەتەوە و گەشەیشیان پێ کردوە .

---

* ئەمە نیشانەیە بەو هێزە شۆڕشگێڕانەی پێکەوە لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی چین و کۆمینتانگەوە رێکێ خران لە سالەکانی هاوکاری یاندا کاتی جەنگی شۆڕشگێڕانەی ناوخۆی یەکەم ١٩٢٤ ـ ١٩٢٧ .

« دووانێکێ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی بەریتانی جێمس بیرترام » ( ٢٥ی تشـرینی یەکەمی ١٩٣٧ ) ، ن . هـ ، ب ٢

لەشکری ڕزگاری گەل کاری سیاسی شـۆڕشگێڕانەی پڕهێزی خۆی گەشە پێ کـردوە ، کە ئەمە فاکتـۆریکی گرنگە لەبردنەوەی سەرکەوتندا لە دوژمن ، ئەمەیشـی لەسەر بناغەی جەنگی گەل وپرانسـیپەکانی یەکێتی نێوان لەشکرو گەل ، وە یەکێتی نێوان فەرماندەو شەڕکەرەکان ، وە هەڵ وەشاندنی هێزەکانی دوژمن ، جێبەجێ کردوە .

« باری ئێستا و ئەرکەکانی سەرشانی ئێمە » ( ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٧ ) ، ن . هـ ، ب ٤

ئەم لەشکرە سیستەمێکی وای بۆ کاری سیاسی داناوە کـە شتێکی بنچینەیییە بـۆ جەنگی گەل ، وە ئامانجیشی پێش خستنی یەکگرتنی نێوان ڕیزەکانی خۆی و یەکێتی لەتەک لەشکرە دۆستەکانی و ، یەکێتی لەتەک گەل و ، هەڵوەشاندنی هێزەکانی دوژمن و تەئمین کردنی سەرکەوتن لە شەڕدا .

« لەمەڕ حکومەتی ـ یەکگ کەوتوو » (٢٤ی نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ﻫ ، ب٣

کاری سیاسی خوێنی ژیانە بۆ هەموو کارێکی ئابوری . ئەمە بە تایبەتی ڕاستە لە کاتێکدا کە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوری گۆڕینی بنەڕەتییان بەسەردا دێت .

پێشەکی « پەندێکی گرنگ » ( ١٩٥٥ ) « هەڵچوونی سۆشیالیستی لەناو لادێکانی چیندا » ، بەرگی یەکەم ، چاپی چینی

« دامەزراندنی ڕێکخراوی پارتی لەسەر بناغەی لق » ئەمە هۆیەکی گرنگە بۆ ئەوەی کە بۆچی لەشکری سوور توانیویێتی ئەو هەموو شەڕە سەختانە بکات بەبێ ئەوەی لێک بترازێت .

« خەبات لە چیاکانی چینگ کانگ » (٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٨ ) ن . ﻫ ، ب١

سێ پرانسیپی بنچینەیی ڕێ پێشاندەری کاری سیاسی لەشکری هەشتەمن : یەکەم ، پرانسیپی یەکێتی نێوان ئەفسەرو

سەرباز ، کەئەمەیش واتە هەڵکەندنی ڕەوشتی فیۆداڵی یانە لە ناو لەشکردا ، قەدەغە کردنی لێدان وجنێو ، ێێکێ هێنانی دیسپلنێکی هۆشیارانە، وەهاوبەشی کردن لە خۆشی و تاڵی دا - لەئەنجامی ئەمەدا هەموو لەشکر توند یەکی گرت.
دووەم ، پرانسیپی یەکێتی نێوان لەشکرو گەل ، واتە ڕاگرتنی دیسپلنێکی وا کە قەدەغەی پچووکترین زیان گەیاندن بەدەس کەوتەکانی گەل بکات ، بەجێ هێنانی پروپاگاندە لەناو جەماوەردا، ڕێکخستن وچەکدار کردنیان، سووک کردنی باری ئابووری یان، لەباڵ دانی خائینان و ئەو دەس تێکەڵ کردووانەی زیان ئەگەیەنن بەلەشکرو گەل - لەئەنجامی ئەمەیشدا لەشکر بە توندی لەتەک گەل یەکی گرتو لە هەموو شوێنێک بە پیریەوە ئەچن .
سێیەم ، پرانسیپی هەڵوەشاندنی هێزەکانی دوژمن ، وە ڕەفتاری نەرم بەرامبەر بە دیلەکانی جەنگ ، سەرکەوتنی ئێمە تەنیا بەند نییە بەکارە جەنگی یەکانمانەوە ، بگرە هەروەها بەندە بە هەڵوەشاندنی هێزی دوژمنیشەوە .

« دووانێک لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی بەریتانی

جێمس بیرتـرام » ( ٢٥ی تشـرینی یەکەم ١٩٣٧ ) ، ن . ھ ، ب ٢

پێویستە ھێزە کانمان چاودێری ئەو پرانسیپە ڕاسـتانە کەوا پەیوەندی نێـوان لەشکرو گـەل ، نێوان لەشکرو حکومەت ، نێوان لەشکرو پارتی ، نێوان ئەفسەرو سەرباز ، وە نێوان کاری سەربازی و کاری سیاسی و پەیوەندی نێوان کادرەکان ڕێکدەخەن . وەنابێت ھەرگیز تووشی ھەڵەکانی شازادایەتی جەنگ ببن . ئەفسەران پێویستە دڵنەوایی سەربازە کانیان بکەن و نابێت کەمتەرخەم بن لە ژیان باش کردنیاندا ، وەنابێت پەنا بەرنەبەر سزادانی لەش . پێویستە لەشکر ، دڵنەوایی گەل بکات وەھەرگیز دەس نەبات بۆ دەس کەوتەکانی و پێویستە لەشکر ڕێزی حکومەت و پارتی بگرێت و ھەرگیز خۆی بە سەربەخۆ نەزانێت .

« خۆتان ڕێک بخەن ! » ( ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ ) ، ن . ھ ، ب ٣

سیاسەتمان بەرامبەر بەودیلانەی ئەگیرێن لە ژاپۆنییەکان و

هێزە دەس کردەکانی دوژمنی کۆمۆنیزم ،ئەوەیە کە هەموویان بەرەڵڵابکەین ، جگەلەوانەیان کە زۆر ڕقی جەماوەریان هەستاندوەو پێویستە هەڵ بواسرێن وە حوکمی کوشتنیشیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەرزترەوە پەسند کراوە . لە ناو دیلەکاندا ، ئەوانەیان کە بە نابەدڵی خراونەتە ڕیزی هێزەکانی کۆنەپەرستییەوە و کەم یازۆر دڵیان بە شۆڕشەوەیە پێویستە بە ژمارەیەکی زۆر بیان هێنن بۆ خزمەت کردنی لەشکرەکەمان ، ئەوانیتر ئەبێت بەرەڵڵا بکرێن . ئەگەر هاتنەوە بە گژماندا و جارێکی کە گرتمانەوە ، دیسانەوە ئەبێت بەربدرێن . نابێت بیان شکێنن و کەلوپەلی خویانیان لێ بسێنن ، یا ناچاریان بکەین حاشا لە رابوردویان بکەن ، بگرە بەبێ جیاوازی ئەبێت دڵسۆزانەو دڵنەرمانە لەگەڵیان بجوولێینەوە . سیاسەتمان ئەبێت ئەمەبێت ، هەرچەندە کۆنەپەرستیش بن . ئەمە ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ لێک دابڕینی کامپی کۆنەپەرستی .

« لەمەڕ سیاسەت » ( ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٠ ) ، ن . هـ ، ب ٢

چەکێ فاکتۆرێکی گرنگە لە جەنگدا ، بەڵام فاکتۆری بڕینەرەوە نی یە . خەڵکێ نەکێ شت بڕینەرەوەن . بەربەرەکانێی هێز ، تەنیا بەربەرەکانی سەربازیو ئابوری نی یە ، بگرە هەروەها بەربەرەکانێی هێزی مرۆڤی و ورەیشە . هێزی سەربازی وئابوری چارنی یە ئەبێت لەلایەن خەڵکەوە هەڵ بسوورێنرێن .

« لەمەڕ جەنگی درێژ خایەن » ( ئایاری ١٩٣٨ ) ، ن . هـ ، ب ٢

بۆمبای ئەتۆم پڵنگێکی کاغەزە کەوا کۆنەپەرستی ئامریکا بە کاری ئەهینێت بۆ خەڵکێ تۆقاندن ، لەگەڵ ئەوەیشدا کە بەسامدەرئەکەوێت لەڕاستیدا وانی یە بێ گومان بۆمبای ئەتۆم چەکێکە بۆ گەلە ـ کوشتاری خەڵکێ ، بەڵام ئەوی ئەنجامی جەنگێ بەلایەکدا ئەخات گەلە نەکێ چەکێکێ یا دوو جۆرە چەکی تازە .

«دووانێکێ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ئامریکایی ئانا لویس سترۆنگ » ( ئابی ١٩٤٦ ) ، ن . هـ ، ب ٤

سەرباز بناغەی لەشکرە . هەتا بە گیانێکی سیاسی پێش کەوتووانە گۆش نەکرێن ، وە هەتا ئەم گیانە لەرێی کاری سیاسی پێش کەوتووانەوە پێ نەگەیەنرێت ، لەتوانادا نابێت کە یەکێتی ڕاستەقینەی نێوان ئەفسەرو سەرباز پێکەوە بهێنرێت ، لە توانادا نابێت پەروەشیان بۆ جەنگی بەرگری بە تەواوی پەرەی پێ بسەنرێت ، وە لە توانادا نابێت بناغەیەکی باش دابنرێت بو بەکار هێنانی هەرە کاریگەرانەی تفاقی تەکنیکی و تاکتیکەکانمان .

« لەمەڕ جەنگی درێژ خایەن » ( ئایاری ١٩٣٨ ) ، ن . ه ، ب ٢

باری سەرنجی سەربازانەی پارتی گەشەیەکی زۆر بەرزی کردوە لەناو ژمارەیەکی لە هەڤاڵەکانی لەشکری سووردا ، ئەمەیش وەکوو لای خواروو ئەنوێنێت :

١ ـ ئەم هەڤاڵانە کاروباری سەربازی و سیاسی بە دژی یەکتری دائەنێن ، وە مل نادەن دان بەوەدا بنێن کەوا کارو بارەکانی سەربازی تەنیا هۆیەکن بۆ جێبەجێ کردنی

ئەرکە سیاسی یەکان . هەندێکیان تەنانەت ئەڵێن : لائەگەر تــۆ لــە ڕووی ســەربازی یەوە باش بیت دیارە لەڕووی سیاسیشەوە باش ئەبێت ، خۆ ئەگەر لەرووی سەربازی یەوە باش نەبوویت بە هیچ جۆرێک ناتوانیت لــە رووی سیاسی یەوە بەکەڵکی هیچ بێیت واتەهەر ئەوەندەی ماوە بڵێت ڕابەری باری سیاسی بخەرە ژێردەستی کاروباری سەربازی یەوە »

« لەمەڕ ڕاست کردنەوەی بیروڕاچەوتەکانی نــاو پارتی » ( کانونی یەکەمی ١٩٢٩ ) ، ن . هـ ، ب ١

پەروەردە کــرنی ئایدیۆلۆجی هەڵقەی سەرەکی یە بــۆ یەکخستنی هەمووپارتی لە پێناوی خەباتە سیاسی یە مەزنەکاندا . هەتا ئەمە جێ بەجێ نەکرێت ، پارتی ناتوانێت هیچ یەکێک لە ئەرکە سیاسی یەکانی جێ بەجێ بکات .

« لەمەڕ حکومەتی یەک ـ کەوتوو »( ٢٤ ی نیسانی ١٩٥٤ ) ، ن . هـ ، ب ٣

لەم دوایی یەدا دواکــەوتنێک ڕووی داوە لــە کاری

ئایدیولوجی و سیاسیدا لەناو قوتابیان و ڕۆشنبیراندا، وەچەن ئاقارێکی ناساز دەرکەوت. هەندێک کەس وادەزانە کەوێت بیر بکەنەوە کەوا ئیتر پێویست بەوە ناکات خۆیان خەریک کەن بە سیاسەت وە یا بە دوارۆژی نیشتمان و بەئایدیالە-کانی مرۆڤایەتی یەوە. وادەزانە کەوێت وەکوو ئەوەی مارکسیزم کەوا جاران لەبرەودا بوو ئێستە کۆن بووبێت و باوی نەمابێت. بۆ ئەوەی بەری ئەم ئاقارە بگیرێت، پێویستە لەسەرمان کاری ئایدیۆلۆجی و سیاسیمان بەهێزتر بکەین، قوتابیانیش و ڕۆشنبیرانیش پێویستە بە سەختی بخوێنن، سەرەڕای خوێندنی باسە تایبەتی یەکانی خۆیان پێویستە لە ڕووی ئایدیۆلۆجی و سیاسیشەوە پێش بکەون، واتە پێویستە مارکسیزم و ڕووداوەکانی ئێستاو سیاسەت بخوێنن. نەبوونی باری سەرنجێکی ڕاست وەکوو نەبوونی گیان وایە. پێویستە لە سەر هەموو بەشەکان و ڕێکخراوەکان فرمانی خۆیان بگرنە ئەستۆ لە ڕووی کاری ئایدیۆلۆجی و سیاسی یەوە، ئەمە پارتی کۆمۆنیست، کۆمەڵی لاوان و ئەو بەشە حکومەتی یانەیش ئەگرێتەوە کە لێ پرسراوی ئەم کارەنەوە بە تایبەتی

سەرەکی دامەزراوەکانی پەروەردەکردنو مامۆستاکان ،

« لەمەڕ راست چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان گەل » ( شوباتی ١٩٥٧ )

دوای دەسخستنی پەروەردەکردنی سیاسی سەربازانی لەشکری سوور ، هەموو هۆشی چینایەتیان پەیدا کردو لەپێویستیەکانی دابەش کردنی زەوی‌و ، پێکەوەنانی دەسەلاتی سیاسی‌و ، چەکدارکردنی کرێکارانوجوتیاران... هتد گەیشتن . وە هەموو ئەزانن کەوا شەڕ بۆ خۆیان ئەکەن ، بۆ چینی کرێکارو جوتیار ، لەبەر ئەمەیە کە ئەتوانن بەرگەی دیژواری‌و تاڵی خەبات بگرن بەبێ بۆڵەوخوتە . هەموو لق‌و بەتالیۆنو فەوجێک کۆمیتەی سەربازانی خۆی هەیە کە نوێنەری دەس کەوتی سەربازەکانە وە کاری‌سیاسی‌و جەماوەری ئەبەن بەڕێوە .

« خەبات لەچیاکانی جینگ کانگ »( ٢٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨ ) ؛ ن . هـ ، ب ١

ڕاست یەکالا کردنەوەی بزوتنەوەی سکالاو شکات هەڵڕشتن ( ئەو خراپییانەی بەرامبەر بە گەلی کارکەر کراون لایەن کۆمەڵی کۆنو کۆنەپەرستانەوە ) وەسێ تۆژانەوەکە ( لەمەڕ بنجی چینایەتیو ، ئەندازەی جێبەجێ کردنی فرمانو ، ویستی شەڕکردن) ئێجگار زۆر هۆشیاری سیاسی فەرماندەرو شەڕکەرەکانی بەرزکردۆتەوە لە هەموو لەشکردا ، لەشەڕ کردندا لە پێناوی ڕزگاری جەماوەری ڕەنجدەری چەوساوەو ، جێبەجێ کردنی «ڕیفۆرمی»زەوی وە بۆ ڕماندنی‌دوژمنی هەموو گەل،داوو دەزگای چیانگ کای شیک، وە هەروەها تائەندازەیەکی زۆر یەک گرتنی پتەوی فەرماندەرو شەڕکەرەکانی بەهێزکرد لە ژێر ڕابەری پارتی کۆمۆنیستدا ، وە لەسەر ئەم بنچینەیە ڕیزەکانی لەشکرباش‌تر پاک بووەوەو دیسپلینی بەهێزتربوو ، بزوتنەوەی مەشق کردنێکی جەماوەری پەیدا بوو ، وەپتر گەشەی کردبە دێموکراتی سیاسی‌و ئابوری‌و سەربازی ،بە چەشنێکی زۆرباش بەڕێوەبرا.بەڕێکوپێکی.بەم جۆرە لەشکر یەکی گرتووەوەک تاکە پیاوێک، هەموو کەس بەشی خۆی

تێخستوە بە بیروڕاو بە هێزیشی . لەشکرێکێ نەترسێت لە خۆبەخت کردن‌و توانای بەسەردا زال‌بونی هەموو دژوا- رییەکی مـادی هەبێت‌و زات‌و قارەمانێتی جـەماوەری بنوێنێت ، لە ڕووخاندنی دوژمندا . لەشکرێکی ئاوەها لە شکاندن نایەت .

« لەمەڕ سەرکەوتنە گەورەکەی شیمالی‌خۆر- ئاواوبزوتنەوەی شێوە تازەی پەروەردەکردنی ئایدیۆلوجی لـەڕیزی لەشکری ڕزگاریدا »
٧ی مـارتی ١٩٤٨ ) ، ن . هـ ، ب٤

لەچەن مانگی دوایدانزیکەی هەموو لەشکری ڕزگاری گەل کەڵکی وەرگرت لە ماوەی نێوان شەڕەکان بۆ مەشق- کردن‌و خۆ چەسپاندن بـە چەشنێکی فراوان ، ئـەم کارەلە ڕێیەکی ڕێکوپێک‌و ئاڕاستەکراوو دیموکراتییانەوە پێک هێنرا . لە ەر ئەمە جۆش‌و خرۆشێکی شۆڕشگێڕانەی هەڵ- گیرسان لـە جەماوەری مەزنی فەرماندەرو شەڕکەراندا وە وای لێ کردن کەبەڕوونی لـە نیازی جەنگە کە تێ بگەن ،

هەندێکێ ئاقاری ناراستی ئایدیۆجیو دیمەنی نـا پەسـەندی ناو لەشکری سرییەوە ، کادرو شەڕکەرانی پەروەردەکردو ئێجگار زۆر وزەی کاریگـەری جەنگێ کردنی لەشـکری بەرزکردەوە . لێرەودوا پێویستە لەسەر ئەم شێوە تازەیەی بزوتنـەوەی پەروردە کردنی ئایدیۆلۆجی بـڕۆین لەناو لەشکردا ، ئەو بزوتنەوەیەی کە پێناسێکی دێمۆکراتی یانەو جەماوەری هەیە .

« دووان لە کـۆنفرەنسی کادرانی ناوچەی
ڕزگار کراوی شانسی - سۆییوان دا » ( ١ی
نیسانی ١٩٤٨ ) ، ن ھ ، ب ٤

سیاسەتی پەروەردەیی لە کۆلێج دا ( کۆلێجی سەربازیو سیاسی دژی ژاپۆن ) پێ گەیاندنی ئاراستەکردنێکی چەسپاوی ڕاستی سیاسی وەشێوەی کارێکی سادەو بەئەرکێ ، وەستراتیجی وتاکتیکی نەرمە. ئەمانەن ئەو سێ پێویستییەی سەربازێکی شۆڕشگێڕی دژی ژاپۆن دروست ئەکەن . وەبە پێی ئەم سێ پێویستییەیە کـە مامۆستاکان دەرس ئەڵێنەوە وقوتابی-

یەکانیش ئەخوێنن .

« پەلاماردانمان لە لایەن دوژمنەوەشتێکی باشە نەک خراپ » (٢٦ی ئایاری ١٩٣٩)

نەتەوەکەمان هەمیشە خاوەنی شێوەی نەریتی خەباتی سەخت بووە کەوا ئەبێت ئێمەیش گەشەی پێ بکەین، سەرەڕای ئەمە پارتی کۆمۆنیست هەمیشە دەم ڕاستی ئاراستە کردنێکی سیاسی ڕاستوڕەوان و چەسپاو بووە، ئەم ئاراستەکردنەیش ناتوانرێت جیا بکرێتەوە لە شێوەی خەباتی سەخت، جا بەبێ ئاراستەکردنێکی سیاسی ڕاستوڕەوانی چەسپاو لە وزەدا نییە کە شێوەی خەباتی سەخت پێش بخرێت . بەبێ شێوەی خەباتی سەختیش لە وزەدا نییە ئاراستە کردنێکی سیاسی ڕاستوڕەوانی چەسپاو بپارێزرێت .

« دووانێک لە ئاهەنگی جەژنی جیهانی کرێکاراندا لە یەنان » (١ی ئایاری ١٩٣٩)

یەک گرتوو، وریاو ڕاست و زیندوو بن .

«دروشمێکێ بۆ کلۆپجی سەربازی و سیاسی دژی ژاپۆن».

ئەوی بە ڕاستی لە دنیادا حسابی بۆ ئەکرێت «ویژدانە»، وە پارتی کۆمۆنیستیش بە تایبەتی زۆر لای مەبەستە کە بە «ویژدان» بێت.

«دووانێک لە چاو پێ کەوتنی ئەو قوتابی و مەشق کەرە چینی یانەی لە مۆسکۆن» (١٧ ی تشرینی دووەمی ١٩٥٧)

# ١٣ - پەیوەندی یەکانی نێوان ئەفسەران و سەربازان

لەشکرەکەی ئێمە هەمیشە پەیڕەوی دوو سیاسەتی کردوە: یەکەمیان ، ئەبێت دڵڕەق بین بەرامبەر دوژمنان، بێ دەسیان بکەین و لەناویان بەرین. دووەم ، ئەبێت بەرامبەر بەخۆمان، بەگەل و هەڤاڵانمان، بەرامبەر بەسەرکردەو بەردەستەکانمان دڵنەرم بین و لەگەڵیاندا یەک بکەوین .

« دووانێک لەو میوانداری یەدا کە کۆمیتەی ناوەندی کردی بۆ نوێنەرانی قوتابی یە نموونە- یی کانی تیپەکانی پشتەوەی لەشکـــر »( ١٨ ای ئەیلولی ١٩٤٤ )

لـــە هەموولایەکی وڵاتەوە هاتووین ویەکمان گـــرتووە

لەپێناوی ئامانجێکی ناوکۆیی شۆڕشگێڕانەدا... کادرەکانمان ئەبێت بەتەنگەوەبوون پێشانی یەکێ بەیەکی سەربازەکان بدەن و، ئەبێت هەموو ئەوانەی لەڕیزی شۆڕشدان مشووری یەکتری بخۆن ، ئەبێت یەکتری یان خۆش بوویت و یارمەتی یەکتری بدەن .

« خزمەتی گەل بکەن» (٨ی ئەیلولی ١٩٤٤)،

ن . هـ ، ب ٣

ئەبێت لە هەموو کەرتەکانی لەشکردا بزوتنەوەیەکێ دەس پێبکەین بۆ پشتیوانی کادرەکان و دڵنەوایی کردنی سەربازەکان، داوابکەین لە کادرەکان کە دڵنەوایی سەربازەکان بکەن و لەسەربازەکانیش کە پشتیوانی کادرەکان بکەن . ئەبێت هەریەکەیان کەموکوڕی و هەڵەکانی ئەوی تریان بخاتە ڕوو ، وە بەزوویی ڕاستیان بکەنەوە . لەم ڕێیەوە ئەتوانن یەکێتییەکی زۆر باشی ناخۆیی پێک بهێنین .

« ئەرکەکانی ساڵی ١٩٤٥ »( ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٤ )

زۆرکەس وائەزانن کەرێگەی چەوتی کارکردن هـۆی کرژی پەیوەندی نێوان ئەفسەرانو سـەربازانو ، نێوان لەشکرو گەلە، بەلاّم من هەمیشە پێیان ئەلێم، ئەمە مەسەلەی هەلّوێستی بنچینەیی ( یا پرانسـیپی بنچینەیی ) رێز گرتنی سەربازەکان و گەلە. وە هەر لەم هەلّوێستەوەیە کە سیاسەتو رێگەو شێوە جوێ جوێکان پەیدائەبن ئەگەر لەم هەلّوێستە لاماندا سیاسـەتو رێگەو شـێوەکان بێ گومان چەوت دەرئەچنو ، پەیوەندی‌یەکانی نێوان ئەفسەرانو سەربازانو ، نێوان لەشکرو گـەل باش نابێت . سێ پرانسپە هـەرە گرنگەکەی کارکردنی سیاسی لەشکرەکەمان بریتین لەمانە یەکەم ، یەکێتی نێوان ئەفسەرانو سـەربازان ، دووەم یەکێتی نێوان لەشکرو گەل ، سێیەم ، هەلّوەشاندنی هێزە- کانی دوژمن . بۆ ئەوەی ئەم پرانسیپانە بەچەشنێکی کاریگەر بەجێ بگەیەنرێن ، ئەبێت لە هەلّوێستی بنچینەیی رێز گرتنی سەربازان و گەلەوە دەس پێ بکەین ، وە لەرێز گرتنی سەر- بەرزی مرۆڤانەی دیلەکانی جەنگەوە کەوا چەکیان فرێ داوە ئـەوانەی ئەمەوەکوو شـتێکی تەکنیکی وەرئەگرن نەک

هەڵوێستێکی بنچینەیی بێ گومان بەهەڵەچوون ، وە پێویستە بیروڕای خۆیان ڕاست بکەنەوە .

« لەمەڕ جەنگی درێــژ خایەن » ( ئایاری ١٩٣٨ ) ، ن . هـ ، ب ٢

کۆمۆنیستەکان کە کار ئەکەن لەناو جەماوەری ڕەنجدەران ئەبێت ڕێگەی دیمۆکراتی پێ سەلماندن و پەروەردەکردن بگرن ، وە نابێت بەهێچ جۆرێک پەنا بەرنە بەر فەرمان دەرکـردن . پارتی کۆمۆنیستی چین بەوپەڕی دڵسۆزییەوە پەیڕەوی ئەمپرانسیپە مارکسی یە لینینی یە ئەکات .

« لەمـەڕ ڕاســت چارەسەرکردنی ناکــۆکی یەکانی نێوان گەل » ( ٢٧ ی شوباتی ١٩٥٧ )

هەڤاڵانمان ئەبێت لــەوە بگەن کە خۆ ـ داڕشــتنەوەی ئایدیۆلۆجی پێویستی بە ماوەیەکی درێژو ، دان بەخۆداگرتن وکاری وردی بەئەرک هەیە ؛ وەنابێت تەقەلای ئەوەبدەن کە ئایدیۆلۆجی خەڵک کەوا لەدەیان ساڵی ژیانیاندا لــە-

ـمێشکیاندا چەسپیوە، بەچەن وتارێکێ یا بەچەن کۆبوونە-
وەیەکێ بێ گۆڕن. پێ سەلماندن نەکێ زۆر لێ کردن ڕێی
باوەڕ پێ هێنانی خەڵکە، هەرگیز زۆرلێ کردن وایان لێ ناکات
باوەڕ بەشتێکێ بکەن. هەوڵ دان بۆ پێ سەلماندنیان بەزۆر،
بەکورتی، سەرناگریت. ئەم چەشنە ڕێیە هەر بۆ ئەوە
ئەشێت لەگەڵ دوژمن بەکار بهێنرێت. بەڵام بەهیچ جۆرێکێ
بۆئەوە ناشێت لەگەڵ هەڤاڵو دۆستدا بەکار بهێنرێت.

«دووانێکێ لەکۆنفرەنســی نەتەوەیی پارتی
کۆمنتسی چیندا لەمەڕ کاری پرۆپاگاندە»
(١٢ای مارتی ١٩٥٧)

ئەبێت جیاوازییەکێ بکەین لەنێوان دوژمنو خۆماندا،
وەنابێت بەرامبەر بە هەڤالان هەڵوێستێکی دوژمنانە بگرین،
وە وەکوو دوژمن لەگەڵیان بجووڵێینەوە. بەکورتی، ئەبێت
ئارەزوویەکی گەرممان هەبێت بۆپاراستنی مەسەلەی گەلو
هۆشیاری سیاسیی بەرز یکەینەوە، وەنابێت لەم لێ نزیکێ
بوونەوەیەدا گاڵتەپێ کردنو پەلاماردانی تێدابێت.

ه. س. پ.

## ١٤ - پەیوەندی نێوان لەشکرو گەل

لەشکر ئەبێت لەتەک گەلدا ببێت بە یەک تا گەل بە لەشکری خۆی بزانێت . ئەم چەشنە لەشکرە هەرگیز لە شکاندن نایەت ، ...

« لەمەڕ جەنگی درێژ خایەن » ( ئایاری ١٩٣٨ ) ، ن . ه ، ب ٢

هەموو هەڤاڵێک ئەبێت یارمەتی بدرێت کە تێبگات هەتا ئێمە پشت بە گەل ببەستین ، وە باوەڕی نەگۆڕمان بە هێزی دروستکەری لە بن نەهاتووی جەماوەر ببێت و بەم جۆرە باوەڕمان بە گەل هەبێت وخۆمانی لەگەل بکەین بەسەرهەموو بەیەک ، دیژوارێکدا زاڵ ئەبین و هیچ دوژمنێک

بمان شکێنێت ، بگـــره ئێمه ئەتوانین لە توانایدا نابێت هەموو دوژمنێکک بشـــکێنین .

« لەمەڕ حکومەتی یەکک - کەوتوو » ( ٢٤ ی نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ه ، ب٣

هەڤالانمان ئەچن بۆ هەر جێیەکک ، ئەبێت پەیوەندی یەکی باش لەگەڵ جەماوەر دابمەزرێنین ، بـــە تەنگیانەوە بێن و یارمەتی یان بدەن بـــۆ نەهێشتنی دیژواری یـەکانیان . ئێمە پێویستە لەگەڵ جەماوەر ببین بەیەکک ، هەتا لەگەل جەماوەری زۆرتردا ببین بەیەکک باشترە .

« لەمەڕ وتو وێژی چۆنگک کینگک » ( ١٧ ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ ) ، ن . ه ، ب٤

لەشکر لە ناوچە ڕزگا کراوەکاندا ئەبێت پشـــتیوانی حکومەت و دڵنەوایی گـەل بکات ، لە کاتێکدا کـە ئەبێت حکومەتە دێموکراتی یەکانیش ڕابەری گەل بکەن لە پشتیوانی لەشکرو مشومڕخواردنی زیاتری خێزانی ئەو سەربازانەی

دژی ژاپۆن خەبات ئەکەن ، لەم ڕێیەوە پەیوەندی نێوان لەشکرو گەل تادێت باش‌تر ئەبێت .

« لەمەڕ حکومەتی یەکگ ـ کەوتوو » ( ٢٤ نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ھ ، ب ٣

لە ناو لە شکردا ئەبێت ئەرکی پشتیوانی حکـومەتو دڵنەوایی گـەل لـەڕێی پەروەردەکردنی ئایدیۆلـۆجی گشـت فەرمانـدەرو شـەڕکەرەکانەوە جێبەجێ بکرێت تا ھەموویان بە تەواوی گرنگی‌یەکەی تێبگەن. ھەتا لەشکر لەلایەن خۆیەوە ئەم ئەرکە بە باشی بەجێبهێنێت ، دەزگا ناوچەیی‌یەکان حکومەتو خەڵکیش پەیوەندی خۆیان باش‌تر ئەکەن لەتەک لەشکردا .

« سیاسـەتی کارکردن لـە ناوچە ڕزگار کـراوەکاندا لە ساڵی ١٩٤٦ دا » ( ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ ) ، ن ھ ، ب ٤

لەماوەی ئەم ھێرشانەدا * لەشکر لە لایەکەوەو پارتی‌و حکومەت لەلایەکی ترەوە ئەبێت ھەر کەموکوڕی‌و ھەڵەیەک

که ساڵی ١٩٤٣ هەیان بووە ، بە تەواوی لێی بکۆڵنەوەو
بـە تەواوی ڕاستیان بکەنەوە لە ساڵی ١٩٤٤ دا . لەمەولا
ئەم چەشنە هێرشانە ئەبێت لەیەکەم مانگی هـەموو ساڵێکی
هەیڤی دا لە هەموو شوێنێکدا دەس پێ بکەن ،وە تێ یاندابەڵێی
« پشتیوانی کـردنی حکومەتو دڵنەوایی کردنی گەل » وە
بەڵێی « پشتیوانی کردنی لـەشکرو پێش ترخستنی مشـوور
خواردنی خێزانی ئەو سەربازانەی دژی ژاپۆن ئەجەنگن »
جار لە دوای جار بخوێنرێتەوە ، وەپێویستە ڕەخنە لەخۆ-
گـرتن دووپات بکرێتەوە لە بەردەمی جەماوەردا هی هەر
ڕەوشتێکی لووت بەرزانە کە لەلایەن لەشکرەوە کرابێت ،
لـە ناوچەکانی بنکـەدا بەرامبەر بە پارتیو فەرمانبەرانی
حکـومەتی یا بەرامبەر بە خەڵکی ، وە یا ڕەخنە لەخۆگرتن
بۆ هەر کەمتەرخەمی یەک بەرامبەر بە لەشکر کەوا لەلایەن
فەرمانبەرانی حکومەت وەیا خەڵکەوە ڕووی داوە ( هەرلایە
ڕەخنە لە خۆی بگرێت ، نەک لـە لاکەی تر ) بۆ ئەوەی
ئەم هەڵەو کەمو کوڕی یانە بە تەواوی ڕاست بکرێنەوە .

« تەشەنە بدەن بە هێرشەکان لـە پێناوی کەم

کردنەوەی زەوی‌یانەو ، زیادکردنی بەرهەم
وە ''پشــتیوانی کردنی حکومەت و دڵنەوایی
کردنی گەل ،، دا لە ناوچە بنکەیی‌یەکاندا »
( ای تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ ) ، ن . ه ، ب٣

---

* هێرش بـۆ ''پشــتیوانی کردنی حکومەت و
دڵنەوایی کردنی گەل ''وە'' پشتیوانی کـردنی
لەشکر و پێش ترخستنی مشوور خواردنی خێزانی
ئەو سەوبازانە لەگەڵ ژاپۆن ئەجەنگن '' .

## ١٥ ـ دیمۆکراسی لە سێ مەیدانی سەرەکیدا

لەناو لەشکردا ئەبێت تا ئەندازەیەکی گونجاو دیمۆکراسی کاری پێ بکرێت، بەتایبەتی بە نەهێشتنی رەوشتی فێودالانەی وەکوو جنێودان لێدان و وبەشداربوونی ئەفسەران سەربازان لەخۆشی و تاڵیدا. کە ئەمە بەجێ هات یەکێتی نێوان ئەفسەرو سەربازیش جێبەجێ ئەبێت و، وزەی جەنگاوەری لەشکر یەکجار زیادئەکات، وە هیچ گومان لەوەدا نامێنێت کە ئەتوانین بەرگەی ئەم جەنگە سەختە دوورودرێژە بگرین .

« لەمەڕ جەنگی درێژخایەن » ( ئایاری ١٩٣٨ ) ، ن . ه ، ب ٢

جگە لە دەوری پارتی ، هۆی بەرگەگرتن و بە پێوەمانی

لەشـــکری سوور ، سەرەڕای خراپی باری مادیو پێکا هەڵپژانی بێ وچان ، جێبەجێ کردنی دیمۆکراسییە لەناو لەشکردا . ئەفســەران لە سەربازان نادەن ، ئەفسەرانو سەربازان وەکـــوو یەکێ سەیریان ئەکرێت ، سەربازان ئازادن لـــە پێکێهێنانی کۆبوونەوەو دەربڕینی بیروڕادا ، شتی هیچوپووچی ڕواڵەتی لەناودا هەڵگیراون ، دەفتەری حساب ئاواڵەیە بۆ چاودێری هەمـــووان . . . . لە چیندا ئەوەندەی گەل پێویستی بە دیمۆکراسی هەیە ، لەشکریش ئەوەندە پێویستی پێیەتی . دیمۆکراسی لە لەشکرەکەی ئێمەدا چەکێکی گرنگە بـــۆ هەڵتەکاندنی لەشکری بەکرێ گیراوی فیۆداڵێ .

« خەبات لە چیاکانی چینگ کانگ » (٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨) ، ن . ه ، ب ١

ئەو سیاسەتە گشتیـەی لە کاری سیاسی ناو کەرتەکانی لەشکرەکەماندا گرتوومانە هەمـــووی ڕاپەڕاندنی ڕیزەکانی لەشکرو فەرماندەرو گشت کارکەرە فەرمانبەرەکانی ترێتی ،

بۆ ئەوەی سێ ئامانجی گەورە بەدی بهێنن لە ڕێی بزوتنەوەیەکی دیمۆکرانیانەوە بە رابەرایەتی یەکی ناوەندی ، ئامانجەکانیش ئەمانەن ، پلەیەکی بەرزی یەکێتی سیاسیو ، باری ژیانی باشترو ، تەکنیکو تاکنیکی سەربازی باشتر . نیاز لە بزوتنەوەی سێ تۆژانەوەو سی چاکترکردن * کە هەتا ئێستایش بە پەرۆشەوە جێبەجێ ئەکرێن لە کەرتەکانی لەشکرەکەماندا ، بەدیهێنانی دوو ئامانجە لەو سێ ئامانجەی سەرەوە لە ڕێی دیمۆکراتی سیاسیو ئابوری یەوە . لە بابەت دیمۆکراسی ئابوری یەوە ، نوێنەرانی هەڵبژێردراوی سەربازەکان ئەبێت ئەو مافەیان بۆ دەستەبەر بکرێت کە یارمەتی سەرلقەکانیان بدەن لە هەڵسووڕاندنی کاروباری ئازوخەو خواردەمەنیدا ( بەڵام نابێت لەم سنوورە تێپەڕ بکات ) .

لەبابەت دیمۆکراسی سەربازی یەوە . لە کاتی مەشق کردندا پێویستە ئەفسەرانو سەربازان ، وە هەروها سەربازانێش لەناو خۆیاندا یەکتری فێر بکەن ، وە لە کاتی شەڕ کردندائەو لقانەی لەمەیدانان ئەبێت کۆبوونەوەی گوورەو

بچووکی جۆرجۆر پێکێ بهێنن. سەربازەکان بەسەرکردایەتی سەرلقەکانیان ئەبێت هان بدرێن بۆ لێدووانی چۆنێتی پەلاماردان و داگیرکردنی شوێنەکانی دوژمن و چۆنێتی بەجێ گەیاندنی ئەرکە جەنگییەکانی کە ، شەڕ کەچەن ڕۆژێک

* « سێ تۆژانەوە » و « سێ چاکتر کردن » بریتین لە بزوتنەوەیەکی گرنگ بۆ چەسپاندنی پارتی و پەروەردەکردنی ئایدیۆلۆجی لەناو لەشکردا، کەوا پارتی پێکەوە لەگەڵ ڕیفۆرمی زەویدا دەستی دابوونێ لەکاتی جەنگی ڕز - گاری گەلدا . « سێ تۆژانەوە » لەناوچەکاندا بریتی بوون لە تۆژانەوەی بنچی چینایەتی و ئایدیۆلۆجی و شێوەی کارکردن ، وەلە کەرتە چەکدارەکاندا ، تۆژانەوەکان لە مەڕ بنچی چینایەتی و ، بەجێ هێنانی فرمان و ، ویستی شەڕ کردن بوون . « سێ چاکتر کردن »ە کەیش بریتی بوون لە پتەوکردنی ڕێکخستن و ، پەروەردەکردنی ئایدیۆلۆجی وە ڕاست کردنەوەی شێوەی کار

ئەخایەنێت پێویستە چەن کۆبوونەوەیەکی وا بکرێت . ئەم چەشنە دیمۆکراسی یە سەربازی یە بە سەرکەوتنێکی گەورەوە جێبەجێ کرا لە شەڕی پان لۆن دا لــە سەرووی هەرێمی شانسی ولە شەڕی شی جیا جونگ دا لە ناوچەی شانسی - چاهار - هۆپی دا . وە ئەوە ساغ بۆتەوە کە جێبەجێ کردنی تەنیا چاکەی هەیەو هیچ زیانێکی لێ ناوەشێتەوە .

« بزوتنەوەی دمۆکراتی لەناو لــەشکردا »
( ٣٠ی کانونی دووەمی ١٩٤٨ ) ،ن.هـ،ب٤

لە خەباتی مەزنی ئێستادا، پارتی کۆمۆنیستی چین داوا لــە هەموو دەزگا ڕابەری یەکان و ئەندام و کادرانی ئەکات هەرچی دەس پێشکەری یەکیان لە باردا هەیە بی نوێنن ، وە تەنیا ئەمە سەرکەوتن تەئمین ئەکات . ئــەم دەس پێشکەری یــە پێویستە بە تایبەتی پیشان بدرێت لە توانای دەزگا ڕابەری - یەکان و کادرو ڕیزەکانی پارتی دا ، بۆ فرمانی دروست کەرانە لە ئامادە بوونیاندا بۆ هەڵگرتنی باری لێپرسینەوە وە لــەو جۆش و پەرۆشەدا کە لە کارەکانیاندا ئەی نوێنن ،

وه لە توانای هێنانە پێشەوەی مەسەلەکان و بیروڕا دەربڕین و ڕەخنە گرتن لە ناتەواوی و لە چاودێری کردنی هەڤالانەی کاروباری دەزگاڕابەری یەکاندا، ئەگینا «دەس پێشکەری» ئەبێت بە شتێکی هیچ و پووچ . بەلام جێ بەجێ کردنی ئەم چەشنە چالاکی یە دەس پێشکەرانەیە بەندە بە بلاو بوونەوەی دیموکراتی یەوە لە ژیانی پارتی دا . هیچ لە تواناداني یە کە بهێنرێتە کایەوە ئەگەر ئەوەندەی پێویستە دیموکراتی نەبێت لە ژیانی پارتی دا. تەنیا لە مەناخێکی دیموکراتی دا ئەتوانرێت ژمارەیەکی زۆر خەڵکی توانا پێ بگەیەنرێن .

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لە جەنگی نەتەوەییدا » (تشرینی یەکەمی ١٩٣٨)،
ن . ه، ب ٢

هەموو کەس ئەبێت ماوەی بدرێت قسە بکات ، هەرکە - سێکک ئەبێت ببێت ، هەر ئەوەندە دوژمن نەبێت و داخ لەدلانە پەلامار نەدات ، ئیتر قەی ناکات ئەگەر هەندێکک شتی چەوتیش بلێت . سەرکردەکان لە هەر پلەیەکدابن پێویستە

لەسەریان گوێ بۆ قسەی خەڵکی شل بکەن . دوو پرانسیپ ئەبێت چاودێری بکرێت : ( ١ ) هەرچی ئەزانیت بیڵێ و بیڵێ بەبێ تێداهێشتنەوە ، (٢) قسەکەر لۆمە مەکە ، وشەکانی بە وریاکەرەوە وەربگرە . هەتا پرانسیپی « قسەکەر لۆمە مەکە » بەڕاستی نەکێ بەدرۆ جیبەجی نەکرێت ، «هەرچی ئەزانیت بیڵێ و بیڵێ بەبێ تێدا هێشتنەوە » نایەتەدی .

## « ئەرکەکانی ساڵی ١٩٤٥ » ( ١٥ ای کانونی یەکەمی ١٩٤٤ )

لە ناو پارتی دا ئەبێت فێرکردنی دیمۆکراسی بەجێ بهێنرێت تا ئەندامان لـــە مەعنای ژیانی دیمۆکراســـی و ، لە مەعنای پەیوەندی نێوان دیمۆکراسی و ناوەندێتی ، وە لـــە ڕێگەی جێبەجێ کودنی ناوەندێتی دیمۆکراتی تێ بگەن . تەنیا هـەر لەم ڕێیەوە بەڕاستی ئەتوانین دیمۆکراســـی بڵاوبکەینەوە لەناو پارتی دا و لە هەمان کاتدا خۆمان لابدەین لە دیمۆکراسی بێ سنوورو ئازادی بەر بەرەڵڵا کە دیسپلین ئەڕووخێنێت .

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لـە جەنگی

نەتەوەییدا » ( تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ ) ،

ن . ھ ، ب ٢

مەبەست لە دیمۆکراسی ناوەوەی پارتی چ لە لەشکروچ لە ڕێکخراوە ناوچەیی یەکانــدا ، بەھێز کردنی دیسپلین و زیاد کردنی بەکاری تێکۆشەرانەیە لەشــەڕ کردندا ، نەک بێ ھێز کردنیان .

ھ . س . پ .

لە مەیدانی تیۆری دا ، ئەبێت ڕەگوڕیشەی دیمۆکراسی بێ سنور لەبن دەربھێنین . یەکەم ، ئەبێت ئەوە دەربخرێت کــە مەترسی دیمۆکراسی بێ سنور ، لەو ڕاستی یەدایە زیان ئەگەیەنێت بە ڕێکخراوەکانی پارتی یان لەوانەیە بەتەواوی ویرانی وو خەنێت ، ھەروەھا وزەی شەڕ کردنی پارتی کز ئەکات یا لەوانەیە بە تەواوی نــەی ھێڵێت ، پارتی وا لێ ئەکات کــە توانای جێ بەجێ کــردنی ئەرکەکانی شــەڕی نەبێت وە بەمە ئەبێت بە ھۆی شکانی شۆڕش . دووەم ، ئەبێت دەس نیشان بکرێت کەوا ســەرچاوەی دیمۆکراسی بێ سنوور ئەو ڕق و

کینەیەیە کە لە گیانی سەڵتایەتی وردە بۆرجوازیدا هەیە بەرامبەو بە دیسپلین . وە هەر کاتێک ئەم ڕەوشتە هێنرایە ناو پارتیەوە ، لەڕووی سیاسیو ڕێکخستنەوە ئەبێت بە بیروڕای دیمۆکراسی بێ سنوور . کە ئەم بیروڕایانە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەرکە جەنگی یەکانی پرۆلیتاریا ناگونجێن.

«لەمەڕ ڕاست کردنەوەی بیروڕا چەوتەکانی
ناو پارتی» ( کانونی یەکەم ١٩٢٩ ) م
ن . هـ ، ب ١

# ١٦ ـ پەروەردە کردن و مەشق پێ کردنی هێزی چەکدار

سیاسەتی پەروەردەیی مان ئەبێت هەموو کەسێک لەوانەی پەروەردە ئەکرێن وا لێ بکات کە لەڕووی ڕەوشت و مێشک و لەشەوە گەشە بکەن ، ببن بە ڕەنجدەرێکی خاوەن هۆشیاری سۆشیالیستانە و فەرهەنگ .

« لەمەڕ ڕاست چارەسەر کردنی ناکۆکییەکانی نێوان گەل » ( شوباتی ١٩٥٧ )

لەبارەی پەروەردە کردنی کادرانەوە چ ئەوانەیان کە لە کاردان و چ ئەوانەیان کە لە قوتابخانەی کادریدا ئەخوێنن ئەبێت سیاسەتێکی پەروەردەیی یان بۆ دابنرێت ، بایەخی هەرە

زۆربدات بەلێ کۆڵینەوەی گیروگرفتەڕاستەقینەکانی شۆڕشی چین و ، بــە کارهێنانی پرانسیپە بنچینەیی یەکانی مارکسیزم لینینیزم وەکوو ڕێپیشاندەر ، ئەبێت جــۆری فێربوونی ڕێگەی خوێندنی مارکسیزم-لینینیزمی وشکێوبڕنگێو لەواقع دابڕاو تووڕ بدرێت .

« بافێربوونەکەمان چاکێ بکەین »( ئایاری ١٩٤١ ) ، ن . ھ ، ب٣

بۆ قوتابخانەیەکی سەربازی ، شتی ھەرە گرنگێ ھەڵبژاردنی بەڕێــوەبەرێکێ وفێرکــەران و دانانی سێاســەتێکی پــەروەردەیی یە .

« گیروگــرفتە ستراتیجی یەکانی جــەنگی شۆڕشــگێرانەی چین » ( کانونی یــەکەمی ١٩٣٦ ) ، ن . ھ ، ب ١

قوتابخانەیەکی سەدکەسی بێ گومان ناتــوانرێت بەڕێوە ببرێت ، ئەگەر دەســتەیەکی ڕابەری چەن کەسی بگــرە

دە یا زیاتری نەبێت کەوا بەپێی مەرجە واقیعی‌یەکان پێک هێنرابێت ( نەک هەروا لەخۆوە پێکەوەنرابن ) وەئەبێت پێک هاتبێت لەمۆستاو کارکەرو قـوتابی‌یە هەرەچالاک وڕاستو وریاکان .

« هەنەێک مەسەلە لەمەڕ ڕێگەکانی ڕابەرا -
یـەتی » ( ١ی حـوزەیرانی ١٩٤٣ ) ،
ن . ه ، ب ٣

هەموو ئەفسەرانو شەڕکەرانی لەشـکرەکەمان ئەبێت هونەری سەربازی خۆیان بەرزبکەنەوەو ، ئازایانە لەجەنگدا پێش بکەون بەرەوسەرکەوتن ، وە بەتوندی وبەتەواوی‌و بە تێکڕایی هەموو دوژمنان قەلاچۆبکەن .

« بەیاننامەی لەشکری ڕزگاری گەلی چین »
( تشرینی یەکەمی ١٩٣٧ ) ، ن . ه ، ب ٤

لەپرۆگرامی یەک ساڵەی پتەوکردنەوە ومەشق پێ کردندا کەتازە دەستی‌پێ کردوە ، ئـەبێت لایەنی سەربازی‌و لایەنی

سیاسی وەکوو یەکێ گرنگی یان پێ بدرێت و هەردوولایەکە بکرێن بەیەکێ . بەڵام لەسەرەتادا ئەبێت پێ لەلایەنی سیاسی دابگرین ، بەباش کردنی پەیوەندی نێوان ئەفسەران و سەربازان و ، بەتین کردنی یەکێتی ناوەکی و ، بەرز کردنەوەیەکی زۆری ئاستی پەرۆش لەناو جەماوەری کادران و شەڕکەراندا . هەربەم جۆرە لایەنی پتەو کردنەوەی سەربازی و مەشق پێ کردن ئاسانتر ئەبێت و ئەنجامی باشتر دەس ئەخرێت .

« ئەرکەکانی ساڵی ١٩٤٥ » ( ١٥ ی کانونی یەکەمی ١٩٤٤ )

لەبارەی ڕێگەی مەشق پێ کردنەوە ، ئەبێت دەس بدەینە بزوتنەوەیەکی جەماوەری ، کەلەوێدا ئەفسەران سەربازان و ، سەربازان ئەفسەران و ، سەربازەکانیش یەکتری فێربکەن .

« سیاسەتی تایبەتی کارکردنمان لەناوچە ڕزگارکراوەکاندا ساڵی ١٩٤٦ » ( ١٥ ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ ) ، ن . هـ ، ب ٤

دروشمان لەمەشق پێ کردنی هێزە چەکدارەکاندا ئەمەیە «ئەفسەران سەربازان ، سەربازان ئەفسەرانو ، سەربازەکانیش یەکتری فێربکەن » شەڕکەرەکان زۆر تەجروبەی کردەوەیی یان هەیە لەشەڕدا. ئەبێت ئەفسەران لەشەڕکەرانەوە فێری ببن ، وەکە تەجروبەی خەڵکێ وەکوو هی خۆیانی لێهات لێ وەشاوەترو بەتواناتر ئەبن .

« دووانێک لەگەڵ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی شانسی - سۆییوان »( ٢ی نیسانی ١٩٤٨ ) ، ن . هـ ، ب ٤

ئامانجی سەرەکی دەورەکانی مەشق پێ کردن ئائێستایش ئەبێت هەر بەرز کردنەوەی ئاستی تەکنیکی نیشان شکاندنو شەڕەنێزەو ، نارنجۆک هاویشتن وشتی وابێت ، وە ئامانجی دووەمیش ئەبێت بەرز کردنەوەی ئاستی تاکتیک بێت ، لە کاتێکدا کەپێویستە بایەخێکی تایبەتیش بدرێت بەشەبەیخون .

« سیاسەتی تایبەتی کارکردنمان لەناوچەرزگار کراوەکاندا سالی ١٩٤٦ » ( ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ ) ، ن . هـ ، ب ٤

# ١٧ ـ خزمەت کردنی گەل

پێویستە بێ فێزو وریاو لەسەر خۆبین ، خۆمان بپارێزین لەلووتبەرزی وهەڵەشەیی ، وەبەدڵو گیان خزمەتی گـەلی چین بکەین ......

« ئـەو دوو چارەنووسەی لەپێش چینـدان »
( ٢٣ی نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ه ، ب٣

نـوقتەی لێوە تێهەڵ چونمان ئەوەیە لە کانگای دڵەوە خزمەتی گەل بکەین ، وە هەرگیز بـۆ چاوتـروو کانێکێ خۆمان لەجەماوەر جیانەکەینەوە ، لەهەموو کارێکدا لـە دەس کەوتی گـەلەوە دەس پێبکـەین نەکێ لەدەس کەوتی خۆییەوە ، یالەدەس کەوتی دەستەیەکی بچووکەوە ،وەلێ

پرسرانەوەمان بەرامبەر بەگەل لەگەڵ لێپرسـرانەوەمان بەرامبەر بەدەزگا ڕابەریەکانی پارتی بەیەکێ دابنێین .

« لەمەڕ حکومەتی یەکێ ـ کەوتوو » ( ٢٤ی نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ھ ، ب ٣

دەزگاکانی دەوڵەت ئەبێت ناوەندێتی دیمۆکـراتیانە بەجێبگەیەنن ، پێویستە پشت بـە جـەماوەر ببەستنو ، فەرمانبەرەکانیان ئەبێت خزمەتی گەل بکەن .

« لەمەڕ ڕاست چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان گەل » ( ٧ی شـوباتی ١٩٥٧ )

گیانی ھەڤاڵ بیسێون ، خۆتەرخانە کردنی تەواوی بـۆ خەڵکێ بەبێ ھیچ بیرکردنەوەیەکێ لەخۆی ، خۆی ئەنوواند لەھەستبەلێ پرسینەوە کردنیبێ سنووریدا لە فرمانەکانیدا ، وەلەدڵسۆزی بێ سنوریدا بەرامبەر ھەموو ھەڤاڵانو گەل ، ھەموو کۆمۆنیستێکێ ئەبێت ئەم ڕەوشتانەی لێوە فێرەبێت .

......

ئێمە هەموو ئەبێت گیانی بەپەکجاری لە خۆبوردن لەوەوە فێر ببین . بەم گیانەوە هەموو کەس ئەتوانێت زۆر بەکەڵکێ بێت بۆ گەل . پیاوێکێ هەرچەندە توانای کەم بێت یازۆر بەڵام کە خاوەنی ئەم گیانە بێت ، پیاوێکی ڕەوشت-وخوو بەرزوپاکێ ئەبێت ، سەرڕاستو ساغ ، دوور ئەبێت لەدەس کەوتی نزم ، پیاوێکی وا کەلە لای گەل نرخی هەبێت .

« لەبیرەوەری نۆرمان بیسیۆن دا » (٢١ی کانوونی یەکەم ١٩٣٩) ، ن . ه ، ب ٢

پارتی کۆمۆنیست ، وە لەشکری هەشتەمو لەشکری چوارەمی تازەمان کەپارتی ڕابەریان ئەکات ، بەتالیۆنی شۆڕشن . ئەم بەتالیۆنانەی ئێمە بەتەواوی تەرخان کراون بۆ ڕزگاکردنی گەلو ، گشتیان تێ ئەکۆشن لەپێناوی دەس کەوتی گەلدا .

«خزمەتی گەل بکەن »(٨ی ئەیلولی ١٩٤٤)، ن . ه ، ب٣

هەموو کادرەکانمان، هەرپایەیەکیان هەبێت، خزمەتکاری گەلن و هەرشتێکێک کە ئێمە ئەی کەین بۆ خزمەتی گەلە. ئەی کەوابێت ئێمە چۆن ئەتوانین نەمانەوێت هەر خووێکی خراپمان هەبێت خۆمانی لێ ڕزگار بکەین؟

«ئەرکەکانی ساڵی ١٩٤٦» (١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٤)

پێویستە لەسەرمان کەخۆمان بەلێپرسراو بزانین بەرامبەر بەگەل، هەر وشەیەکمان، هەرکردەوەیەکمان، یاهەرسیاسەتێکمان پێویستە لەگەڵ دەس کەوتی گەل ڕێکێ بکەوێت و ئەگەر هەڵە ڕوویدا پێویستە ڕاست بکرێتەوە، ئەمەیەمەعنای لێ پرسراوبوون بەرامبەر بەگەل.

«هەڵوێست و سیاسەتمان پاش سەرکەوتن لە جەنگی بەر گریدا دژی ژاپۆن» (١٣ی ئابی ١٩٤٥)، ن. هـ، ب ٤

لەهەر کوێیەکێ خەبات هەبێت فیداکاریش هەیە، وە مردنیش ڕووداوێکی ئاسایی یە. بەڵام ئێمە دەس کەوتەکانی

گەلو کویرەوەری زوربەی زۆری خەڵکمان لەپێش چاوە ،
بۆیە کەئەمرین لەپێناوی گەلدا مردنەکەمان مردنێکی بەنرخە
لەگەڵ ئەوەیشدا ئەبێت تائەتوانین خۆمان لەفیداکاری ناپێو-
یست دووربخەینەوە ،

« خزمەتی گەل بگەن » (٨ی ئەیلولی ١٩٤٤)

ن . ه ، ب

هەموکەس ئەبێت بمریت بەڵام مردن تامردن
کەوتوە ، نووسەری کۆنی چینی سوزوماچین وتوویە :
« ئەگەرچی هەموو کەس ئەبێت بمرێت ، کەچی لەوانەیە
لەکێوی تای قورس تر ، وەیا لەتووکی قوو سووکتر بێت
مردن لە پێناوی گەلدای لە کێوی تای قورس ترە ، بەڵام
کاکردن بۆ فاشیستەکانو مردن لەرێی چەوسێنەرەوەو
زۆرداراندا سووکترە لەتووکی قوو .

ه . س . پ .

# ١٨ ـ نیشتمان پەرستیو ئینتەرناشنالیزم

ئایا کۆمۆنستێک کەوا ئینتەر ناشنالیستە ئەتوانێت لـە
هەمان کاتدا نیشتمان پەرستیش بێت؟ بەلای ئێمەوە نـەک
هەر ئەتوانێت ببێت بگرە پێویستیشە وەهابێت. ناوەرۆکی تایبەتی
نیشتمانپەرستی مەرجە مێژوویی یەکانی دای ئەنێت ، ئەوەتە
« نیشتمانپەرستی » داگیرکەرە ژاپۆنی یەکانو هیتلەر هـەیە
وە نێشتمانپەرستی ئێمەیش هەیە . کۆمۆنیستەکان ئەبێت بە
خورتی دژایەتی « نیشتمانپەرستی » ژاپۆنی یە داگیرکەرەکانو
هیتلەر بکەن . کۆمۆنیستەکانی ژاپۆنو ئەلمانیا لایەنگری -
شکاوین لەو شەڕانەدا کە لەلایەن ولاتەکانیانەوە هەڵ گیر-
سێنراوە . شکانی ژاپۆنی یە داگیرکەرەکانو هیتلەر بەهەر
جۆرێک لە توانادا بێت پێک بهێنرێت دەس کەوتی گەلی

ژاپۆنو ئەڵمانی تێدایە ، وە هەتا شـــکانەکە تەواوتر بێت چاکتره ... چونکە ئەو شەڕانەی لـــە لایەن ژاپۆنی یە داگیرکەرەکانو هیتلەرەوە هەڵگیرسێنراون زیانیان هەیە بۆ گەلەکانیان لە ولاتانی خویانو هەروها بۆ هەموو ولاتانی دنیایش . بەڵام دۆخی چین جیاوازەچونکە ئەم قوربانیی دەس درێژی یە بۆیە پێویستە کۆمۆنیستانی چین نیشتمان پەرستیو ئینتەرناشنالیزم یەک بخەن . ئێمە ئێستە ئینتەرناشنا ـ لیستیشینو نیشتمانپەرستیش ، ودروشممان ئەمەیە شەڕبکە بۆ پارستنی نیشتمان دژی داگیرکەران ، بۆئێمە لایەنگری ـ شکاوی تاوانە . تێ کـــۆشان بـۆ سـەرکەوتن لـە جەنگی بەر گریدا ئەرکێکە کە نابێت لێی هەڵ بێین ، چونکەتەنیا هەر بەشەڕ کردن بۆپارستنی نیشتمان ئەتوانیندا گیرکەران بشکێنینو ڕزگاری نەتەوەیی دەس بخەین ، وەتەنیا هەربە دەس خستنی ڕزگاری نەتـــەوەیی ئەتوانرێت پـرۆلیتاریاو خەڵکی کارکەریتر ڕزگاری خۆیان دەس بخەن . سەرکەوتنی چینو شـکاندنی ئیمپریالیســتە پەلاماردەرەکان یارمەتیدانی گەلە لە ولاتانی کەیشـــدا . بەم جـۆرە نیشتمان پەرستی ،

جەنگەکانی ڕزگاری نەتەوەیی ، جێبەجێ کردنی ئینتەر –
ناشنالیزمە .

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لـە جەنگی
نەتەوەیی‌دا » تشرینی یەکەمی ۱۹۳۸ ) ،
ن . هـ ، ب ۲

ئەمە چ جۆرە گیانێکە کەوا لە بێگانەیەک ئەکات بە لە
خۆبوردنەوە مەسەلەی ڕزگاری گەلی چین وەک هی خۆی
بگرێتە ئەستۆ ؟ ئەوە گیانی ئینتەرناشـنالیزمە ، گیانی
کۆمۆنیزم کەوا هەمـوو کۆمۆنیستێکی چینی ئەبێت لێوەی
فێربێت ... ئەبێت ئێمە لەگەڵ پرۆلیتاریای هەموو وڵاتە
سەرمایەدارەکاندا یەک بگرین ، لەگەڵ پرۆلیتاریای ژاپۆن ،
بەریتانیا ، وڵاتـە یەک گـرتووەکان ، ئەڵمانیا ، ئیتالیاو
هەموو وڵاتە سەرمایەدارەکانی‌تر ، بۆ ئەوەی کە لە توانادا
بێت ئیمپریالیزم سەرەونگوت بکەین ، نەتەوەو گەلەکەمان
ڕزگار بکەین ، وە گەلان‌و نەتەوەکانی کەی دنیا ڕزگار
بکرێن. ئەمەیە ئینتەرشنانالیزمی ئێمە . ئەو ئینەرناشنالیزمەی

کە دژایەتی نەتەوایەتی تەنگ و نیشتمان پەرستی تەنگیشی پێ ئەکەن .

« لە بیرەوەری نۆرمان بیسیۆندا » ( ٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٣٩ ) ، ن . هـ ، ب ٢

لە شەڕکرندا بۆ ڕزگاری تەواو گەلێکی زۆرلێ کراو ئەبێت بەرلە هەموو شتێک پشت بە خەباتی خۆی ببەستێت ئەوسا وە تەنیا هەر ئەوسابە یارمەتی گەلانی تر. ئەو گەلەی سەربکەوێت لە شۆرشی خۆیدا پێویستە یارمەتی ئەوانە بدات کە هێشتا هەر خەبات ئەکەن بۆ ڕزگاری . ئەمە ئەرکی ئینتەرناشنالیستی ئێمەیە .

« دووانێک لەگەڵ دۆستانی ئەفریقایی »
( ٨ی ئابی ١٩٦٣ )

وڵاتە سۆشیالیستەکان ، دەوڵەتانێکن لە تیپێکی بە تەواوی نوێ کەوا تێیاندا چینی چەوسێنەرەوە لابراون و گەلی کارکەر دەسەلاتیان بەدستەوەیە . پرانسیپی یەکخستنی ئینتەرناشنالیزم لەگەڵ نیشتمانپەرستی یاندا لە ڕێی

پەیوەندی‌یەکانی نێوان ئەم وڵاتانەوە بە کردەوە جێبەجێ ئەکرێت. دەسکەوتی ناوکۆیی و ئایدیاڵی ناوکۆیی بە توندی پەیەکمانەوە ئەبەستێت.

«دوو انێک لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بەرزی یەکێتی سۆڤێتدا بەبۆنەی بیرەوەری چل ساڵەی شۆڕشی شۆشیالیستی مەزنی نۆکتۆبەرەوە»
(٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٧)

گەلی وڵاتەکانی کامپی سۆشیالیست ئەبێت یەکگرن، گەلی وڵاتەکانی ئاسیا، ئەفریقا، وە ئەمریکای لاتینی ئەبێت یەک بگرن، گەلی هەموو قارەکان ئەبێت یەکبگرن، وە هەموو هەموو وڵاتانی ئاشتیخواز ئەبێت یەکبگرن، وە هەموو ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە بەر دەسدرێژی و چاودێری و دەس تێوەردان و کەڵەگایی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەبێت یەکبگرن، بەم چەشنە فراوانترین بەرەی یەکگرتوو دژی سیاسەتی داگیرکەرانە و جەنگی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا پێک بهێنن و ئاشتی جیهان بپارێزن.

بەیاننامەی پشتیوانی خەباتی نەتەوەیی ڕەوای
گەلی پەناما دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکایی »
( ١٢ ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤ )

هەمووشت بەبێ وەستانە وە لە گەشەکردندان ، لە شۆڕشی ١٩١١ ەوە تائێستە تەنیا ٤٥ ساڵە کەچی دیمەنی چین بەتەواوی گۆڕاوە ، لە ٤٥ ساڵی تردا واتە لە ساڵی ٢٠٠١ دا یا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمیندا چین گۆڕانێکی گەلێك گەورە تریشی بەسەر دێت ، ئەبێت بە وڵاتێکی سۆشیالیستی پیشەسازی بەهێز ، وە ئەبێت هەروای لێ بێت ، چین وڵاتێکە ٩٫٦٠٠٫٠٠٠ کیلومەتری چوارگۆشەیە ودانیشتوانەکەی ٦٠٠ ملیۆن خەڵکە . ئەبوو هاوکارییەکی گەورەتر بکات بەرامبەر بە مرۆڤایەتی ، داخمان ناچێت ، هاوکارییەکەی لەماوەیەکی دوورو درێژدا یەکجار شتێکی کەم بووە .

بەڵام پێویستە کە ئێمە بێ فیزو لەسەر خۆبین نەك هەر ئێستە بگرە ٤٥ ساڵی کەیش ، ئێمە ئەبێت هەمیشە بێ فیز ولەسەرخۆبین ، لە پەیوەندیمانداا لەگەڵ نەتەوەکانی تر ئێمەی گەلی چین ئەبێت خۆ ڕزگار بکەین لە شۆڤینیزمی دەوڵەتی

گەورە ، بە خورتی وتەواو یەکجارەکی و گشتی .

«لە بیرەوەری دکتۆر سون یات سن دا» (تشرینی دووەمی ١٩٥٦)

پێویستە هەرگیز هەڵوێستی لووت بەرزی و شۆڤینیزمی دەوڵەتی گەورە نەگرین ، وە نابێت خەرۆ ببین بەوەی کە لە شۆڕشەکەماندا سەرکەوتووین و لەدرست کردندا چەن کارێکمان پێک هێناوە ، هەموو نەتەوەیەک چ گەورە چ پچروک شوێنی بەهێزی و بێ هێزی خۆی هەیە .

« وتاری کردنەوەی هەشتەمین کۆنگرێسی نەتەوەیی پارتی کومۆنیستی چین » ( ١٥ ی ئەیلولی ١٩٥٦ )

## ١٩ ـ قارەمانەتی شۆڕشگێڕانە

ئەم لەشکرە گیانێکی لەبەزین نەهاتووی هەیەو ، سوورە لەسەر لە ناوبردنی هەموو دوژمنانوهەرگیز خۆی بەدەسەوە نادات ، دیژواری وسەختی هەرچەندە ئەبێت ببێت قایەک تاکەپیاو بمێنێت لەسەر شەڕکردنی خۆی ئەڕوات .

« لەمەڕ حکومەتی یەک ـ کەوتوو » ( ٢٤ نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ه ، ب ٣

شێوەی شەڕکردنی خۆمانە بەتەواوی بخەرە کار ، ئازایەتی لەشەڕدا ، نەترسان لـــە خۆبەخت کردن ، نەســـڵەمینەوە لەماندوویەتی وشەڕکردنی نەپساوە (واتە چوونەشەڕی یەک لەسەریەکەوە لەماوەیەکی کورتدا بەبێ پشوودان وحەسانەوە) .

« باری ئێستەو ئەرکەکانی سەرشانی ئێمە »
( ٢٥ی کانـوونی یەکـەمی ١٩٤٧ ) ،
ن . ھ ، ب ٤

ھەزاران ھەزاران شەھید قارەمـانانە لەپێناوی گەلدا ژیانی خۆیان داناوە ، بائێمەیش ئالاکەیان بەرزبکەینەوەو بڕۆین بۆپێشەوە بەو ڕێیەدا کە بە خوێنی گەشیان ئاڵکراوە

لەمەڕ حکومەتی یەکێ - کەوتوو » ( ٢٤ی
نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ھ ، ب ٣

عەزمتان ھەبێت ومەترسن لەفیداکاری ، بەسەر ھەموو دیژوارییەکدا زاڵبن ، بۆ ئەوەی سـەرکەوتن بەرنەوە .

«پیرەمێردە گەوجەکەی دووکێوی لەبن ھێنا»
( ١١ی حوزەیرانی ١٩٤٥ ) ، ن . ھ ، ب٣

... لەکاتێکی ناسکی پێش کـەوتنی ھێرشی شیمالدا ، سیاسەتی خائینانەو کۆنەپەرستانەی« پاکێ کردنەوەی پارتی» وکوشتاری گشتی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆمینتانگەوە

دەستی پێ کرا ، ئەم بەرە نەتەوەیی یە یـــەکێ گرتووەی هەڵ تەکاند لەگەڵ هەمـــوو سیاسەتە شۆڕشگێڕەکانی ـ بـــەرەی کۆمینتانگ ، پارتی کۆمۆنیست و هەموو کەرتەکانی تری گەل کەوا نوێنەری مەسەلەی ڕزگاری گەلی چین بوو....... وە لەوساوە جەنگی ناوخــۆ جێگەی یـەکێتی و ، دیکتاتۆری جێگەی دیمۆکراتی و ، وڵاتی چینێکی تاریک و نووتەک جێگەی چینێکی گەش و پڕ ڕووناکی یان گرت ، بەڵام پارتی کۆمۆنیستی چین و گەلی چین نە تۆقێنران و نەبەزێنران و نە لـە ناوبران . هەستانەوە سەرپێ ئەو خوێنەی بە لەشیانەوە بوو سڕی یان ، هەڤاڵە شەهیدەکانیان بەخاک سپارد ، وە سەرلە نوێ چوونەوە بۆ شەڕ . ئاڵای مەزنی شۆڕشیان بەرزتر کردەوەو بەرگری چەکدارانەیان هـــەڵ گیرسانەوە ، وە حکومەتانی گەلیان پێکـەوەنا لە گەلێک هەرێمی فراوانی چین دا ، ریفۆرمی زەوی یان بەجێ گەیاند ، لەشکری گەلیان پێکەوە نا ـ لەشکری سووری چین ـ هێزە شۆڕشگێڕەکانی چینیان پاراست و پتەوو گەشە پێ کرد .

« لەمەڕ حکومەتی یەکێ ـ کەونوو » (٢٤ ی

نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ﻫ ، ب ٣

ئێــوە زۆر ڕەوشتی چاکتان هەیەو ، زۆر خــزمەتی گەورەتان کردوە ، بــەڵام ئەبێت هەمیشــە لەبیرتان بێت کە نابێت خــەڕۆبن . ئێوە لەلایەن هــەموانەوە ڕێزتان ئەگیرێت و ئەمە هەقی خۆیشتانە ، بەڵام ئەمە بەئاسانی ڕاتان ئەکێشێت بــۆ خەڕۆ بــوون ، ئەگەر بێ فیزو لەســەرخۆ نەبوونو ، لەتێ کۆشان کەوتن ، ئــەگەر ڕێزی خەڵکتان نەگرت ، ڕێزی کادرانو جــەماوەرتان نەگرت ئیتر لەوە دەرئەچن کەقارمان ونمــونەبن . لەڕابوردوودا خــەڵکی واهەبوون ، هیوام هەیە کەئێوە بەڕێی ئەواندا نەڕۆن .

« ئەبێت فێری کاری ئابوری ببین » ( ١٠ی کانونی دوەمی ١٩٤٥ ) ، ن . ﻫ ، ب ٣

لە شەڕکردندا بۆ لە نابردنی دوژمن وە بــۆ ژیانەوەو پترکردنی بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵ ، بەســەر زۆر دیژواریو نالەباریدا زاڵ بوونو ، ئازایی و ژیریو دەس-پێشکەری بێ ئەندازەتان پیشان داوە . ئێــوە نموونەن بۆ

هەموو نەتەوەی چین ، برِبرِەی پێشکەوتنی سەرکەوتووانەی مەسەلەی گەلن لـە هەموو مەیدانێکدا ، پایەی پشـتیوانی حکومەتی گەلن ، ئەو پردانەن کـە حکومەتی گەل بـە جەماوەری فراوانەوە ئەبەوستێت .

نامەی بەخێرهاتن، بە ناوی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین بۆ کۆبوونەوەی نوێنەرانی قارەمانانی شەڕو ڕەنجدەرانی نموونەیی نیشتمانی (٢٥ی ئەیلولی ١٩٥٠)

ئێمە نەتەوەی چین ، خاوەنی گیانی شەڕکردنین لەگەڵ دوژمن تادوا دڵۆپی خـوێنمان ، هـی سوور بوون لەسـەر ەندنەوەی خاکە داگیرکراوەکانمان بە نێ کۆشانی خۆمان ، وە توانای ئەوەمان هەیە کەلەسەر پێی خۆمان ڕابوەستین لە ناو خێزانی نەتەوەکاندا .

« لـەمەڕ تاکتیکی بـەرهەڵسـتی ئیمپریالیزمی ژاپۆنی » ( ٢٧ی کانونی یەکەمی ١٩٣٥)،
ن . هـ ، ب ١

# ٢٠ ـ دروست کردنی وڵاتەکەمان بەڕەنج دانو دەس پێوە گرتن

ئەبێت هەمێشە بیری هەموو کادرەکانمانو هەموو گەلەکەمانی بخەینەوە کەوا چین وڵاتێکی سۆشیالیستی گەورەیە ، لە هەمان کاتیشدا لەڕووی ئابورییەوە دواکەوتوو هەژارە ، ئەمەیش ناکۆکییەکی یەکجار گەورەیە . بۆ ئەوەی چین ببێت بەوڵاتێکی دەوڵەمەندی بەهێز ، تێکۆشانی بێ وچانی دەیان ساڵی گەرەکە ، یەکێک لەو تەقەلایانە ئەوەیە تێ بکۆشین کە بەکردەوە پاشە کەوتێکی باش بکەین وبچین بەگژ دەس بڵاویدا ، واتە سیاسەتی دروست کردنی وڵاتەکەمان بە ڕەنجدانو دەس پێوە گرتن .

«لەمەڕ ڕاست چارەسەر کردنی ناکۆکی‌یەکانی نێوان گەل» (٢٧ی شوباتی ١٩٥٧)

ڕەنج دانەو دەس پێوە گرتن ئەبێت بەجێ بگەیەنرێن لە بەڕێوە بردنی کارگەو دووکانو هەموو ئەو شتانەی هــی دەوڵەتنو ، هەموو هاوکاری ودامەزراوەکانی تر ، پرانسیپی ڕەنجدانو دەس پێوە گرتن ئەبێت لە هەموو شتێکدا ڕەچاو بکرێت ، ئەم پرانسیپی ئابووری‌یە یەکێکە لەپرانسیپە بنچینەیی یەکانی ئابووری سۆشیالیستی . چین ولاتێکی گەورەیە بەلام هێشتا زۆرهەژارە ، چەن‌ـ‌دەیان ساڵی پێ ئەوێت بۆ ئەوەی ببێت بە ولاتێکی دەوڵەمەن ، تەنانەت ئەوسایش ئەبێت هەر پرانسیپی ڕەنجدانو دەس پێوە گرتن ڕەچاو بکەین . بــەلام ئەبێت لەچەن ساڵی کەمی داهاتوودا ، لەم چەن ڕیزە پلانە پێنج ساڵانەیەی ئێستە ، پێویستە بەتایبەتی داوای ڕەنجدانو دەس پێوە گرتن بکەین ، پێویستە بایەخێکی تایبــەتی بدەین بــە پاشەکەوت .

پێشەکی «هەڵسوڕاندنی هاوکاری‌یەک بەهۆی

رەنجدانو دەس پێوە گرتنەوە » ( ١٩٥٥ )
« هەڵچوونی سۆشیالیستی لــە ناو لادێکانی
چین دا » ، ب ١ ، چاپی چینی

لەهەر کۆیەیەک ئەبین ببین ، پێویستە هێزی مرۆڤیو
سەرچاوە ماددییەکانمان پاشەکەوت بکەین ، نابێت کورت
بین بین وبکەوینە دەس بڵاوی و شت بەفیڕۆدان لەهەر کوێیەک
ببین ، ئەبێت هەر لەیەکەم ساڵی کارمانەوە ئەو دمان لەمێشکدا
بێت کە ساڵانی زۆرمان لەپێشە ، جــەنگی درێژخایەن کە
ئەبێت لەسەری بڕۆین ، هێرشی بەرامبەری ، کارکردن
بۆ دروست کردنەوە دوای دەرپەڕانــدنی دوژمن ، ئەبێت
حسابیان بۆبکرێت . لەســەرێکەوە ئەبێت هەرگیز شت
بەفیڕۆ نەدەین یادەس بڵاو نەبین ، لەسەرێکی کەوە ئەبێت
چالاکانە پەرەبدەین بەبەرهەم هێنان . لەمەوپێش لەهەندێک
شوێن خەڵک زۆر ناخۆشییان بینیوە چــونکە دووربین
نەبوونو پاشەکەوت کردنیان لە هێزی مرۆڤییو سەرچاوە
ماددییەکانو پەرەپێدانی بەرهەمهێنانیان خستۆتە پشت گوێ
ئەمە دەرسێکە ئەبێت گوێی بدەینێو پەندی لێ وەربگرین .

« ئەبێت فێری کاری ئابوری ببین » (١٠ی کانونی دووەمی ١٩٤٥ ) ، ن . هـ ، ب ٣

(بۆ ئەوەی پەلەبکەین لە بوژانەوەو گەشەپێ کردنی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی‌و بەرهەم هێنانی پیشەسازی لەشارە پچووکەکاندا ) پێویستە هەرچیمان لەدەس دێت بیکەین لەکاتی خەبات کردندا بۆ نەهێشتنی سیستەمی فیۆداڵی ، بۆ ئەوەی هەموو تفاقی بەکەڵکی بەرهەم هێنان‌و ژیان بپارێزین ، هەرچی خراپە بیکەین دژی ئەو کەسانەی ئەیان شکێنن یا بەفیڕۆیان ئەدەن وە بچین بەگژ دەس بڵاویدا لە خواردن‌وخواردنەوەدا وە بایەخ بدەین بە پاشەکەوت کردن‌و دەس پێوەگرتن .

« دووان لە کۆنفرەنسی کادرانی ناوچەی ڕزگارکراوی شانسی - سۆییوان دا» ( ١ی نیسانی ١٩٤٨ ) ، ن . هـ ، ب ٤

پێویستە لە مەسرەفی حکومەتماندا پرانسیپی پاشەکەوت کردن‌و دەس پێوەگرتن ڕێ پیشان دەربێت . ئەبێت ئاشکرا

بکرێت بۆ هەموو کارکەرانی حکـــومەت کەوا دزینی ماڵی حکومەت و بەفیڕۆدانی تاوانی هەرە گەورەن. هێرشمان دژی دزی و شت بەفیڕۆدان تائێستە هەندێک ئەنجامی دەس خستوە بەڵام تێ کۆشانی زیاتری پێویستە. سیستــەمی حساباتمان پێویستە لەسـەر ئەو پرانسیپە بەڕێـــوە بچێت، کە ئەبێت هەموو فلسێک بۆ جەنگ، بۆ مەسەلەی شۆڕشگێڕی، بۆ دروست کردنی ئابوریمان پاشەکەوت بکرێت.

«سیاسەتی ئابوریمان» (٢٣ی کانونی دوەمی ١٩٣٤)، ن. هـ، ب ١

لەم دواییەدا ئاقارێکی بەترس خۆی دەرخستوە لەنێوان فەرمانبەرەکانماندا ـ نەویستنی بەشداربوون لــە خۆشی و ناخۆشی جەماوەردا و گوێدان بە ناوبانگ و بە دەس کەوتی خـۆیی. ئەمە شتێکی زۆر خراپە. ڕێگەیەکی چارەکـــردنی ئەمە ئەوەیە کـەڕێک خــــراوەکانمان سادەبکەین لەماوەی هێرشی پتر کردنی بەرهەم و پراتیکی پاشەکەوتدا، وە کادرە-کانمان بهێنینە پلەی نزمتر تاوەکوو ژمارەیەکی باشیان بچنەوە

سەرکاری بەرهەمهێنان .

« لەمەڕ ڕاست چارەسەرکردنی ناکۆکی یەکانی
نێوان گەل » ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

بەرهەم هێنان لەلایەن لەشکرەوە بۆ دەس خستنی پێویستی یەکانی خۆی ، نەک هەر دۆخی ژیانی لەشـــکری باش ترو باری سەرشانی گەلی سووک تر کردوە ، وەبەم چەشنە بوە بەهۆی زیاتر پەرەسەندنی لـەشکر ، سـەرەڕای ئەمە دەس بەجێ بە جۆرێکی لابەلا گەلێک ئەنجامی ناسەرەکیشی بوە کە بریتین لەمانە : (١) پەیوەندی نێوان ئەفسەرو سەربازی باش تر کردوە ، ئەفسەرو سەرباز پێکەوە لە بەرهەم هێناندا کارئەکەن و وەکوو برایان لێ دێت (٢) هەلویستی باش تر کردوە بەرامبەر بـە کارکـردن ...... ئـەوەتە لەشکر دەسی کردوە بەوەی ئازوقەی خۆی بهێنێتە بەرهەم هەڵویستی بەرامبەر بەکارکردن باش تر بوە ورەوشتی تەوەزەلانەیشی نەهێشتـــوە . (٣) دیسپلنی پتەوکردوە . دیسپلنی کـــار لەبەرهەم هێناندا نەک هەر دیسپلنی شەڕو ناو ژیانی لەشکری

کزنەکردوە بگرە بەکردەوە پتەوتری کردوە . (٤)پەیوەندی نێوان لەشکرو گەلی چاکتر کردوە . لەشکرێک کـە دەستی کرد بـە « ماڵداری » بۆخۆی ، دەس درێژ کردن بـۆ شتی خەڵک زۆر کەم ئەبێتەوە ، وەیا هـەرگیز ڕوو نادات کە لەشکرو گەل ئاڵوگـۆڕی کاریان کردو یارمەتی یەکتری یان دا لەبەرهەم هێنانا دۆستایەتی نێـوانیان پتەوتر ئەبێت . (٥) بۆڵەو خوەی لەشـکر بەرامبەر بەحکومەت کەمترەو پەیوەندی نێوانیان چاکتر بوە . (٦) گوڕێکە بـۆ هێرشە گەورەکەی گـەل لەپێناوی بەرهەم هێنانا . کاتێک لەشکر خەریک ئەبێت بە بەرهەم هێنانەوە پێویستی وەها کردنی حکومەت و ڕێکخراوەکانی تر پتر دیار ئەبێت وئەوانیش زۆرتر بە خورتی ئەی کەن . هەروها پێویسـتی هێرشێکی گشتی لەلایەن هەموو گەلەوە بۆ پتر کردنی بەرهەم-هێنان بێ گومان زۆرتر دەر ئەکەوێت و ئەمەیش بە گوڕێکی زۆرترەوە پێک ئەهێنرێت .

« لەمەڕ بەشداری لەشکر لە بەرهەم هێنانا
بۆ دەسخستنی پێویستی یەکانی لە ئازوخەو ،

لەمەڕ گرنگی ی هێرشە مەزنەکانی چاکردنەوەو
بەرهەم هێنان » ( ٢٧ی ) نیسانی ١٩٤٥ )،
ن . ه ، ب ٣

هەندێک کەس ئەڵێن کەوا ئەگەر کەرتەکانی لەشکر خەریکی بەرهەمهێنان بن ، پێیان ناکرێت کە مەشق وەیا شەڕ بکەن ،وە کەوا ئەگەر حکومەت ورێک خراوەکانی تریش ئەمەیان کرد ئەوانیش ناتوانن فرمانەکانی خۆیان بکەن .
ئەمقسەیە ڕاست نی یە لەم ساڵانەی پێشوودا کەرتەکانیلەشکر لەهەرێمەکانی سنووردا بە چەشنێکی فراوان کاروباریبەرهەم هێنانیان کردوە ، ئەوەی خۆراکو بەرگی زۆر بۆ خۆیان پەیدا بکەن ، وە لەهەمان کاتیشدا مەشقی خۆیان کردوەو، خوێندنی سیاسی و ئەدەبی و دەورەکانی تریشیان لە جاران گەلێک سەرکەوتووانەتر بەجێ هێناوەو ، یەکێتی یەکی لەهەموو کاتێکی کە گەورەتر هەیە لەناو لەشکرداو،لەنێوان لەشکرو گەلدا. پار کە لەمەیدانی شەڕدا بەجۆرێکی فراوان هێرشی بەرهەم هێنان هەبوو ، سەرکەوتنی گەورە لەشەڕدا دەسخرا ، جگە لەوەی کە هێرشێکی مەشق پێ کردنی بەزین

دەسی پێ کرا . وە بەسایەی بـــەرهەم هێنانەوە فەرمانبەرانی
حکومەتو ڕێکخراوەکانی‌تر ژیانێکی باش‌تر ڕانەبوێرنو
پتر بە دڵسۆزیو خورتی‌یەوە کارئەکەن . بارو وەهایە لـــە
هەرێمەکانی سنوورو لە مەیدانی شەڕیشدا .

« ئەبێت فێری کاری ئابوری ببین » (١٠ی
کانونی دوەمی ١٩٤٥ ) ، ن . هـ ، ب ٣

## ٢١- پشت بە خۆ بەستن و خەباتی لاسارانە

سیاسەتی ئێمە ئەبێت لەسەر چ بنچینەیەک دابنرێت ؟ پێویستە لەسەر هێزی خۆمان دابنرێت ، واتە بە تێکۆشانی خۆمانەوە خۆمان بژێنینەوە . ئێمە بەتەنیا نین ، هەموو ولاتان و گەلانی دنیا کە دژی ئیمپریالیزمن دۆستی ئێمەن ، لەگەڵ ئەمەیشدا ئێمە سوورین لەسەر ژیاندنەوە بەهۆی تێکۆشانی خۆمانەوە . کە پشتمان بەو هێزانە بەست کەوا خۆمان رێکیان ئەخەین ، ئەتوانین هەموو کۆنەپەرستانی چین و بێگانە بشکێنین .

« هەڵویست و سیاسەتمان پاش سەرکەوتن لە جەنگی بەرگریدا دژی ژاپۆن » (١٣ی ئابی ١٩٤٥) ، ن هـ ، ب ٤

ئێمە لایەنی پشت بەخۆ بەستن ئەگــرین ، وە هیوایشمان بە یارمەتی بێگانە هەیە ، بەڵام ناتوانین پشتی پێ ببەستین . ئێمە پشت بە تەقەلای خۆمان ئەبەستین ، بە هێزی دروستکەری هەموو لەشکرو سەرپاکی پارتی .

« ئەبێت فێری کاری ئابـوری ببین » (١٠ی کانونی دوەمی ١٩٤٥ ) ، ن . هـ ، ب٣

سەرکەوتن لەسەرانسەری وڵاتدا تەنیا یەکەمین هەنگاوە لەرێ ڕۆیشتنێکی دە هەزار لییدا...... شۆڕشی چین شتێکی گەورەیە ، بەڵام ڕێگەی دوای شــۆڕش درێژترو فرمانی زیاترو بە ئـەرکتر ئەبێت . ئەبێت ئەمە ڕوون بکرێتەوە لە ناو پارتیدا . پێویستە هەڤاڵان یارمەتییان بدریت کەوا لەسەر خۆیی و بێ فیزیو دووربێی خۆیان ڕابگرنو ، خۆیان ڕزگار بکـەن لــە لووت بەرزی و هەڵەشەیی لە شــێوەی کارکردنیاندا . هەڤاڵان پێویستە یارمەتی بدرێن کە شێوەی ژیانی سادەو خەبات کردنی سەخت بپارێزن.

« ڕاپۆرتێک بــۆ دووەمین پلینۆمی حەوتەم کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین »(٥ی

مارتی ۱۹٤۹ ) ، ن . ھ ، ب ۳

پێویستە بەتەواوی هەموو ئەو بیروڕایانە لەناو کادرە-کانماندا نەهێڵین لەبارەی دەس خستنی سەرکەوتنەوە بەئاسانی لـــە ڕێی ڕێکەوتو بەختەوە بەبێ خەباتی سەختو تاڵو بەبێ ئارەقەو خوێن .

« بنکەی پتەو لە شیمالی خۆرهەڵاتەوە دابمەزرێنن » ( ۲۸ کانـــونی یەکەمی ۱۹٤٥ ) ، ن . ھ ، ب ٤

پێویستە ئێمە بێ وەستان ڕاستی لەبارەی پێش کەوتنی دنیاو ئـــەو دواڕۆژە ڕووناکەوە کە لەپێشە بەخەڵک ڕابگەیەنین ، تا باوەڕیان بەسەرکەوتن تێدا پەیدا ببێت . لـــە هەمان کاتیشدا ئەبێت بەگەل وە بە هەڤاڵەکانیشمان بڵێین کەوا ڕێگەمان پێچو پەنای تێدایە ، هێشتا زۆر قۆرتو دیژواری گەورە لەڕێی شۆڕشدا هەیە . کۆنگرێسی حەوتەمی پارتیمان وای بۆچوو دیژوارییەکی زۆرمان تووش ئەبێت ، چونکە ئەوەمان لاباشترە کەوای دابنێین دیژواری زۆرترمان لـە

پێشه نــه کێ کەمتر . هەندێکێ هەڤاڵ حەزناکەن زۆر بیر لـەدیژواری بکەنەوە . بەڵام دیژواری شتێکن کــەهەن ، بۆیە ئەبێت دان بنێین بە بوونی دیژوارییەکاندا ئەوەندەی کەهەن ، وەنابێت سیاسەتی « پێ لێ نەنان » بگرین بەرا - مبەریان . ئەبێت دان بنێین بە دیژواریدا،لێیان بکۆڵینەوەو بەگژیاندا بچین ، لە دنیادا هیچ ڕێیەکی ڕاستوڕەوان نی یە ئەبێت خۆمان تەیار بکەین بۆ ڕۆین بە ڕێبەکدا کە پێچو پەنای تێدابێت ، نابێت هــەوڵ بدەین شــتمان بە هەرزانی بکەوێتە دەس ، وە نابێت بەبیرماندا بێت بەیانییەکی خۆش هەموو کۆنەپەرستەکان هــەر لەخۆیانەوە کرنووشمان بۆ ئەبەن . بەکورتی دوارۆژ گەشو ڕووناکە، بەڵام ڕێگەیش پێچ وپەنای هەیە . هێشـتا زۆر دیژواریمان لەپێشــە کە پێویســت نی یە چاویان لێ بپۆشین . بەیەکگرتن لەگەڵ هەموو گەلدا لە تێ کۆشانێکی گشــتیدا بێ گومان ئەتوانین بەسەر هــەموو دیژوارییەکانـدا زاڵ بینو ســەرکەوتن بــەرینەوە .

« لەمەڕ وتووێژی چونگ کینگ » ( ١٧ی

تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ ) ، ن . ھ ، ب ٤

ھەر کەسێکێ تەنیا ھەر لا ڕووناکە کە ئەبینێت نەکێ دیژ-
واری‌یەکانیش ناتوانێت شەڕێکی کاریگەر بکات بۆجێ بەجێ
کردنی ئەرکەکانی پارتی .

«لەمەڕ حکومەتی یەکێ - کەوتوو »( ٢٤ی
نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ھ ، ب ٣

سامانی کۆمەڵێکێ لەلایەن ڕەنجدەرو جوتیارو ڕۆشنبیرە
ڕەنجدەرەکانەوە دروست ئەکرێت . ئەگەر چارەنووسـی
خۆیان بخەنە دەس خۆیان ، پەیڕەوی ھێڵێکی مارکسی -
لینینی یانە بکەنو ، ھەڵویستێکی بەکار بگرن لە چارەکردنی
گیروگرفتەکاندا لەباتی ئەوەی خۆیانی لێ بدزنەوە ، ھیچ
دیژواری‌یەکێ لەجیھاندا نابێت کە نەتوانن بەسەریدازاڵ بن

« پێشەکی سکرتێری پارتی ڕابەرایەتی ئەگرێتە
ئوستۆو ئەندامەکانی کە یارمەتی ئەدەن لـە
بەڕێوەبردنی ھاوکاری‌یەکاندا » ( ١٩٥٥ ) ،
« ھەڵچوونی سۆشیالیستی لـە ناو لادێکانی

چین‌دا » ، بەرگی یەکەم ، چاپی چینی

هەموو هەڤالانی گشــت پارتی ئەبێت ئەمە بخەنە حسابی خۆیانەوەو ئامادەبن بۆ زاڵ بوون بەسەر هەموو دیژواری - یەکدا بە ویستنێکی لە بەزاندن نەهاتووەوە ، وە لە ڕێیەکی پلان بۆ دانراوەوە . هێزی کۆنەپەرستی وئێمەیش ، هەردوو لامان دیژواریمان هەیە بەڵام دیژواری هێزە کۆنەپەرستەکان زاڵ بــوون بەسەریاندا ، لــە توانادا نییە چونکە ئەوانە هێزێکن لە لێواری مردندا وەستاون وهیچ دواڕۆژێکیان نییە ، دیژوارییەکانی ئێمە ئەتوانرێت نەهێڵرێن چونکە ئێمە هێزی نوێو ڕاپەڕیوین‌و دواڕۆژێکی گەشمان هەیە .

« سلاو لە شەپۆلی بەرزی تازەی شۆڕشی چین»
( ١ی شوباتی ١٩٤٧ ) ، ن . ه ، ب ٤

لەسەردەمی دیژواریدا نابێت سەرکەوتنەکانمان لــەچاو ون‌ببێت ، ئەبێت دوا ڕۆژی ڕووناکمان لەبەر چاوبێت‌و هەمووزات بخەینە بەرخۆمان .

«خزمەتی گەل بکەن» (٨ی ئەیلولی ١٩٤٤)
ن . هـ ، ب ٣

شتی نوێ هەمیشـــە ئەبێت لە گەشە کردنیدا دیـــژواریو گیرخواردنی بەسەر بێت ، ئەوە خـــەیاڵێکی خاوە کەوا بزانین مەسەلەی سۆشیالیزم سەرکەوتنی ســـووکەو ئاسانەو ببەرێ دیژواریو گیرخواردن ، یارەنجو تەقەلایەکی زۆر لە خۆیەوە جێ بەجێ ئەبێت .

« لەمەڕ ڕاست چارەسەر کردنی ناکۆکی یەکانی نێوان گەل » ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

لە خەباتی شۆڕشـــگیرانەدا ، لە هەندێک کاتی تایبەتیـــدا دیژواری یەکان پتر ئـــەبن لەمەرجە لـــەبارەکان . ئەوسا دیژواری یەکان ئەبنە لای سەرەکی ناکۆکیو مەرجە لەبارەکانیش ئەبنە لای ناسەرەکی، بەڵام شۆڕشگێڕان بە تێ کۆشانی خۆیان ئەتوانن بەسەر دیژواری یەکاندا زاڵ ببن هەنگاو بە هەنگاو دۆخێکی تازەی لـــەبار بهێننە کایەوە . بەم جۆرە دۆخێکی دیژوار جێ چۆڵ ئەکات بۆ یەکێکی لەبار .

« لــەمەڕ ناكــۆكى » ( ئابى ١٩٣٧ ) «
ن . ه ، ب ١

كار چى يە ؟ كار خەباتە . لــەو شــوێنانەدا دیژواری و گیروگرفت هەن ، ئەبێت زاڵ ببین بەسەریانداو چارەیان بکەین ، ئیمەیش ئەچینە ئەوێ بۆ كارو خەبات ، بۆ نەهێشتنی ئەو دیژوارییانە . هەڤاڵی باش ئەو كەسەیە كەزیاتر حەز ئەكات بچێت بــۆ ئەو شۆێنانەی دیژواری گەورەتریان تێدا هەیە .

« لەمەڕ وتووێژی چونگ كینگ » ( ١٧ی تشرینی یەكــەمی ١٩٤٥ ) ، ن . ه ، ب ٤

ئەفسانەیەكی چینی كۆن هەیە پێی ئــەڵێن « پیرەمێردە گەوجەكەی دوو كێوی لەبن هێنا » ، باسی پیرە مێردێك ئەكات كەزۆر زۆر لەمەوبەر لــە شیمالی چیندا ژیاوە وپێیان ئەوت پیرەمێردە گەوجەكەی شاخی شیمال . ماڵەكەی ڕووی لە جنووب بوو ، لەولای دەرگاكەیەوە دوو كێوی بەرز هەبوون ، تایهانگ و وانگوو ڕێگەی ماڵەكەیان لێ گر-

ئیـوو . بڕیاری‌دا کـە ئەم دوو کێوە لەبن هـەڵ بکەنێت ، کوڕەکانی بردو بە پاچ وپێمەڕە کەوتنـە وێزەیان ، ڕیش بۆزێکێ هەبوو پێیان ئەوت پیرەمێردی ژیر کە بینیی گاڵتەی پێ کردن‌و ، وتی : ئێوە چەن کەرن کە خەریکی ئەم کارەن! بە هیچ جۆرێکێ لەتوانای ئێوەدانی‌یە بەم کەمی‌یە ئەم دوو کێوە زلە لەبن بهێنن . پیرەمێردە گەوجەکە وەرامی دایەوە وتی : کە من مردم کوڕەکانم لەسەری ئەڕۆن ، کە ئەوانیش مردن نەوەکانم دێن ، ئەوجا کوڕی ئەوان‌و نەوەکانیان وەهەروەها هەتا هەتایە ، کێوەکان هەرچەندە بەرزبن لەمێستە بەرزترنابن ، وە هەرچەن نەختێکی لێ هەڵبکەنین ئەوەندە نزمتر ئەبنەوە ، ئیتر بۆچی ناتـوانین لەبنیان بهێنین ؟ کـە بیروڕای پیرەمێردە ژیرەکەی بەدرۆخستەوە لەسەرهەڵکەندنی خۆی ڕۆیی هەموو ڕۆژ ، بێ ئەوەی ئەوەندەی تۆزێکێ باوەڕیان بجوولێت ، تاخوا بەزەیی پێیاندا هاتەوە دوو فریشتەی نارد کێوەکانیان‌دا بەکـۆڵیاندا و گواستیانەوە شوێنێکی‌تر . ئەمڕۆیش دوو کێوی گەورە وان لەسەر سنگی گەلی چین کەوا ئیمپریالیزم و فیۆدالیزمن لەمێژە پارتی کۆمۆنیستی

چین بریاری داوە کە لەبن هەڵیان بکەنێت ، پێویستە بەبێ
وچان لەسەر ئەمفرمانە برۆین ، ئێمەیش دڵی خواوەندمان
بۆ نەرم ئەبێت ، خواوەندە کەیشمان هەر جەماوەری گەلی
چینە ، ئەگەر ئەوان ڕاست بنەوە وپێکەوە لەگەڵمان بکەونە
هەڵ کەندن ئاخۆ ئەبێت بۆچی ئەم دوو کێوەپاک نەکرێنەوە .

«پیرەمێردە گەوجەکەی دوو کێوی لەبن هێنا»
( ١١ی خوزەیرانی ١٩٤٥ ) ، ن . ھ ، ب٣

## ٢٣ - ڕێگەکانی بیر کردنەوەو ڕێگەکانی کار

مێژووی مرۆڤایەتی گەشەکردنێکی بێ وەستانەوەیە لە هەرێمی ناچاری یەوە بۆ هەرێمی سەربەستی ، ئەم پرۆسێسە هەرگیز لەبڕانەوە نایەت ، لە هەر کۆمەڵێکدا کە چینەکان هەبن خەباتی چینایەتیش هەرگیز نابڕێتەوە ، لە کۆمەڵی بێ چینیدا خەباتی نێوان تازەو کۆن وەی نێوان ڕاستی هەرگیز نابڕێتەوە . لە مەیدانی خەبات کردندا بۆ بەرهەم هینانو تاقی کردنەوەی زانستی ، مرۆڤایەتی بە بێ وەستان پێش ئەکەوێتو سروشتیش بێوەستان لە گۆڕاندایە ، هەرگیز لە یەک ئاستدا نامێنێتەوە بۆیە ئەبێت پیاو هەمیشە تەجروبە کۆبکاتەوەو بڕوا لەسەر دۆزینەوەو داهێنانو دروست کردن و پێش کەوتن . ئەو بیرڕایانەی ڕاوەستان ، بەدبینی ،

بێ‌ورەیی ، قەناعەت ، لووت‌بەرزی پەسند ئەکەن هەموو چەوتن ئەمانە چەوتن چونکە نە لەگەڵ واقیعە مێژوویی‌یەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ملیۆنان ساڵی رابوردو ئەگونجێن وە نە لەگەڵ واقیعە مێژوویی‌یەکانی سروشت تائەو ئەندازەیەی ئێمە لێی ئەزانین ( واتە سروشت وەکوو مێژووی جورمە ئاسمانی‌یەکانو ، مێژووی ئەرزو ژیان و فینۆمینا سروشتی‌یەکانی‌تر ) .

لە « ڕاپۆرتی سەرۆک وەزیران چوئین لای لەمەڕ کاری حکومەت ، بۆیەکەمین کۆبوونەوەی سێ‌یەم کۆنگرێسی نەتەوەیی خەڵکی کۆماری گەلی چین » وەرگیراوە، ڕۆژنامەی «جێنمێنجیباو » ۳۱ی کانونی یەکەمی ۱۹٦٤

زانستی سروشتی یەکێکە لە چەکەکانی مرۆڤ لەخەباتیدا بۆ سەربەستی. بۆئەوەی سەربەستی لە کۆمەڵدا دەس‌بکەوێت مرۆڤ پێویستە زانستی کۆمەڵایەتی بەکار بهێنێت بۆ تێ‌گەیشتن و گۆڕینی کۆمەڵ و پێکهێنانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی. وەبۆ

ئەوەیش کە لەدنیای سروشت سەربەستی دەس بخات، مرۆڤ پێویستە زانستی سروشتی بەکار بهێنێت بۆ تێگەیشتن وداگیرکردنو گۆڕینی سروشت ؛ وەبەم جۆرە سەربەستی لە سروشت ئەسێنێت .

دووانێک لە ئاهەنگی کردنەوەی کۆمەڵەی
لێکۆڵینەوەی زانستی سروشتی لە ناوچەی
سنوور ( ٥ی شوباتی ١٩٤٠ )

فەلسەفەی مارکسی ، ماتریالیزمی دیالێکتیکی ، دوو پێ‌نەسی دیاری هەیە : یەکێکیان سروشتی چینایەتی‌یەتی ، کە بە ئاشکرا هاوار ئەکات ماتریالیزمی دیالێکتیکی خزمەتی پرۆلیتاریا ئەکات ، ئەوی کەیان سروشتی پراتیکی‌یەتی ، گرنگی‌یەکی زۆر ئەدات بەوەی کە تیۆری لەدوای پراتیکەوە دێتو ۆری لەسەر بناغەی پراتیک دائەنرێتو دیسانەوە ئەویش خزمەتی پراتیک ئەکات .

« لەمەڕ پراتیک » ( تەمموزی ١٩٣٧ ) ،
ن . هـ . ب ١

لای فەلسەفەی مارکسی گیروگرفتی هەرەگرنگ لەوەدانی یە کە قانونەکانی جیهانی بابەتی بزانرێن و بەم جۆرە بتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ ڕوونکردنەوەی جیهان ، بگرە لەوەدایە کە زانینی ئەم قانونانە کاری پێبکرێت بۆ گۆڕینی جیهان بە جۆرێکی زیرەکانە .

هـ . س . پ .

بیروڕای ڕاســت لــە کوێوە دێن ؟ ئایا لەئاسمانەوە ئەبارێن ؟ نەء . ئاخۆ سکک ماکێ لە مێشکداهەن ؟ نەء . لە پراتیکی کۆمەڵایەتی یەوە هەڵ ئەقوڵێن و تەنیا هەر لەوێوە ، لە سێ جۆرە پراتیکی کۆمەڵایەتی یەوە هەڵئەقوڵێن : خەبات کردن بۆ بەرهەم هێنان ، خەباتی چینایەتی ، وە تاقی کرد - نەوەی زانستی .

« بیروڕای ڕاســت لــەکوێوە دێن ؟ »

( ئایاری ١٩٦٣ )

بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤە کەوا ســنووری بیرکردنەوەی ئەکێشێت . بیروڕای ڕاست کە پێناسی چینی پێش کەوتووە

هەر کە جەماوەردەستی بەسەردا گرت ، ئەم بیروڕایانە ئەبنە هێزێکی ماددی کە کۆمەڵ ئەگۆڕێت ودنیایش ئەگۆڕیت .

هـ . س . پ .

مرۆڤ لە پراتیکی کۆمەڵایەتی یاندا بەگەلێک جۆر خەباتەوە خەریک ئەبن و ، تەجروبەی باشیان دەس ئەکەوێت هەم لە سەرکەوتنەکانیان و هەم لە ژێرکەوتنەکانیان . بێ ژمارە فنیۆمینای دنیای بابەتی دەرەوە بە هۆی پێنج ئەندامەکەی هەست کردنیەوە ئەندامەکانی بینین ، بیستن ، بۆن کردن ، چێشتن ، لمس - لە مێشکی پیاودا خۆی ئەنوێنێتەوە . لەسەرەتاوە زانین تەنیا حسی یە ، بازدانی بۆئەوەی ببێت بەزانینی عەقلی ، واتە بەبیروڕا کاتێک ڕوو ئەدات کە ژمارەیەکی تەواو زانینی حسی لە مێشکدا کۆبووەوە . ئەمە یەکێکە لە پرۆسێەکانی زانین ، یەکە پلەیە لە هەموو پرۆسێسی زانیندا ، ئەو پلەیەی لەشتی بابەتی یەوە ئەچێت بۆ هۆشیاری خۆیی ، لە هەبوونەوە بۆ بیروڕا . جا ئاخۆ هۆشیاری یا بیروڕای ئەوکەسە ( بە تیۆری سیاسەت وپلان

وکردەوەکانیشـــەوە ) بەڕاستی قانونەکانی بابـــەتی جیهانی دەرەوە ئـەنوێنن یانە ؟ ئەمـــە هێشتا لەم پلەیەدا ئیسپات نەبووە ، وە هێشتا لەتوانادا نی یە بەتەواوی بزانرێت ڕاستن یانە . ئەوجا پلەی دووەم دێت لـــە پرۆسێسی دەسخستنی زانیندا ، ئەو پلەیەی کە لە هۆشیاری یەوە ئەچێتەوە بۆشت ، لە بیروڕاوە ئەگەڕێتەوە بـــۆ هەبـــوون ، کەوا تێیدا ئەو زانینەی لـەپلەی یەکەمدا دەس کەوتوە بەکار ئەهێنرێت لـــە پراتیکی کـــۆمەلایەتیدا ، تاوەکوو ئیسپات ببێت ئاخـــۆ ئەو تیۆری و سیاسەت و پلان و کردەوەکان ، ئەگەنە ئەو سەرکەوتنەی لێیان چاوەڕوان کراوە . بە جۆرێکی گشـــتی ئەوانەی سەرئەکەون ڕاست و ئەوانەی ژێرئەکەون ناڕاستن . ئەم شتە بەتایبەتی ڕاستە لەبارەی خەباتی مرۆڤەوە بەرامبەر بە سروشت . لـە خەباتی کـــۆمەلایەتیدا ئەو هێزانەی چینی پێش کەوتوو ئەنوێنن هەندێک جار تووشی شکان ئـــەبن نەک لەبەرئەوەی کە بیروڕاکانیان ناڕاستە ، بگرە چونکە لەبەراورد کردنی ئەو هێزانەدا کە لەو کاتەدا لەشەڕدان ، ئەوان هێندەی کۆنەپەرستەکان بەهێز نین ، بۆیە ئەو کاتە ئەشکێن .

بەلآم لەئەنجامدا هەر سـەرئەکەون زووبێت یادرەنگ .
زانینی مروڤ ، لە تاقی کردنەوەی پراتیکدا بازێکی کەیش
ئەدات ، ئەمبازە زۆر گرنگ ترە لەوەی پێشوو ، چونکە
تەنیا ئەمیان ئەتوانێت ڕاستیو ناڕاستی بازی یەکەم لەدەس
خستنی زانیندا ئیسپات بکات ، واتە هی ئەوبیروڕاو تیۆریو
سیاسەتو پلانو کـردەوانەی دەس کـەوتوون لەڕێی
خۆنواندوەی جیهانی دەرەوەی بابەتی یەوە . جگە لەمە هیچ
ڕێگایەکی ترنی یە بۆتاقی کردنەوەی ڕاستی .

ﻫ . س . پ .

زۆرجار زانینی ڕاسـت تەنیا بەوە دەس ئەکەوێت ،
کـەپرۆسێسی لەماددەوە بـۆ هۆشیاریو ئەوجا گەڕانەوە
بۆماددە ، واتە لەپراتیکەوە بۆ زانینو دیسانەوە گەڕانەوە
بۆپڕاتیک ، چەن جار دووبارە بکرێتەوە . ئەمەیە تیۆری
زانینی مارکسی یانە ،تیۆری زانینی ماتریالیزمی دیالێکتیکی .

ﻫ . س . پ

هەرکەسێک بیەوێت لە شتێک بگات هیچ ڕێگەی تری

نی یه لەوە بەولاوە کە لەگەڵ ئەو شتە تەماس بکات ، واتە لە دەوروروپشتی ئەو شتەدا بژی ( پراتیکێ کردن ) ....
ئەگەر زانینت ئەوێت پێویستە بەشدار بیت لـە پراتیکی گورینی واقیعدا ، ئەگەر بتەوێت تامی هەرمێیەکێ بکەیت ئەبێت هەرمێکە بگۆریت بەوەی کە خۆت بیخۆیت . ئەگەر بتەوێت تیـۆری ڕێگەکانی شۆڕش بزانیت ئەبێت بەش دار بیت لە شۆڕشدا ، هـەموو زانینێکی ڕاست لـە تەجروبەی ڕاستەوخۆوە هەڵ ئەقولێت .

« لەمەڕ پراتیکێ » ( تەمموزی ۱۹۳۷ ) ،

ن . ه . ب ۱

زانین بەپراتیکێ دەس پێ ئـەکات ، وە ئەو زانینـە تیۆرییانەیەی کە لەرێی پراتیکەوە دەس ئەکەون ، ئەبێت دیسانەوە بگەڕێنەوە بۆپراتیکێ ، دەوری کاریگەری زانین تەنیا لـەوبازە کاریگەرەدا خۆی نانوێنێت کە زانینی حسی ئەیدات بۆزانینی عەقلی ، بگرە ئەبێت خۆی لەو بازەیشدا بنوێنێت کەزانینی عەقلی ئەیدا بـۆ پراتیکی شۆڕشگێڕانە ،

ئەمەیش زۆر گرنگە ترە لەوی تر .

هـ . س . پ .

شتێکی ئاشـــکرایە کەئەگەر ویستت کارێکە بکەیت ، هەتا لەبارە واقیعی یەکانی نەگەیت ،وەسروشت وپەیوەندی یەکانی لەگەڵ شتی تریش نەزانیت ، ناتوانیت ئەو قانونانە بزانیت کە هەڵی ئەسوورێنین ، یا نازانیت چۆنی بکەیت ، وەیا لە وزەتدا نابێت بە باشی جێ بەجێی بکەیت .

« گیروگـرفتە ستراتیجی یەکانی » جەنگی شۆڕشگێڕانەی چین » ( کانونی یـەکەمی ١٩٣٦ ) ، ن . هـ ، ب ١

ئەگەر پیاوێکە بیەوێت لە کارەکەیدا سەربکەوێت ،واتە بۆئەوەی بگات بەو ئەنجامانەی چاوەڕوانی ئەکات پێویستە بیروڕاکانی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ یاساکانی بابەتی جیهانی دەرەوە،ئەگەر نەگونجان ئەوا لە پراتیکدا ژێر ئەکەوێت ، دوای ژێـرکەوتن دەرســی لێ وەرئەگرێت ، بیروڕاکانی ڕاست ئەکاتەوە بە چەشنێکە کە بگونجێن لەگەڵ قانونەکانی

جیهانی دەرەوە. بەم چەشنە ژێر کەوتن ئەگۆڕێت بە سەرکەوتن
نیاز لەمەیە کە ئەوترێت : « ژێر کەوتن دایکی سەرکەوتنە »
وە « کەوتنە چاڵت ، عەقڵ ئەخاتە پاڵت » .

« لەمەڕ پراتیکێ » ( تەمموزی ١٩٣٧ ) ،
ن . ه ، ب ١

ئێمە مارکسین ، مارکسیزم فێرمان ئـەکات لـەنزیکێ
بوونەوەماندا لە گیروگرفتێک لـە واقیعە بابەتی یەکانەوە
دەس پێ بکەین نەک لە تەعریفی ڕووتەوە ، کەوا پێویستە
ئێمە پرانسیپەکانی ڕێ پیشان دەرمان ، سیاسەت و کردەوە-
کانمان لە لێ کۆڵینەوەی ئەم واقیعانە دەربهێنین .

«دووان لـە کۆڕی ئەدەب وهونەردا لەیەنان»
( ئایاری ١٩٤٢ ) ، ن . ه ، ب ٣

ڕێکەی هەرە بنچینەیی کارکردن کەوا هەموو کۆمۆنستێک
پێویستە لەمێشکیدا بچەسپێت ئەوەیە ، کە سیاسەتی کارکرد-
نمان بەپێی مەرجە واقیعی یەکان دابنێین . کە لە هۆی ئەو

هەڵئەوردئەبینەوە کە کردوومانن ئەبینین هەموو بۆیە پەیدا بوون ، چونکە ئێمە لەباری واقیعی لامان داوە ، لەکات و شوێنێکی دیاری کـــراودا ، وە بەچەشنێکی خۆیی سیاسەتی کارکردنی خۆمانمان داناوە .

دووان لە کۆنفرەنســـی کادرانی ناوچـــەی ڕزگارکراوی شانســـی ـ سۆییوان » ( ١ی نیسانی ١٩٤٨ ) ، ن . ه ، ب ٤

ئایدیالیزم ومیتافیزیک ئاسان ترین شتن لەدنیادا ، چونکە خەڵک ئەتوانن تاحـــەز ئەکەن چەنەبدەن ، بەبێ ئـــەوەی قسەکانیان بناغەیەکی بابـــەتی واقیعی هەبێت ، یان خرابێتە بەر مەحەکی واقیع . ماتریالیزم ودیالێکتێک لەلایەکی ترەوە تێکۆشانیان پێویستە چـــونکە ئەبێت لەسەر بناغەی بابەتی واقیعی دابمەزرێن وەبە هـــۆی ئەوەوە تاقی بکـــرێنەوە . هەتا پیاو هەوڵەکە نەدات لەوانەیە هەڵ بخلیکێتە ناو ئاید- یالیزم ومیتافیزیکەوە .

پێشـەکی « بەڵگە لەسەر داروده ستەی شۆڕ-

شگێڕی چەواشەی هوفنگ» (ئایاری ١٩٥٥)

کە ئەمانەوێت سەرنج بدەینە شتێک پێویستە لەجەوهەرە-
کەی بکۆڵینەوە،وە دیوی دەرەوەی هەروەکوو دەرگاوانێک
تەماشا بکەین کەڕێی چوونە ژوورەوەمان پیشان ئەدات و،
هەر کەلە دەرگا چووینە ژووری پێویستە پڕ بە جەوهەری
شتەکەدا بکەین . ئەمەیە تاکە ڕێگەی زانینی لێ کۆڵینەوە
کەجێی باوەڕ بێت .

« تاقە یەک پزیسـک ئەتوانێت دەشتێک
ئاگر تێ بەربدات » (٥ی کانونی دووەمی
١٩٣٠ ) ، ن . ھ ، ب ١

هۆی بنچینەیی گەشە کردنی شتێک دەرەکی نی یە ناوەکی یە
لەو ناکۆکی یانەدایە کەلە هەناوی شتەکەدان . ئەم ناکۆکی یە
ناوەکی یە لە هەموو شتێکدا هەیە وە جوڵان و گەشە کردنیان
لەمەوەیە بـوونی ناکـۆکی لەناو شـتدا هۆی سەرەکی گەشە
کردنێتی ، بەڵام پەیوەندی نێوان ئەوشتەو شتی ترو کارکردنە
سەر یەکتری یان ، هۆی ناسەرەکی یە .

« لـــەمەڕ ناكـــۆكی » ( ئابی ١٩٣٧ ) ،

ن . ھ، ب !

لـــە ماتریالیزمی دیالێكتیكیدا ھۆ دەرەكییەكان؛ مەرجی گۆڕانو ھۆ ناوەكییەكان بنچینەی گـــۆڕانن . وە ھـــۆ دەرەكییەكان لەڕێی‌ھۆناوەكییەكانەوە كاری خۆیان‌ئەكەن . لە پلەیەكی گەرمـایی مناسبـــدا هێلكە ئەگۆڕدرێت ئەبێت بـــەجوچكێ ، بەڵام هێـــچ گەرماییەكێ نی‌یە كـــە بتوانێت بەردێكێ بكات بەجوچكێ ، چـــونكە بنچینەی گـــۆڕان تیایاندا جیاوازە .

ھ . س . پ

لای فەلسەفەی ماركسی قانونی یەكێتی دژەكان ، قانونی بنچینەیی ، وە ئەم یاسایە لە هەموو جیهاندا كارئەكات . چ لەدنیای سروشتو كۆمەڵی مرۆڤایەتی ،وەچ لە بیركردنەوەی مرۆڤدا ، لـــە نێوان دژەكانی ناكـــۆكییەكدا لەیەكێ كاتدا یەكێتیش وبەگژیەكدا هەیەچونیش ،وەهەرئەمەیە هۆی جوڵان وگۆڕانی شت ناكۆكییەكان لە هەموو شوێنێكێ هەن ، بەڵام

سرِوشتیان بەپێی جیاوازی سروشتی شت جیاوازە . لەهەر فینۆمینا یا شتێکدا کە بیگریت یەکێ دژەکان بەندە بە کات و شوێنەوە ، لەبەر ئەوە نسبی یە . بەڵام خەباتی دژەکان بەرەڵاو بێ سنورە .

« لەمەڕ ڕاست چارەسەرکردنی ناکۆکی یەکانی نێوان گەل » ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

ڕێگەی شی کردنەوە ، ڕێگەیەکی دیالێکتیکی یە ، نیازمان لە شی کردنەوە ، شی کردنەوەی ناکۆکی یەکانی شتەکانە . لە وزەدانی یە کە شی کردنەوەیەکی باش پێکبهێنرێت بە بێ زانینێکی تایبەتی ژیان و بەبێ تێگەیشتنێکی واقیعی ڕاستی ئەو ناکۆکییانەی کە مەبەستمانن .

« دووانێک لە کۆنفرەنسی نەتەوەیی پارتی کۆمۆنیستی چیندا لەمەڕ کاری پروپاگاندە » ( ١٢ی مارتی ١٩٥٧ )

شی کردنەوەی دیاری کراوی مەرجی دیاری کراو لینین

« با فێربوونەکەمان چاک بکەین» ( ئایاری ١٩٤١ ) ، ن .ه ، ب ٣

ڕەفتارکردن وەکوو « پیاوێکی چاو بەستراوە ڕاوە چۆلەکە بکات » یا « پیاوێکی کوێر پەل بکوتێت بۆماسی گرتن » ، کاڵوکرچی و دێ باکی و ، خەریک بوون بە چەنەبازی‌یەوەو ، پاڵ لێدانەوەو دڵخۆش بوون بە کەمێک زانین ، ئەمەیە ئەو شێوە هەرە خراپەی کارکردن کەوا هێشتا لە ناو زۆری هەڤاڵانی پارتیدا هەیەو ، شێوەیەکی بەتەواوی پێچەوانەی گیانی بنچینەیی ماکسیزم - لینینیزمە . مارکس ، ئەنگلز ، لینین و ستالین فێریان کردوین کە پێویستە هۆشیارانە مەرجەکان لێک بدەینەوەو ، لە واقیعی بابەتی‌یەوە تێ هەڵ بچین نەک لەئارەزووی خۆیی‌یەوە ، بەڵام زۆر لەهەڤاڵەکانمان بەتەواوی بەپێچەوانەی ئەم ڕاستی‌یەوە ئەجوولێنەوە .

ه . س . پ .

ئایا گیرو گرفتێک هەیە کەپێت چارە نەکرێت ؟ کەواتە

بەستە بکەوەرە لێ کۆڵینەوەی واقیعی ئێستای و مێژووی ڕابوردووی ! پاش ئەوەی بەتەواوی لە گیروگرفتەکەت کۆڵیەوە ئەزانیت چۆنی چارەبکەیت . ئەنجام هەمیشە لەدوای لێ کۆڵینەوە دەس ئەکەوێت نەک لە پێشیدا . تەنیا یەکێکی گەوج لەخۆیەوە مێشکی خۆی ئەگوشێت یا لەگەڵ چەن کەسێکدا بۆ « دۆزینەوەی چارەیەک » یا « پەیدا کردنی بیرێک » بەبێ پێک هێنانی هیچ لێ کۆڵینەوەیەک . پێویستە دووپات بکرێتەوە ئەمە لەوانە نی یە هیچ چارە کردنێکی کاریگەر ، وەیا هیچ بیروڕایەکی چاکی لێوە دەس بکەوێت .

« دژی کتێب پەرستی ن » ( ئایاری ١٩٣٠)

لەوانەیە لێ کۆڵینەوە بشوبهێنرێت بە « مانگە درێژەکانی سکپڕی» ،وە چارەکردنی گیروگرفتیش بە « ڕۆژی لەدایک بوون » . لێ کۆڵینەوەی گیروفتێک بێ گومان ئەوەیە کەچارەی بکەیت .

ه . س . پ .

بە هەڵوێستێکی مارکسی لینینی یەوە ، پیاو ئەبێت تیۆری ورێگەی مارکسیزم - لینینیزم بـــە کار بهێنێت بۆ لێ کۆڵینە- وەیەکی تەواو ورێکوپێکێ و ، لێکێ دانەوەی مەرجەکانی دەوروبـــەری . وە ئەمەیش هـــەر بەپەرۆشی ڕووت پێکێ نایەت، بگرە ستالین وتەنی ، پەرۆشی شۆڕشگێڕانەو گیانی پراتیکی لێکێ بدات .

« با فێربوونەکەمان چاکێ بکەین» ( ئایاری ۱۹٤۱ ) ، ن.ھ، ب ۳

تەنیا ڕێگە بۆ زانینی دۆخەکان ئەوەیە کە لێ کۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی پێکێ بهێنرێت ، لێ کۆڵینەوەی دۆخـی ژیانی واقیعی هەریەکـە لـە چینـــەکانی کۆمەڵ . ڕێی بنچینەیی بۆزانینی دۆخ بـۆ ئەوکەسانەی کە هەڵ ســوڕاندنی کاریان بەدەستە ، ئەوەیە گرنگی یەکی تەواوبدەن بە چـــەن شارو دێیەکێ بـــەپێی پلانێکی دانراو ، وە ڕوانگـــەی بنچینەیی مارکسیزم بەکار بهێنن ، واتە ڕێگەی شی کردنەوەی چینا- یەتی وە چەن لێ کۆڵینەوەیەکی تەواویان تێدابکەن .

پێشەکی و پاشەکی « لێ کۆڵینەوەی لادێکان »
( مارت و نیسانی ١٩٤١ )، ن . هـ ، ب ٣

پێویست ناکات ئەو کۆبونەوانەی بۆ ڕاستی دۆزینەوە پێکێک دێن فراوان بن لە سێوە تا پێنج یا حەوت هەشت کەس بەسە . ئەبێت کاتێکی زۆری بدرێتێ و ، ئەبێت جەدۆلێکی ئەو باسانەی لێ کوڵینەوەیان تیێدا ئەکرێت ، ئامادە بکرێت . سەرەڕای ئەمە پێویستە لەسەر لێ کۆڵەرەوە کە خۆی پرسیارەکان لە دانیشتوەکان بکات و چی ئەوترێت بینووسێت و گفتوگۆیان لەگەڵ بکات . لە بەرئەمە ئەگەر یەکێکێ پر نەبێت لەپەرۆش و ، ئامادە نەبێت خۆی بپاتە ڕیزی خەڵکەکە و لەسەر خۆ گوێیان لێ بگرێت و ، تێنوو نەبێت بۆزانین دەس خستن و ، سوور نەبێت لەسەر تورڕدانی پەردەی دزێوی لووت بەرزی و ، بوون بە قوتابی یەکی گوێ ڕایەڵ بە هەموو خۆشی یەوە ، بێ گومان ناتوانێت لێ کۆڵینەوەیەکێ پێکێ بهێنێت یا بە باشی بیبات بەڕێوە .

هـ . س . پ .

بنچینەی دروستیی پلانەکانی فەرماندەرێکی سەربازی دروستیی بڕیارەکانێتی ، وە دروستیی بڕیارەکانیشی بنچینەکەی دروستیی هەڵسەنگاندنەکانێتی ، وە بنچینەی دروستیی هەڵسەنگاندنەکانیشی سووسە کردنێکی وردو پێویستە لەگەڵ تێ وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەو پێکەوە بەستنەوەی ئەو زانیاری‌یە فرە چەشنەی بە هۆی سووسە کردنەوە کۆکراونەتەوە . فەرماندەرێکی سەربازی هەموو ڕێیەکی پێویستو لەوزەدا بوو ئەگرێت بۆ سووسەکردنو ، بەووردی بیر لەوزانیاری‌یە ئەکاتەوە کە لەسەر دۆخی دوژمن دەستی کەوتووەو بەراوردیان ئەکات ، ئەوی کەم بایەخە لای ئەداتو ئەوی زۆر بەکەڵکە ئەی‌هێڵێتەوە ، درۆی تووڕ ئەداتو ڕاستو جێی باوەڕی گل‌ئەداتەوە ، لە پاشدا ئەم زانیاری‌یانە لێک گرێ‌ئەدات ، تێ هەڵ ئەچێت لەیەکێکەوە بۆ ئەوی‌تر وە لەدەرەوە بۆناوەوە . ئەوجا باری لایەکەی خۆیشی ئەهێنێتە پێش‌چاو ، بەراوردێکی هەردوولا ئەکاتو لەپەیوەندی‌یەکانی نێوانیشیان ئەکۆڵێتەوە ، لەمانە ئەگاتە ئەنجامێکو بڕیار لەسەر شتێک ئەداتو پلانەکانی خۆی

دائەنێت . ئەمەیە پرۆسیسی تەواو بۆزانینی دۆخێکێ کەوا پسپۆری سەربازی پێـدا تێ ئەپەڕێت ، بـەرلەوەی پلانێکی ستراتیجی دابنێت ، پلانی هێرشێکێ یاپلانی شەڕێکێ .

« گیروگـرفتە ستراتیجی یەکانی » جەنگی شۆڕشگێڕانەی چین » ( کانـونی یـەکەمی ١٩٣٦ )؛ ن . ه ، ب ١

## ٢٤ ـ ڕاست کردنەوەی بیروڕای چەوت

تەنانەت ئەگەر سەرکەوتنی یەکجار گەورەیشمان دەس بکەوێت لە فرمانەکانماندا ، هیچ جۆرە هۆیەکێ نییە بۆئـەوەی خەڕۆ ولووت بەرزبین . بێ‌فیزی یارمەتی پیاو ئەدات بۆ پیش کەوتن ولووت بەرزی ئەی گێڕێتەوە دواوە ، ئەمە ڕاستی‌یەکە کە ئەبێت هەمیشە لەبیرمان بێت .

« وتاری کردنەوەی هەشتەمین کـۆنگرێسی نەتەوەیی پارتی کۆمۆنیســتی چین » ( ١٥ی ئەیلولی ١٩٥٦ )

لەگەڵ سەرکەوتندا ڕەنگـە هەندێک خوو پەیدا ببێت ـ فیزو لووت‌بەرزی ، سنگ دەرپەڕاندن‌و خۆ بە قارەمـــان

دانانو ، تەوەزەلیو پێش کەوتن نەویستن ، دووی خۆش ڕابواردن کەوتن ، حەز لێ نەکردنی ڕۆیشتن لەسەر ژیانی سەختی . لەگەڵ سەرکەوتنندا خەڵکی سوپاسمان ئەکاتو بۆرجوازی لێمان دێتە پێشەوە بۆ مەرایی کردنمان ، چونکە ئیسپات ئەبیت کە دوژمن ناتوانێت بە زەبری چەک بمان شکێنێت . هەرچۆنێک بێت مـەرایی کردنی بۆرجـوازی لەوانەیە لە ڕیزەکانماندا ئـەوانە بەزێنێت کە ویستێکی بەهێزیان نیە ، ڕەنگە هەندێک کۆمۆنیستی وا هەبن کە وا دوژمن نەی توانیبێت بەزەبری تفەنگ سەریان پێ دابنەوێنێت . وە بەهۆی بەرگە گرتنیانەوە بەرامبەر بەم دوژمنانە شایانی ناوی قارەمانن بـەلام بەرگەی ئەو گوللانە نەگرن کەشەکریان تێ گیراوە . ئەم گوللە شەکر تێ گیراوانە ئەیان بەزێنێت . بۆیە ئەبێت زۆر ئاگاداری خۆمان بین بەرامبەر بەباری وا .

« ڕاپۆرتێک بـۆ دووەمین پلینـۆمی حەوتەم
کۆمیتەی ناوەندی پارتی کـۆمۆنیستی چین »
( ٥ی مارتی ١٩٤٩ ) ، ن. ه ، ب٤

زۆر شت هەن لەوانەن ببن بەکۆل بە شانمانەوە ، وە لەوانەیە ببشبن بە بار لەسەرمان ئەگەر کوێرانە دەسمان پێوەگرتن ورەخنەگرانە بیرمان لێ نەکردنەوە . بۆنموونە ئەو کەسەی هەڵە ئەکات هەر چۆنێک بێت هەست بەوە ئەکات کە هەڵەی کردوە ، ئەم هەستە پاڵی پێوە ئەنێت بۆماتیو ساردبوونەوە ، بەڵام ئەوەی کە هەڵەی نەکردوە لەوانەیە خەرۆ ببێت بەوەی کەهەڵەی لێ ڕوونەداوە . هەروەها دەس گیر نەبوونی ئەنجام لەفرماندا لەوانەیە بەدبینیو دڵ شکاوی بخاتەوە لە کاتێکدا کە دەس کەوتنی ئەنجام ڕەنگە فیزو خوهەڵ کێشانی لێ پەیدا ببێت ، وە ڕەنگە ئەو هەڤاڵەی کە ماوەیەکی کەم لەخەباتدا بوە ئەمە بکات بەبیانوو بۆ کەمتەرخەمی لەفرماندا ، وە یالەوانەیە ئەو هەڤاڵەی ڕابوردوویەکی درێژی هەیە لەخەباتدا ئەمە بکات بە بەهانە بۆسەپاندنی ڕەئی خۆی بەسەر خەڵکدا . ڕەنگە هەڤاڵە کرێکارو جوتیارەکان بنجی چینایەتییان بکەن بەمایەی خۆ هەڵ کێشان بەسەر ڕۆشنبیرەکاندا و ، بە چاوی سووک تەماشایان بکەن لەکاتێدا کە ڕۆشنبیرەکان بەهۆی

ئەوەوە کە تا ئەندازەیەکی تایبەتی زانینیان هەیە لەوانەیە بەچاوی کەم بڕوانە هەڤاڵە کرێکارو جوتیارەکان، هەموو لێزانییەکی تایبەتی لەوانەیە بکرێت بەسەرمایەو بەم چەشنە ڕەنگە لووت بەرزیو بە کەم زانینی ئەوی تری لێ پەیدا بێت، تا تەنانەت ڕەنگە تەمەنی یەکێکیش ببێت بەبناغە بۆ خەڕۆبوون، لاوان چونکە زیرەکن و گورجو گۆڵن لەوانەیە بەچاوی کەم تەماشای پیرەکان بکەن و، پیرەکانیش بەو بۆنەیەوە کە لە تەجروبەدا دەوڵەمەنن ڕەنگە بەچاوی سوکی بڕوانە لاوەکان. هەموو ئەمشتانە ئەبن بەدار یا بەکۆڵی وەها کە لەژێریاندا بناڵێنین ئەگەر ڕەخنەگرانە ئاگامان لێیان نەبێت.

«خوێندنەکەمان و هەڵوێستی ئێستا» (١٢ی نیسانی ١٩٤٤)، ن. هـ، ب ٣

هەندێکێ هەڤاڵ لەلەشکردا خۆ بەزلزانو لووتبەرزانە ڕەفتار ئەکەن بەرامبەر بەسەربازەکان و گەلو حکومەتو پارتی، هەمیشە سەرزەنشتی ئەو هەڤاڵانە ئەکەن کە خەریکی

کاری ناوچەیین ، بەلاّم هیچ سەرزەنشی خۆیان ناکەن ، هەمیشە فرمانە باشەکانی خۆیان ئەبینن وهیچ کاتێکێ چاویان لە کەموکورییەکانی خۆیان نییە . هەمیشە مەرالی کردنیان پێ خۆشەو هەرگیز رەخنە گرتنیان بەدڵ نییە ... لەشکر پێویستە لەسەری تێ بکۆشێت بۆ ئەم چەوتییانە لە رەگ وریشەهەڵ بکەنێت .

« خۆتان رێکێ بخەن ! » ( ۲۹ ی تشرینی دوەمی ۱۹٤۳ ) ، ن ھ ، ب ۳

کاری گران وەکوو بارێکێ وایە لەبەر دەممانا دانرابێت بانگمان ئەکات کە هەڵی بگرین . جا هەندێکێ بار سووکێو هەندێکێ قورسن ، هەندێکێ کەس باری سووکیان لاپەسندترە لەهی قورس ، بۆیە سووکەکە هەڵ ئەگرنو قورسەکە بۆ خەڵکیتر ئەهێڵنەوە . ئەمە هەلوێستێکی باش نییە . هەندێکێ هەڤاڵ پێچەوانەی ئەمە ئەکەن سووکێ وئاسانەکە بۆخەڵکیتر بەجێ ئەهێڵن ، خۆیان بارە قورسەکان هەڵ ئەگرن . ئەمانە یەکەم کەسن کە سەختی ودیژواری

هه‌ڵبگـــرن وه دواکــه‌ون له‌که‌ڵک وه‌رگرتن له خۆشی وئاسایش . ئه‌مانه‌هه‌ڤاڵی چاکن پێویسته‌ هه‌مووومان گیانی کۆمۆنیستی‌یان بکه‌ین به‌سه‌ر مه‌شق بۆ خۆمان .

« له‌مه‌ڕ وتوویژی چـونگ کینگ » ( ۱۷ی تشرینی یه‌که‌م ۱۹٤٥ ) ، ن . ه ، ب ٤

زۆر که‌سی وا هه‌ن کـــه‌وا لـــه فرمانه‌کانیاندا هه‌ستی لێپرسینه‌وه ناکه‌ن ، کاری ســـووکیان لاپه‌سندتره له‌هی گران ، باره قورسه‌کان بۆ خه‌ڵکی کـــه به‌جێ ئه‌هێڵن و سووکه‌کان بۆ خۆیان هه‌ڵ ئه‌بژێرن . که‌ تووشی شتێک ئه‌بن له‌پێش خه‌ڵکدا بیر له‌خویان ئه‌که‌نه‌وه ، که به‌شداری‌یه‌کی که‌م ئه‌که‌ن له فرمانێکدا خۆیان گیف ئه‌که‌ونه‌وه‌و ئه‌که‌ونه فشه‌فش نـــه‌وه‌کا خه‌ڵکی کـــه پێ نه‌زانن . ئه‌مانه هه‌ستی- گه‌رمی وخۆشه‌ویستی ناکه‌ن به‌رامبه‌ر به هه‌ڤاڵه‌کانیان وگه‌ل بگره ساردو بێباک وهه‌ست مردوون به‌رامبه‌ریان. به‌ڕاستی ئه‌م چه‌شنه خه‌ڵکه کۆمۆنیست نین ، وه یاهه‌ر هیچ نه‌بێت ناتوانرێت به کۆمۆنیستی ڕاست بژمێردرێن .

« لەبیرەوەری نۆرمان بیسێوندا » ( ٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٣٩ ) ، ن . هـ ، ب ٢

ئەوانەی داوای ئەم جۆرە « سەربەخۆیی » یە ئەکەن ، بە جۆرێکی ئاسایی بەتوندی بەستراون بەو سەرەتایەوە کە ئەڵێت : « من لەپێشەوە » وە بە گشتی بەهەڵە چوون لە مەسەلەی پەیوەندی نێوان فەردو پارتیدا . هەرچەندە بەقسە رێز دەرئەبڕن بەرامبەر بە پارتی بەڵام بەکردەوە لەپێشەوە خۆیان دائەنێن ئەوسا پارتی . ئاخۆ ئەم جۆرە کەسانە لەچی ئەگەڕێن ؟ ئەمانە لە دووی ناوبانگ‌و شوێن ئەگەڕێن وئەیانەوێت خۆیان بنوێنن . هەرچەن کران بە لێپرسراو لە لقێکی کار کردندا گورج داوای « سەربەخۆیی » ئەکەن . بۆئەم نیازە چەن کەسێک ڕائەکێشن بەلای خۆیاندا وهەندێکی تریش دەر ئەپەڕێنن وئەگەڕێنەوە سەرخۆ هەڵکێشان ومەرایی کردن و دڵدانەوە لە ناو هەڤاڵاندا . بەم جۆرە شێوەی ناشیرینی پارتییە سیاسییە بورجوازییەکان ئەهێننە ناو پارتی کۆمۆنیستەوە . ئەوی ئەمانە تووشی گاشە ئەکات چەوت‌و چەوێڵی خۆیانە . بەلای منەوە پێویست

ئەوەیە کە ئێمە بەدڵسۆزی وڕاستی کاربکەین چونکە بەبێ هەڵوێستێکی ڕاستو دروست بەهیچ شتێکێ لەم دنیایەدا پێکێ بهێنرێت .

« چاکردنی شێوەکانی پارتی » ( ای شوباتی ١٩٤٢ ) ، ن . ھ ، ب ٣

کۆمۆنیستەکان ئەبێت کە پرانسیپی سەر پێدانەواندنی پێویستی یەکانی پارچە بۆ پێویستی یەکانی گشت تێبگەن . وەکوو ئەوەی ئەگەر پێشنیازێکێ دەرکەوت کە لەگەڵباری پارچەییدا ئەگونجێت بەڵام لەگوڵباری گشتیدا ناگونجێت ، ئەوسا ئەبێت پارچە جێ چۆڵ بکات بۆ گشت ، بەپێچەوانە ئەگەر پیشنیازێکێ لەگەڵ پارچەنەگونجا بەڵام لەگەڵ باری گشتی گونجا دیسانەوە هەر ئەبێت پارچە سەر دابنەوێنێت بۆ گشت . ئەمەیە مەعنای تێ وردبوونەوەی دۆخەکە وەکوو یەکێ گشت

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لە جەنگی نەتەوەیی دا » ( تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ ) ، ن . ھ ، ب ٢

بەرووی خۆش ڕابواردندا گەڕان. لەلەشکری سووریشدا ژمارەی ئەو کەسانە کەم نی یە کەوا لە بەدووی خۆش ڕابووردن گەڕاندا سەڵت پەرستی یان خۆی ئەنوێنێت هەمیشە بەوهیوایەن کە کەرتەکەیان بچێتە شارە گەورەکانەوە ، ئەیانەوێت بچنە ئەو شوێنانە نەک بۆ فەرمان کردن بگرە بۆڕابواردن . لەهەمووی ناخۆش تر لایان کارکردنە لەو شوێنە سوورانەدا کەوا ژیانیان تێدا سەختە .

« لەمەڕ ڕاست کردنەوەی بیرورا چەوتەکانی ناوپارتی » کانونی یەکەمی ١٩٢٩ ) ،
ن . هـ ، ب ١

پێویستە لەسەرمان دژی ئەو خوپەرستی یە بوەستین کە لەپێش خستنی دەس کەوتەکانی دایرەکەی خۆو گوێ نەدانە دەس کەوتی دایرەکانی تردا خۆی ئەنوێنێت . هەرکەسێک بێ باک بێت بەرامبەر دیژواری خەڵک وکادر نەگوێزێتەوە بۆ شوێنەکانی تر کە پێویست بوو، وەیا تەنیا خراپەکانیان بنێرێت واتە « زەوی دراوسێکەی بکات بە ئاوەڕۆی زیادە

ئاوی هێنەکەی خۆی » وە کەمترین بایەخ نەدات بە دایرەو فاوچەکانی تر یاخەڵکێ ـ ئەم چەشنە کەسە خۆپەرستە بیر تەسکێو ترو سکانە بە زەواوی گیانی کۆمۆنیزمیان بزر ـ کردوە . گوێ نەدانە هەموو ، وە کـەم تەرخەمی تەواو بەرامبەر بە دایرەو شوێنەکانی ترو خەڵکێ پێناسی خۆپەرستێکی دایرە ـ بازان . پێویستە تی کۆشانی خۆمان زۆر بەتین‌تر بکەین بۆ پەروەردە کـردنی ئەم چەشنە کەسانە وە بۆ ئەوەی تێیان بگەیەنین کەوا خۆپەرستی دایرە ـ بازی فەرێتێکی دەستەگەری‌یە ئەگەر ماوەی پەرەسەندنی بدرێت ئەبێت بە مایەی مەترسی‌یەکی زۆر .

« چاکردنی شێوەکانی پارتی » ( ای شوباتی ١٩٤٢ ) ، ن . هـ ، ب ٤

بەرەڵلایەتی لە گەلێکێ چەشنی جیاوازدا دەرئەکەێت : ئەوەی کـە مرۆڤ نەکەوێتە گفتوگۆیەکی پرانسیپی لەگەڵ یەکێکی هەڵەکەردا ، ئەگەرچی بە ئاشکرا بزانێت کە هەڵەی کردوە ، بـە هۆی ئـەوەوە کە گوایە ئەو کەسە ناسیاوێتی ،

یا خەڵکی شارەکەیەتی ، پێکەوە لە قوتابخانەیەک بوون ، یا لە دۆستو خۆشەویستانێتی ، یا لە هاوڕێو فەرمانبەرە کۆنەکانێتی ، بگرە لێی بگەڕێت چی ئەکات بیکات بۆ ئەوەی ئاشتیو دۆستایەتییان تێک نەدات . یان هەر بەسووکێکەوە دەس لە باسەکە بدات بەبێ ئەوەی تێ هەڵبچێت لە چارەکردنی بەجۆرێکی تەواو ، ئەمەیش بۆ ئەوەی کە ئاشتیو ڕێکی بپارێزێت لەگەڵی . کە ئەنجامی ئەمەیش زیان گەیاندن ئەبێت بە کۆمەڵیشو بەفەردیش . ئەمەیە چەشنی یەکەمی بەرەڵڵایەتی .

ڕەخنەگرتن لەپاش ملە بەچەشنێکی وا کە هیچ لێپرسینەوەیەکی تێدا نەبێت بەرامبەر بەڕەخنەکەی لەباتی پێشکەش کردنی پێشنیازەکانی خۆی بەرێکێ خراوەکە بە چەشنێکی ئیجابی ، هیچ نەووتن لەبەرەوڕوو بەخەڵک ولێ دوانیان لەپاش ملە . یا بێ دەنگ بوون لە کۆبونەوەدا وە دەس کردنە چەنەبازی لەپاشدا . خستنە پشت گوێی پرانسیپەکانی ژیانی کۆمەڵی . بەسووک تەماشەکردنی دیسپلنو شوێن کەوتنی حەزو ئارەزووی خۆی . ئەمەیە دووەم جۆری بەرەڵڵایەتی .

پیاو چاو بپوشێت لەهەموو ئەو شتانەی کە کار ناکەنە سەرخۆی، وە وریایی لە کەم وتندا لەبارەی ئەو شتانەوە کە زۆر بەباشی ی ئەزانێت هەڵەن وە لەوە زیاتر هیچی تری نەوێت کەلۆمە نەهێنێتە سەرخۆی دەردی کابرا وتەنی : ژێر ئــەو کەسەیە خــۆی بپارێزێت . ئەمەیش سێیەم چەشنی بەرەڵڵایەتی یە .

ل کەچ نەکات بۆ فەرمان و بیروڕای شەخسی خۆی بخاتە ژوور هەموو شتێکەوە ، وە داوا لــە ڕێکخراوەکەی بکات کە ئاگاداری دەس کــەوتە تایبەتی یە کانی بێت لــە کاتێکدا کە خۆشی هیچ گــوێ نەداتە دیسپلنی ئەو ڕێکخراوە . ئەمەیش چەشنی چوارەمی بەرڵڵایەتی یە .

پیاو خۆی خەریک بکات بەهێرش بردنە سەر ئەم و ئەو وە لەسەر شەڕو دوژمنایەتی بڕوات بەنیازی داخی خۆ لەدڵ دەرکردن وتۆڵە سەندن لەبریتی ئەوەی کە خەبات بکات و بکەوێتە گفتوگۆوە دژی بیروڕا چەوتەکان لەپێناوی یەکێتی و پێش کەوتندا وە بــۆ پێک هێنانی کاروبار بەجۆرێکی باش . ئەمەیە چەشنی پێنجەمی بەرەڵڵایەتی یە .

پیاو گوێ بگرێت لە بیروڕای چەوت بەبێ ئەوەی بەرپەرچیان بداتەوە ، یاتەنانەت گوێی لەقسەی دوژمنەکانی شۆڕش ببێت و نەیان گەیەنێت بە شوێنی خۆی لە بریتی ئەوە بێ دەنگ وسەنگ، وەریان بگرێت هەروەکوو هیچ نەقەومابێت . ئەمە چەشنی شەشەمی بەرەڵاّیەتی یە .

پیاو لەناو جەماوەردا بێت و پڕوپاگاندەیان لەناودا نەکات وهانیان نەدات ، وەیا قسە لەکۆبوونەوەکاندا نەکات ، یا هیچ لێکۆڵینەوەو لێ تۆژانەوەیەک نەکات لەناویانداو ، هیچ گوێ نەداتە دەسکەوتیان و بێباک بێت بەرامبەریان وە لەبیری بچێتەوە کە کۆمۆنیستەو ، وەکوو یەکێکی ناکۆمۆنیستی ئاسایی ڕەفتار بکات . ئەمە چەشنی حەوتەمی بەرەڵاّیەتی یە

پیاو ببینێت لەبەر چاوی کاری وا ئەکرێت کە زیانی هەیە بۆدەسکەوتی جەماوەر ، کەچی هیچ تووڕە نەبێت و هەوڵ نەدات کەلای بدات یا بیوەستێنێت و ، خراپەکانی نەخاتە ڕوو بگرە چاوی لێ بپۆشێت و بێدەنگ بێت . ئەمە چەشنی هەشتەمی بەرەڵاّیەتی .

پیاو بەنابەدڵی کاربکات بێ ئەوەی پلان یا ئاقارێکی دیاری کراوی هەبێت ، بەکەم تەرخەمانە وەکوو بێگار کاربکات و گوێ نەداتە وەک ئەوەی وتوویە : « پیاو تا قەشە بێت ئەبێت زەنگی خۆی لێبدات » . ئەمە چەشنی نۆیەمی بەرلاڵایەتییە .

ئەوەی کە پیاو خۆی وا پیشان بدات چاکەی زۆری بەسەر شۆڕشەوە هەبێت ، سنگ دەر بپەڕێنێت و خۆی وەکوو لێزان و شارەزا پیشان بدات ، وەبێزی بێتەوە لەفرمانی پچووک و کەچی فرمانی گەورەیشی لەدەس نەیەت و ، کارەکانی خۆی بەباشی نەکات و سست بێت لە خوێندنەکەیدا . ئەمە چەشنی دەیەمی بەرلاڵایەتییە .

ئەوەی پیاو هەست بە هەڵەکانی خۆی بکات بەلام هەوڵ نەدات بۆڕاست کردنەوەیان ، وەبەرامبەر بەخۆی هەڵوێستێکی بەرەلاڵیانە وەربگرێت . ئەمە چەشنی یانزەهەمی بەرەلاڵیەتییە .

« بەرەلاڵیەتی لە ناوبەرن » ( ٧ی ئەیلولی ١٩٣٧ ) ، ن . هـ ، ب ٢

بەرەڵڵایی لە ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانــدا هەتابڵێیت شتێکی زیاندارەو ، وەکوو خۆرە وەهایە بەرەبەرە یەکێتی دائەڕزێنێت و ، پەیوەندی یەکان نادهێڵێت و ، ئەبێت بەهۆی سستی و پەیدا کردنی ناکۆکی، دیسپلنی توندو تۆڵو ڕێکخستنی پتەو ناهێڵێت لەڕیزە شــۆڕشگێڕەکاندا ، وە پەکی بــەجێ گەیاندنی سیاسەتە دانراوەکان ئەخات بــەتەواوی . ڕێکخراوەکانی پارتی لەو جەماوەرە جیائەکاتەوە کەوا پارتی ڕابەری یان ئەکات بۆیە هەتا بڵێیت ئاقارێکی خراپە .

ه . س . پ .

ئەو کەسانەی بەرەڵڵان بەچاوی پرانسیپێکی دۆگمایەکی ڕەق و ڕووت ئەڕواننە پرانسیپەکانی مارکسیزم، ئەمانە مارکسیزم پەسند ئەکەن بەڵام ئامادە نین کاری پێ بکەن ، یان بەتەواوی کاری پێ بکەن. ئامادە نین بەرەڵڵایەتی یەکەی خۆیان بگۆڕنەوە بە مارکسیزم ، ئەم کەسانە مارکسیزمی خۆیان و بەرەڵڵایەتی خۆیشیان هەیە . قسە لە مارکسیزم ئەکەن کەچی ئــەوەی کاری پێ ئەکەن بەرەڵڵایەتی یە . بۆخەڵکی مارکسیزم بەکار ئەـ

-هێنن بەلاَم لەگەڵ خۆیان بەرەڵلاَیەتی ، واتە کۆڵەکەیشیان
-دوو جۆرە کوتاڵی تێدایە ، هەریەکەیشیان بەکەڵکی خۆی
-ئەهێنن . ئەمەیە چەشنی بیرکردنەوەی هەندێک کەس .

ه . س . پ .

دەوڵەتی گەل پارێزگاری گەل ئەکات . وەتەنیا کەگەل
-حکومەتێکی وەهای ئەبێت ، ئەتوانێت خۆی پەروەردە
-بکات وداببڕێژێتەوە لەرێیەکی دیمۆکراتییانەوەو بەجۆرێکی
-فراوانی ولاَت گرەوەو بە هاوکاری هەموویەکێک لەگەل
بۆئەوەی خۆی رزگار بکات لەنفوزی کۆنەپەرستانی ناوخۆ
-و بێگانە « کەوا هێشتا هەر بەهێزەو ئامادەیەکی دووری
تریش ئەمێنێتەوە وبەزوویی لەناو نابرێت » ، وەبۆ ئەوەی
-کەخۆی ئازاد بکات لەعادەت وبیرورای خراپ کە لەکۆ-
-مەڵی کۆنەوە فێری بووەو ، ماوە نەدەن کە کۆنەپەرستان
بتوانن بە هەڵەیان بەرن و ، بۆئەوەی لەسەر پێش کەوتنی
-خۆیان بڕۆن - پێش کەوتن بەرەو کۆمەڵێکی سۆشیالیستی و
-کۆمەڵێکی کۆمۆنیستی .

« لەمەڕ دیکتاتۆری دیمۆکراتییانەی گەل »
( ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٤٨ ، ن . هـ ، ب ٤

شتێکی گران نییە پیاو کەمێک چاکە بکات ، گران ئەوەیە کە بەدرێژایی ژیانی هەرچاکە بکات و بەڕای بەڕای هیچ خراپەیەک نەکات و ، بەبێ پسانەوە کار بکات لەپێناوی دس کەوتی جەماوەری فراوان و لاواز و شۆرشدا ، وەدەیان ساڵ لە سەر خەباتی سەختی خۆی بڕوات ، ئەمەیە شتی هەرە گران !

« لە سلاوێکدا بەبۆنەی بیرەوەری تێپەڕبوونی شەست ساڵ بەسەر لەدایک بوونی هەڤاڵ وو - یو چانگ » ( ٥ای کانوونی دووەمی ١٩٤٠ ) .

## ٢٥ ـ یەکێتی

یەك خستنی وڵاتەکەمان ، یەکێتی گەلەکەمان و هەمــوو نەتەوەکانی وڵاتەکەمان ـ ئەمانەن زامنی بنچینەیی سەر کەوتنی بێ گومانی مەسەلەکەمان .

« لەمەڕ ڕاست چارەسەرکردنی ناکۆکی یەکانی نێوان گەل » ( ٧ی شــوباتی ١٩٥٧ )

تەنیا لەڕێی یەکێتی پارتــی کۆمۆنیستەوە ئەتوانرێت یەکێتی هەموو چین ( طبقة ) و یەکێتی هەموو نەتەوە پێکەوە بهێزرێت و ، تەنیا لەڕێی چینەکە هەمووی و گشت نەتەوەوە ئەتوانرێت دوژمن بشکێنرێت و شۆڕشــی نەتەوایەتــی و دیمۆکراتی جێبەجێ بکرێت .

« باخەبات بکەین بۆ ڕاکێشانی میلیۆنان خەڵکی بەلای بەرەی یەکگرتووی نەتەوەییدا دژی ژاپۆن » (٧ی ئایاری ١٩٣٧)، ن. ھ، ب ١

پێویستە لەسەرمان بە چەشنێکی پتەو ھەموو ھێزەکانی پارتیمان یەک بخەین بەپێی پرانسیپەکانی ڕێک خستن و دیسپلنی ناوەندێتی دیموکراتییانە. ئێمە پێویستە لەگەڵ ھەموو ھەڤاڵێک یەک بکەوین کەبیەوێت پەیڕەوی پرۆگرام و پێڕەوو بڕیارەکانی پارتی بکات.

لەمەڕ حکومەتی یەک ـ کەوتوو » (٢٤ی نیسانی ١٩٤٥)، ن. ھ، ب ٣

لەساڵی ١٩٤٢دا ئێمە ڕێگەی دیموکراتییانەی چارە ـ کردنی ناکۆکییەکانی نێوان گەلمان کورت کردبووەوە بەم چەشنە « یەکێتی ، ڕەخنەگرتن ، یەکێتی » . بۆ ئەوەی باشتری ڕوون بکەینەوە ئەڵێین ، واتە دەس پێ کردن لەحەز بە یەکێتی کردنەوە ، چارەکردنی ناکۆکییەکان لەڕێی ڕەخنەگرتن یاخەباتەوەو گەیشتن بە یەکێتییەکی نوێ لەسەر

بنچینەیەکی نوێ . بەتاقی کردنەوەی ئێمە ئەمە ڕێی ڕاست و دروستی چارەکردنی ناکۆکی یەکانی نێوان گەلە .

« لەمەڕ ڕاست چارەسەر کردنی ناکۆکی یەکانی نێوان گەل » ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

ئەم لەشکرەی ئێمە یەکێتی یەکی سەیری پێکک هێناوە لەڕیزەکانی خۆیدا وە لەگەڵ ئەوانەیش کە لەدەری ڕیزەکانیان . لەناوەوە یەکێتی هەیە لەنێوان ئەفسەران و سەربازاندا ، لەنێوان ڕیزەکانی سەرەوەو ڕێزەکانی خوارەوەدا ، وە لەنێوان کاری سەربازی و کاری سیاسی و کاری پاشداریدا . لە دەرەوەی ڕیزەکانیشی یەکێتی هەیە لەنێوان لەشکرو گەل ، لەشکرو ڕێکک خراوەکانی حکومەت و ، لەنێوان لەشکرەکەمان و لەشکرە دۆستەکانماندا ، زۆر پێویست و گرنگە هەر شتێکک زیان بەم یەکێتی یە بگەیەنێت نەهێڵرێت .

« لەمەڕ حکومەتی یەکک - گرتوو » ( ٢٤ی نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . هـ ، ب ٣

# ٢٦ ـ دیسپلن

لەناو ڕیزەکانی گەلدا دیمۆکراسی بەستراوە بەناوەندێتی‌ـ
یەوەو سەربەستیش بەستراوە بە دیسپلنەوە . ئەمانە دوو
دژی‌تاقە یەکێتی‌یەکن ، چۆن ناکۆکن لەگەڵ یەک ئاوەها یەک
گرتوویشن ، لەبەر ئەوە نابێت ئێمە هەموو بایەخێک بدەین
بەلایەکیان‌و ئینکاری ئەوی کەیان بکەین . لەناو ڕیزەکانی
گەلدا نە سەربەستی لەوانەیە دەسی لێ هەڵبگیرێت وە نە
دیسپلنیش لەوانەیە وازی لێ‌بهێنرێت ، هەروەها نەدیمۆکراتی
ئەتوانرێت وازی لێ‌بهێنرێت‌و نە ناوەندێتیش ئەتوانرێت
دەسی لێ‌هەڵ بگیرێت . ئەم یەکێتی‌یەی دیمۆکراتی‌و ناوەندێتی ،
وەسەربەستی‌و دیسپلن ، ناوەندێتی دیمۆکراتی‌مانی لێ‌پێک
هاتووە . لە سیستەمێکی وادا گەل دیمۆکراتی‌و سەربەستی‌یەکی

فراوانی هەیە بەڵام لەهەمان کاتدا ئەبێت لەسنووری دیسپلی سۆشیالیستی دەرنەچن .

« لەمەڕ راست چارە سەرکردنی ناکۆکی‌یەکانی نێوان گەل » ( ٢٧ی شوباتی ١٩٥٧ )

پێویستە ئێمە سەرلەنوێ پێ دابگرین لەبارەی دیسپلی پارتی‌یەوە ، واتە :

١ ـ فەرد لە ژێردەس رێکخراودایە

٢ ـ کەمایەتی لەژێردەس زۆرایەتیدایە

٣ ـ ئاستەکانی خوارەوە لەژێر دەسی ئاستەکانی سەرەوەدان ، وە

٤ ـ هەموو ئەندامانی پارتی ژێردەسی کۆمیتەی ناوەندین . ئەوی یەکێک لەم بەندانەی دیسـپلن بشکێنێت ، یەکێتی پارتی تێک ئەدات .

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لـە جەنگی

ئەتەوەیی‌دا » (تشرینی یەکەمی ١٩٣٨) ،

ن . هـ ، ب ٢

یەکێکێ لەپێویستییەکانی دیسیپلینی پارتی ئەوەیە کە کەمایەتی مل کەچ بکات بۆ زۆرایەتی . ئەگەر ڕەئی کەمایەتی پەسەند نەکرا پێویستە لەسەری پشتیوانی ئەو بڕیارە بکات کەلەلایەن زۆرایەتی‌یەوە ئەدرێت . خۆ ئەگەر بە ناچاری زانی ئەتوانێت مەسەلەکە لە کۆبوونەوەیەکی کەدا بخاتەوە مەیدانی لێکدانەوە ، بەڵام جگە لەمە نابێت بەهیچ جۆرێک بەرهەڵستی بڕیارەکە بکات .

لەمەڕ ڕاست کردنەوەی بیروڕا چەوتەکانی ناوپارتی » کانونی یەکەمی ١٩٢٩ ،

ن . هـ ، ب ١

سێ پرانسیپە سەرەکی‌یەکەی دیسپلن ئەمانەن :

١ ـ بەپێی فەرمان بجووڵێنەوە لە هەموو کارێکدا .

٢ ـ دەرزی‌یەکێ یاداوە دەزوویەکێ لەجەماوەر وەرمەگرن .

٣ - هەرچی شتێکێ لەدوژمن دەس ئەکەوێت بیهێـرن
بۆ ڕێکێ خراوەکانی سەرووتر .

هەشت نوقتەکەی ئاگاداریش ئەمانەن :

١ - بەزمانی شیرین لەگەڵ خەڵکێ بدووێن .
٢ - چی ئەکڕن نرخی خۆی بدەن .
٣ - خواستەمەنی بدەنەوە بەخاوەنی .
٤ - هەرزیانێکێ ئەدەن بیبژێرن .
٥ - لەخەڵکێ مەدەنو جنێویان پێ مەدەن .
٦ - زیان بەدەغلودان مەگەیەنن .
٧ - لەگەڵ ئافرەتدا ئەوەندە مەکرێنەوە .
٨ - لەگەڵ دیل خراپ مەجوولێنەوە .

« فەرمانی ســەرکردایەتی گشتی لەشــکری
ڕزگاری گەلی چین لەمەڕ سێ پرانسیپە سەرەکی
یەکەی دیسپلنو هەشت نوقتەی ئاگاداری »
( ١٠ ای تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ )، ن.هـ، ب٤

پێویستە لەسەر (هەموو ئەفسەرانو سەربازانی لەشکرە-

کەمان) کەگیانی دیسپلن پتەوتر بکەن ، بەتوندی وتەواوی
نەرمانەکان بەئەنجام بگەیەنن وە سیاسەتو ، سێ پرانسیپە
سەرەکی یەکانی دیسپلن وهەشت نوقتەکەی ئاگاداری جێبەجێ
بکەن. یەکێتی لەشکرو گەلو ، یەکێتی لەشکرو حکومەت ،
یەکێتی ئەفسەرو سەرباز ، وە یەکێتی هەموو لەشکر پێک
بهێنن و ، ماوە نەدەن بە هیچ دیسپلن شکاندنێک .

« بەیاننامەی لەشکری ڕزگاری گەلی چین »
( تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ ) ، ن . ه ، ب ٤

# ٢٧ ـ ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن

پارتی کومۆنیست لە ڕەخنەگـرتن ناترسێت ، ئێمە مارکسین راستیی لـەگەڵ ئێمەیە ، هـەروەها جـەماوەری بنچینەیی . واتە کرێکاران وجوتیارانیش

« دووانێـك لـە کۆنفرەنسی نەتەوەیی پارتی کۆمۆنیستی چیندا لەمەڕ کاری پروپاگاندە »
( ١٢ی مارتی ١٩٥٧ )

ماتریالیستە کۆڵنەدەرەکان نەترسن ، هیوامان وایە کە هەموو هاو خەباتەکانمان ئازایانە شان بدەنە بەر لێپرسینەـ وەکانیان وبەسەر هەموو دیژواریەکدا زاڵ ببن ، لـە تووچ دانو توانجو گاڵتە پێ کردن نەترسن ونەیش سڵەمنەوە لەرەخنە لێ گرتنی ئێمە کـە کۆمۆنیستین ، پێشـــنیازەکانی

خۆیانمان بدەنێ «ئەوی نەترسێت لەوەی لەتوکوت بکرێت، ئەتوانێت ئیمپراتۆر لە ئەسپەکەی بهێنێتە خوارێ» ئەمەیە ئەوگیانە نەبەزەی کە ئێمە پێویستمان پێیەتی لە خەباتماندا بۆ دروست کردنی سۆشیالیزم .

ه . س . پ

ئێمەچەکی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتنی مارکسی لینینیمان هەیە . بۆیە ئەتوانین لە شێوەی خراپ خومان رزگار بکەینو هی چاکێ بهێڵینەوە .

« راپۆرتێک بۆ دووەمین پلینۆمی حەوتەم
کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین »
(٥ی مارتی ١٩٤٩)، ن. ه، ب٤

پراتیکی هۆشیارانەی رەخنە لەخوگرتن هیشتاهەر مۆرێکی دیاری کەیە بۆ جیا کردنەوەی پارتیمان لەهەموو پارتیە سیاسیەکانی تر. چۆن ئەڵێین خۆڵوتۆز لە ژوورێکدا کەڵەکە ئەبێت ئەگەر بەرێکو پێکی پاک نەکرێتەوە ، وە

سەر و چاومان پیس ئەبێت ئەگەر هەمیشە نەیشۆین ، هەروەها مێشکی هەڤاڵەکانمان و کاری پارتیشمان لەوانەیە تۆزوخۆڵی لێ بنیشێت وپێویستی بەگسکدانو شتن ببێت ، پێشینان وتویانە : «ئاوێک لەبەری بڕوات هەرگیز بۆگەن ناکات ، گرێژەنەی دەرگایەکیش هەرگیز کرم نایخوات » واتـە جوڵانەوەی بەردەوام یەکێکە لە ڕێگاکانی بەرگری کرمو میکرۆب ئەخات . ئێمەیش ئەگەر بە ڕێکوپێکی لەکارمان بتۆژینەوە ، وە لـەم کردەوەیەدا گەشە بکەین بەشێوەی کارکردنی دیمۆکراتییانە ، نە لەڕەخنە گرتنو نە لەڕەخنە لەخۆگرتن نەترسینو ، پەندە باشەکانی پێشینانی چین بەکار بهێنین وەکوو ئەوەی ئەڵێت : « هەرچی ئەزانیت بیڵێو بیڵێ بە بێ تێـدا هێشتنەوە » وە « قسەکەر لۆمە مەکە ، قسەکانی بە وریاکەرەوە وەربگرە » وە « هەڵەکانت ڕاست بکەرەوە ئەگەر کردووتن ، ئەگەر نەیشتکردوون وریایان بە » ـ ئەمـە تاکە ڕێگەی کاریگەرە بۆ ئەوەی نەهێڵین هیچ چەشنە تـۆزو خۆڵو کرمێکی سیاسی مێشکی هەڤاڵەکانمان ولەشی پارتیمان پیس بکەن .

لەمەڕ حکومەتی یەکێـ کەوتوو » ( ٢٤ی

نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ھ ، ب ٣

بەربەرەکانی و خەبات لەنێوان بیروڕای جۆرجۆردا هەمیشە لەپارتیدا ڕوو ئەدات ، ئەمە لە ناو پارتیدا بریتییە لە نواندنەوەیەکی ناکۆکییەکانی نێوان چینەکان و هی نێوان تازەو کۆن لە کۆمەڵدا ئەگەر هیچ ناکۆکییەک نەما لەناو پارتیداو هیچ خەباتێکی ئایدیۆلۆجی نەما بۆ چارەکردنیان ، ژیانی پارتیش دوایی دێت .

« لەمەڕ ناکۆکی » ( ئابی ١٩٣٧ ) ،
ن . ھ ، ب ١

ئێمە لایەنگری خەباتی چالاکانەی ئایدیۆلۆجین چونکە ئەو چەکەیە کە یەکێتی لەناو پارتی و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە-کاندا ئەچەسپێنێت بۆ بەهێزتر بوون لەشەڕەکەماندا ، پێویستە لەسەر هەموو کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕێک کە ئەم چەکە هەڵ بگرێت ، بەڵام بەرەڵڵایەتی دژی خەباتی ئایدیۆ-لۆجییە و لایەنگری ئاشتییەکی نا - پرانسیپییە بەم چەشنە ئەبێت بەهۆی پەیدا بوونی هەڵوێستی نزم و هیچ و پووچ و

حارزانی سیاسی بلاو ئــەکاتەوە لەناو هەندێکێ کەرتەو هەندیلێ کەسدا لەپارتیو ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانیشدا ·

« بەرەڵلایەتی لە ناوبــەرن » ( ٧ی ئەیلولی ١٩٣٧ ) ، ن . ه ، ب ٢

پێویستە ئێمە لەبەر هەڵسی کردنی خۆیایەتیو دەستەگەریو کلیشە بەکار هێنانذا لە نووسبـەکانی پارتیدا دوو نیازمان لە مێشکدا بێت : یەکەم « پەند وەرگرتن لــە هەڵەکانی ڕابوردو ، بۆ لادان لە هینەکانی دوارۆژ » ، دووەمیش « چارەکردنی دەرد بۆ ڕزگار کردنی نەخۆش » . هەڵەکانی راوردو پێویستە بخرێنە ڕوو بــەبێ گــوێدانە دڵی هیچ کەسێکێو ، پێویستە ئەو خراپەیەی لە پابوردودا بوە شی بکرێتەوەو ڕەخنەی لێ بگیرێت لە هەڵوێستێکی زانستی یەوە بۆ ئەوەی کە فرمانی دوارۆژ چاکێترو وریایانەتر بــەجێ بگەیەنرێن . ئەمەیە مەعنای «فێر بوون لە هەڵەکانی ڕابوردو ، وە خۆ لادان لە هینەکانی دوارۆژ » بەلام نیازی ئێمەیش لەخستنە ڕووی هەڵەکانو ڕەخنە لێ گرتنی کەموکوڕی یەکان

وەکوو هی ئەو دوکتۆرەی دەردێکێ چارە ئەکات، تـەنیا ئەوەیە کە نەخۆشەکە بپارێزێت نەک نەخۆشەکە بکوژێت. یەکێکێ کـە ریخۆڵە کوێرەی هاتبێتە ژان بـەوە ڕزگار ئەکرێت کەدوکتۆر ریخۆڵە کوێرەکەی ببڕێت، وە تـا هەڵەکەر سوور نەبێت لەسەر هەڵەکەی وەکوو ئەو کەسەی دەردەکەی خۆی ئەشارێتەوە تا لێی پیس ئەکاتو چارە- کردنی لەوزەدا نامێنێت، تا بەڕاستیو دڵسۆزی حەز بکات چارە بکرێتو هەڵەکانی ڕاست بکرێنەوە، ئێمەیش بەخۆ- شیەوە وەری ئەگرینو دەردەکەی چارە ئەکەین تاوەکوو بتوانێت ببێت بەهەڤاڵێکی چاکێ وهەرگیز ناتوانین لەچارە کردنیدا سەرنەکەوین ئەگەر بەرنبینە گیانی بێبەزەییانە دای بگرین.

لەچارەکردنی نەخۆشی‌یەکی سیاسیو ئایدیۆلۆجیدا نابێت هەرگیز پیاو توندو تیژو هەڵەشە بێت، بگرە پێویستـە بەچەشنێکێ بۆی بچێت کە «دەردەکە چارە بکاتو نەخۆ- شەکە ڕزگار بکات» کە ئەمە تاقە ڕێی ڕاستو دروستو بەکارە

«کاچ ردنی شـێوەی پارتی» (١ی شوباتی ١٩٤٢)، ن. ه، ب ٣

نوقتەیەکی تر هەیە لەمەڕ ڕەخنە گرتن لەناو پارتیدا کـە پێویستە ناوی ببرێت، ئەویش ئەوەیە کە هەندێک هەڤاڵ لەکاتی ڕەخنە گـرتندا چاو لەشتی گەورە ئەپۆشن و خۆیان خەریک ئەکەن بەشتی پچووکـەوە، لـەوە ناگەن کەوا مەبەستی سەرەکی لە ڕەخنە گرتن دۆزینەوەی ئـەو هەڵانەیە کە لەسیاسەت و ڕێکخستندا ڕوو ئەدەن، بـەڵام بۆ کەموکوڕی شـەخسی بۆ ئەوەی هەڵەڤاکان سـەریان لێ نەشێوێت پێویست بەوە ناکات لـەم ڕووەوە زۆر سـەریان بکرێتەسەر، مەگەر کـەموکـوڕییەکانیـان پـەیوەندی بەسیاسـەت و ڕێکخستنەوە هەبێت، جگە لەوەی کە ئەگەر ئەم چەشنە ڕەخنە گرتنە تەشەنەی کرد مەترسییەکی گەورەی لێ ئەکەوێتەوە کە ئەویش ئـەوەیە لەناو پارتیدا بـە تەنیا چاو ئەبڕدرێتە هەڵەی پچووک وهەمووکەس تـرسی لێ ئەنیشێت و لەهەموو کارێکی پچووکیش ئەسڵەمێتەوەو فرمانە سیاسییەکانی پارتی ئەخاتە پشت گوێ.

« لەمەڕ راست کردنەوەی بیروڕا چەوتەکانی ناو پارتی » ( کانونی یەکەمی ١٩٢٩ ) ،
ن . ھ ، ب ١

لەڕەخنەگرتنی ناو پارتیدا پیاو ئەبێت خۆی بپارێزێت لەباری سەرنجی خۆیایەتی و زۆردارانە و ڕەخنەگرتنی هیچ و پووچ ، ڕەخنەگر ئەبێت قسەکانی بەبەڵگەو ئیسپات بێت و ئەبێت پێدا بگەڕێت لەسەر لای سیاسی .

**ھ . س . پ .**

ڕەخنەگرتنی ناو پارتی چەکێکە بـۆ بەهێزکردنی ڕێکخستنی پارتی و زیاد کردنی توانای شەڕکردنی ، بەڵام لەڕێکخراوەکانی پارتی ناو لەشکری سووردا ڕەخنەگرتن هەمیشە ئەم پێناسەی نی یە ، وە هەندێک جار ئەبێت بە پەلاماردانی شەخسی کە لەئەنجامدا زیان ئەگەیەنێت بەڕێکخراوەکەی پارتی و بەخەڵکەکەیش . ئەمە خۆپیشان دانێکی گیانی سەڵت پەرستی وردە بۆرژوازییانەیە . ڕێگەی ڕاست کردنەوەی ئەمە ئەوەیە یارمەتی ئەندامانی پارتی بدرێت بـۆ

گەیشتن لەوەی کەنیاز لە ڕەخنەگرتن زیان کردنی تواندای شەڕکردنی پارتی‌یە تـــا وەکوو سەرکەوتن بەدەس بهێنێت لەخەباتی چینایەتیدا، بۆیەنابێت ڕەخنەگرتن بۆ پەلاماردانی شەخسی بەکار بهێنرێت .

هـ . س . پ

ئەگەر ئێمە کەموکوڕیمان هەبێت ناترسین لەوەی بۆمان دەس نیشان بکرێت وەیا ڕەخنەیان لێ بگیرێت ، چونکـە ئێمە خزمەتی گەل ئەکەین ، هەچ کەسێک کێ ئەبێـت ببێت ، بۆی هەیە پەنجە ڕابکێشێت بۆ کەموکوڕی‌یەکا-نمان ، ئەگەر ڕاســـت بکات کەموکوڕی‌یەکانمان چاک ئەکەین ، ئەگەر پێشنیازەکانی کەڵکی گەلـــی تێـدا بێـــت ئێمەیش پەیڕەوی ئەکەین .

« خزمەتی گەل بکەن » (٨ی ئەیلولی ١٩٤٤)
، ن . هـ ، ب٣

ئێمە کۆمۆنیستانی چین کەبنچینەی هەموو کارمان دەس-

کەوتی هەرەبەرزی فراوانترین جەماوەری گـەلی چینەو باوەڕێکی تەواومان بەعەدالەتی مەسەلەکەمان هەیە ، هەرگیز لەهیچ خۆبەخت کردنێکدا دریغی ناکەین ، بگرە هەمیشە ئامادەین بۆ بەخت کردنی ژیانمان لەپێناوی مەسەلەکەمانا ا کەواتە هیچ بیرێک ، ڕەئیەک ، سەرنجێک ، یا ڕێگـ-یەک هەیە کە لەگەڵ پێویستیەکانی گەل نەگونجێت و ئەوەندە لای ئێمە خۆشەویست بێت توڕی نەدەین ، وە نایا لەخۆمانی ڕەوا نەبینین کە بهێڵین هیچ تەپو تۆزێکی سیاسی دەموچاوی پاکمان پیس بکات ، یا هیچ میکرۆبێکی سیاسی لە لەشـی ساغماندا کنە بکات . بێ ژمارە شەهیدی شۆڕشگێڕ لەپێناوی دەسکەوتی گەلدا ژیانیان پێشکەش کـردوە ، ئێمە کە زیندووین هەرچەن بیرمان ئەکەونەوە دڵمان خـوێنی لـێ ئەتکێت ، ئایا پاش ئەمە هیچ دەسکەوتێکی شەخسی هەیە ئەوەندە لامان نازدار بێت کەوازی لێ نەهێنین ، ئاخۆ هیچ هەڵەیەک هەیە کە نەتوانین لەخۆمانی دوور بخەینەوە .

« لەمەڕ حکومەتی یەکێ ـ کەوتوو » ( ٢٤ی

نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . ھ ، ب ٣

پێویستە دڵخۆش وخەرۆ نەبین بە هیچ سەرکەوتنێکمان
پێویستە دڵخۆشی یەکەمان بەربەست بکەین و هەمیشە رەخنە
لە کەموکوری یەکانمان بگرین ، هەروەکوو چۆن پێویستە
هەموو رۆژێک دەموچاومان بشۆین ، زوور گسک بدەین
بۆ ئەوەی تۆزوخۆڵی لەسەر لابەرین وبەپاکی رای بگرین .

« خۆتان رێک بخەن ! » ( ٢٩ی تشرینی
دوەمی ١٩٤٣ ) ، ن . ھ ، ب ٣

پێویستە رەخنە لەکاتی خویدا بگیرێت ، خوو بەوەوە
مەگرن دوای بەسەر چوونی رووداوەکە رەخنە بگرن .

«لەمەر مەسەلەی هاوکاری کشتوکاڵی» ( ٣١ی
تەموزی ١٩٥٧ )

هەڵەو نووچدان فێریان کردوین کەزیرەک تربین
باشتر کاروبارمان بەجێ بهێنین ، شتێکی زۆر گرانە
پارتی یەکی سیاسی یایەکێک خۆی لە هەڵە دوور بخاتەوە

بەڵام ئەبێت تا لە وزەدا بێت هەڵەی کەمتر بکەین ، هەرکە هەڵەیەکمان کرد پێویستە ڕاستی بکەینەوە، تازووترو تەواوتر ئەمە بکەین چاکترە .

« لەمەڕ دیکتاتۆری دیمۆکراتی یانەی گەلەوە » (٣٠ی حوزەیرانی ١٩٤٩) ، ن . هـ ، ب ٤

## ٢٨ ـ کۆمۆنیستەکان

پێویستە کۆمۆنیست دڵ فراوان وپاکک بێت ، ئەبێت دڵسۆزو چالاکک بێت ، دەس کەوتەکانی شۆڕشی لا لەژیانی خۆی لەپێش تر بێت ، دەس کەوتەکانی خۆی بخاتە دوای هێنەکانی شۆڕشەوە ، هەمیشەو لەهەموو شوێنێکک پەیڕەوی پرانسیپە ڕاستەکان بکاتو ، خەباتێکی بێ ماندووبوون بکات دژی بیروڕاو کردەوەی ناڕاست بۆ ئەوەی ژیانی ـ گشتی پارتی پتەو بکاتو ، پەیوەندیەکانی نێوان پارتیو جەماوەر بەهێز بکات. پێویستە لە خۆی زیاتر بایەخ بدات بەپارتیو بەجەماوەر ولەخۆی زیاتر بایەخ بدات بەخەڵکک .
تەنیا بەم چەشنە ئەتوانرێت بەکۆمۆنیست دابنرێت .

« بەرەڵڵایەتی لەناوبەرن » ( ٧ی ئەیلولی ١٩٣٧ ) ، ن . هـ ، ب ٢

پێویستە هەموو هەڤاڵێک تێبگەیەنرێت لەوەی کەوا ڕاست ترین مەحەکێک بۆ تاقی کردنەوەی قسەو کردەوەی کۆمۆنیستێک ئەوەیە کەوا ئایەلەگەڵ بەرزترین دەس کەوتی زوربەی هەرەزۆری گەل ڕێک ئەکەوێتو پشتیوانی ئەکەن یانە .

« لەمەڕ حکومەتی یەکێ ـ کەرتوو »
( ٢٤ی نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . هـ ، ب ٣

لە هیچ کاتێکێو هیچ دۆخێکدا نابێت کۆمۆنیستێک دەس کەوتەکانی خوی بخاتە ڕیزی یەکەم ، پێویستە لەسەری کەبیانخاتە دوای دەس کەوتەکانی نەتەوەو هێنەکانی جەماوەرەوە . لەبەر ئەمە خۆپەرستی ، خاوی ، دەس پیسی ، ئارەزوو کردنی سنگ دەرپەڕاندن ئەم چەشنە شتانە ڕەوشتی زۆر ڕێیسو خراپن . لەکاتێکدا لە خۆبوردن ، تێکۆشان

به هەموو گوڕو توانای خۆوە ، ڕاستیو دلسۆزی لەخزمەت کردندا ، کاکردنی سەخت بەبێ دەنگی ئەو ڕەوشتانەن کە شایانی ڕێز گرتنو هەڵسەنگاندنن .

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لە جەنگی نەتەوەییدا » تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ ،
ن . هـ ، ب ٢

پێویستە کۆمۆنیستان لەهەموو کاتێکدا ئامادەبن کەڕاستی بەتوندی بگرنو بیپارێزن چونکە ڕاستی ، هەرچی چۆنێک بێت ، لەگەڵ دەسکەوتی گەل ڕێک ئەکەوێت . کۆمۆنیستان پێویستە هەمیشە ئامادەبن بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکانی خۆیان چونکە هەڵە ، هەرچی چۆنێک بێت ، لەگەڵ دەسکەوتی گەل ڕێک ناکەوێت .

« لەمەڕ حکومەتی یەک ـ گرتوو » ( ٢٤ ی نیسانی ١٩٤٥ ) ، ن . هـ ، ب ٣

کۆمۆنیستان هەمیشە ئەبێت بچنە ناو « بۆچی » و « چۆن »ە

کانی هەموو شتێکەوەو ، مێشکی خـۆیان بەکار بهێنن و بـە
وریایی لێکی بدەنەوە کە ئایا ئەمانە وەکوو واقیـع وان ،
وە ئایا لەواقیعدا بناغەیەکی ڕاستو دروستیان هەیە یا نە ؟
ود نابێت بە هیچ جۆرێکک کوێرانە دووی خەڵکک بکەونو
لایەنگری بەندایەتی بن .

« چاکردنی شێوەکانی پارتی » ( ی شوباتی
١٩٤٢ ) ، ن . ھ ، ب ٣

پێویستە لەسەرمان هەڤـالان هان بدەیـن کەدەس کەوتی
هەموو بخەنە پێش چاو ، هەموو ئەندامێکی پارتی ، هەمـوو
اقێکی کار ، قسەو هەموو کردەوەیەکک پێویستە لەدەس
کەوتەکانی گشت پارتییەوە هەڵ بقوڵێت ، بەهیچ چەشێکک
ڕەوا نییە کە ئەم پرانسیپە بشکێنرێت .

ھ . س . پ .

پێویستە کۆمۆنیستان ببنە نموونە ، لەجێ بـەجێ کردنی
کاردا بە شێوەیەکی واقعی ، ودلە دووربینیدا چونکە بـە

پەیڕەوی کردنی شێوەی واقعی نەبێت ناتوانن ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەن ، وە هەروەها لە ڕۆیشتنە پێشەوەیاندا ڕێگە بزر ئەکەن و لائەدەن ئەگەر دووربین نەبن .

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لە جەنگی نەتەوەییدا » ( تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ ) ،

پێویستە کۆمۆنیستان لە هەموو کەس دووربین تر بن ، لە هەموان خوبەخت کەرتر بن ، لەهەموان بەجەرگ ترو دڵسۆزتر بن ، لە هەموان باشتر بتوانن خویان بپارێزن لەلایەن گری لەکاتی هەڵ سەنگاندنی دۆخەکاندا ، وە پێویستە پشت ـ بەستن بە زۆرایەتی جاماوەرو پشتیوانی یان دەس خۆیان بخەن .

« فرمانەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین لەسەردەمی جەنگی بەرگری ژاپۆندا » ( ٣ی ئایاری ١٩٣٧ ) ، ن . هـ . ب ١

کۆمۆنیستان پێویستە لە خوێندنیشدا نموونەبن ، لەهەمو

کاێکدا هەروەکوو چۆن مامۆستای جەماوەرن ، هەروەها قوتابیشان بن .

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لە جەنگی نەتەوەییدا » ( تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ ) ، ن . ه ، ب٣

هەر کۆمۆنیستێک لەناو بزوتنەوەکانی جەماوەردا کارئەکات پێویستە دۆستی جەماوەر بێت نەک ئاغایان ، مامۆستایەک بێت نەزانێت ماندوو بوون چییە ، نەک سیاسی‌یەکی بیرۆکراتی .

ه . س . پ

پێویستە لەسەر کۆمۆنیستان هەرگیز خۆیان جیانەکەنەوە لەزوربەی گەل ، یابیان خەنە پشت گوێو خۆیان خەریک بکەن بەڕابەری کردنی تەنیا چەن پەلێکی پێش کەوتن خوازەوەو ملی لێنێن بۆپێشەوە بەچەشنێکی دا ڕاولەخەڵک . بەڵام پێویستە کە ئاگاداری ئەوەبن نزیکترین پەیوەندی جۆش بدەن لە نێوان دەستە پێش کەوتن خوازەکانو

جەماوەری بەریندا . ئەمەیە مەعنای بایەخ دان بەزۆرایەتی .

ﻫ . س . پ

ئێمە کۆمۆنیستەکان وەکوو تۆو واینە و گەلیش وەکوو زەوی بۆ هەر کوێیەک بچین پێویستە لەگەڵ خەڵکی یەکی بگرین ڕەگ داکوتین و گوڵ بکەین لەناویاندا .

« لەمەڕ وتوویژی چوونگ کینگ » ( ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ ) ، ن . ﻫ ، ب ٤

ئێمە کۆمۆنیستەکان پێویستە بتوانین لەهەموو شتێکدا لەگەڵ جەماوەر خۆمان بکەین بەیەک ، ئەگەر ئەندامەکانی پارتیمان هەموو ژیانی خۆیان بەدانیشتن بەسەر بەرن لەکونی ژوورەوەدا ، وە هیچ نەیەنە دەرێ بۆ بینینی دنیاو بەرەنگار بوونی گێژەڵووکە چ کەڵکێکیان لێ ئەوەشێتەوە بۆ گەلی چین؟ هەر هیچ . وەئێمەیش هیچ پێویستمان بەخەڵکی وانییە کە ئەندامی پارتی بن . ئێمە کۆمۆنیستەکان ئەبێت بەرامبەر بەدنیا بوەستین و بەرەنگاری گێژەڵووکەیش ببین ، دنیای

مەزنی خەباتی جەماوەرو گێژەڵووکەی بەتەوژمی خەباتی جەماوەر .

« خۆتان ڕێکخ بخەن ! » ( ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ ) ، ن . هـ ، ب ٣

دەوری پێشرەوی نموونەیی کۆمۆنیستەکان گرنگییەکی ژیانی هەیە . کۆمۆنیستەکان لە لەشکری هەشتەمو لەشکری چوارەمی تازەدا ئەبێت ببن بە نموونە لەشەڕکردنی ئازایانەو بەجێ گەیاندنی فەرمانو چاودێری کردنی دیسپلنو کارکردنی سیاسیو پاراستنی یەکێتیو تەبایی .

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لە جەنگی نەتەوەییدا » تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ ، ن . هـ ، ب ٢

پێویستە کۆمۆنیست فیرسیچمە یالووت بەرز نەبێت وابزانێت خۆی بۆ هەموو شتێک باشەو خەڵکیش بەکەڵکی هیچ نایەن ، نابێت هەرگیز دەرگای ژوورە پچکۆلەکەی

لەسەر خۆی خڕ دابخات ، یـا بکەوێتە فیشـاڵو خـۆهەڵ کێشانو ئاغایەتی بەسەر خەڵکەوە بکات .

« دووان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی هەرێمی سنووری شانسی ـ کانسو ـ نین سیا» تشرینی دووەمی ١٩٤١ ) ، ن . ه ، ب ٣

کۆمۆنیستان پێـویسـتە باش گوێ لـەڕەئی ئەو کەسانە بگرن کە لەدەری پارتینو ماوەیان بدەن کە ڕەئی خۆیان دەربڕن . ئەگەر قسەکانیان ڕاسـت بـوو پێویستە پێی دڵشـادبینو لە نوختە باشـەکانیانەوە فێربین ، وە ئەگەر چەووت بوو پێویستە لێیان بگەڕێین چییان هەیە بیڵێن ئەوسا بەشێنەییو بەدڵێکی فراوانەوە شتەکانیان بۆڕوون بکەینەوە .

ه . س . پ

هەڵوێستی کۆمۆنیستان بەرامبەر بەهەچ کەسێک کـە کە هەڵەیەکی کردبێت لەفرمانیدا ، ئەبێت هـەڵوێستی پێ ـسەلماندن بێت بۆ ئەوەی تێی بگەیەنێت کە پێویستە خۆی

بگۆڕێتو هەڵەکەی چاک بکاتو سەرلەنوێ دەس پێ بکاتەوە، نەک هەڵوێستی دوورخستنەوەو دەرکردن ، مەگەر لەوانە بێت کە هیوای چاک بوونیان لێ ناکرێت .

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لە جەنگی نەتەوەییدا » ( تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ ) ،

ن . هـ ، ب ٢

کۆمۆنیستان نابێت بە سووک بڕواننە ئەوکەسانەی کە لەڕووی سیاسیەوە دواکەوتوون و گاڵتەیان پێ بکەن ، بگرە پێویستە لەسەریان کەبن بەدۆستیان و لەگەڵیان یەک بگرن وقایلیان بکەن و هانیان بدەن بۆئەوەی پێش بکەون .

هـ . س . پ

# ٢٩ ـ کادره‌کان

بۆ ئه‌وه‌ی دڵنیا بین که‌وا ڕه‌نگی پارتی‌و وڵاته‌که‌مان ناگۆڕێت هه‌ر ئه‌وه به‌س نی‌یه که هێڵێکی ڕاستمان گرتبێت‌و سیاسه‌تی ڕاستمان هه‌بێت ، بگره پێویسته به‌میلیۆن جێ‌نشین فێربکه‌ین‌و پێ‌بگه‌یه‌نین بۆئه‌وه‌ی له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی شۆڕشـی پڕۆلیتاریا بڕۆن .

کێشه‌ی فێرکردنی جێ‌نشین بۆمه‌سه‌له‌ی شۆڕشگێڕانه‌ی پڕۆلیتاریا ، له‌دوا شی کردنه‌وه‌یدا ، کێشه‌ی ئه‌وه‌یه که‌ئایا خه‌ڵکێ ئه‌بێ بتوانن له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی شۆڕشگێڕانه‌ی مارکسی ـ لینینی بڕۆن که‌وا له‌لایه‌ن پشتی پێشووی شۆڕشگێره‌کانی پڕۆلیتاریاوه ده‌ستی پێ‌کراوه یان نا ، ئایه ڕابه‌ری پارتی‌و ده‌وڵه‌ته‌که‌مان له‌ژێر ده‌ســـی شۆڕشگێڕه‌کانی پڕۆلیتاریـادا

ئەمێنێتەوە یانە ، ئایە ئەوانەی دوای ئێمە هەر لەسەر ئەو ڕاستە شەقامە ئەڕۆن کەلەلایەن مارکسیزم ـ لینینیزمەوە کێشراوە یانە ، وەیاخود بەواتەیەکی تر بیلێین ئێمە ئەتوانین سەرکەوتوانە بەربەستی پەیدا بوونی ڕیڤیژنیزمی خرۆشۆف بکەین لە ( وڵاتی ) چیندا یانە ؟ بەکورتی ئەم کێشەیە ئەوپەڕی گرنگی هەیە ، ژیانو مردنی پارتیمانو وڵاتەکەمانی لەسەر بەندە . کێشەیەکە گرنگی یەکی بنچینەیی هەیە بۆ مەسەلەی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا بوسەد ، هەزار ، تادەهەزار ساڵ .

کاهینە ئیمپریالیستەکان پشت بەو گۆڕینانەی لەیەکێتی سۆڤیتدا قەومان خوشی خۆشی یانەو نوقلانەی ئەوە لێ ئەدەن کەلە ( وڵاتی ) چینیشدا لە سێیەم یاچوارەم بشتی پارتی کۆمۆنیستی چیندا « گواستنەوەی ئاشتی خوازانە » دەس پێ ئەکات . پێویستە لەسەرمان ئەم نوقلانانە بەتەواوی پووچ و ئەم ئاواتانە بە هیچ دەربکەین . لەبەرزترین ڕێکخراومانەوە تا دێتە سەر هەرە خوارووویان پێویستە هەمیشە ولەهەموو شوێنێک گرنگی یەکی زۆر بدەین بەفێرکردنو پێ گەیاندنی

جێ‌نشین بۆمەسەلەی شۆڕشگێڕانە .

جائەو شتانە چین کە پێویستن بۆ جێ نشـینێکی شایانی مەسەلەی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا ؟

ئەبێت ئەوانە ماوکسی - لینینی ڕاستەقینە بن ، نەک ڕیڤیژنیستی وەکوو خرۆشۆف کـە بەرگی مارکسیزم - لینینیزمی لەبەرکردوە .

پێویستە ئەوانە شۆڕشگێڕی وابن کە لەکانگای دڵەوە خزمەتی زوربەی هەرەزۆری گەلی‌چین‌و هەموو دنیابکەن ، وەنابێت وەکوو خرۆشوف بن کەوا هەم خزمەتی دەس - کەوتی مشتێکک ئەندامی دەستەی بۆرجوازی خاوەن ئیمتیاز ئەکات لـەوڵاتەکەی خۆیدا وهەم خـزمەتی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی بێگانە ئەکات .

ئەوانە ئەبێت سیاسیی پرۆلیتاریایی وابن کە بتوانن لەگەڵ زوربەی هـەرە زۆردا یـەک بگرن‌و کاربکەن ، نەک ئەبێت هەریەک‌بن لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیان تەبان پێویستە هەروەها بشتوانن یەک بگرن لەتەک ئەوانەدا کە لەگەڵیان

تەبانین ، وەتەنانەت لەگەڵ ئەوانەیشدا کەجاران بەربەرە-
کانێیان کردون و پراتیکێک ئیسپاتی کردوە کە بەهەڵە چوون ،
بەڵام ئەبێت بەتایبەتی وریای کەسانی پیلان گێرو پایە پەرستی
وەکوو خـرۆشۆف بن و نەهێڵن ئەوجۆرە پیاو خـراپانە
ڕابەری پارتی و دەوڵەت داگیربکەن لە هیچ پلەیەکیدا .

ئەوانە ئەبێت نموونەبن لەبەکار هێنانی ناوەندێتی دێمۆکر-
تیانـەی پارتیدا ، پێویستە وەستابن لـەشێوەی ڕابەرایەتی
دامەزراودا لەسەر پرانسیپی «لەجەماوەردوە بۆ جەماوەر» ،
وە ئەبێت شێوەیەکی دیمۆکراتیانە پێ بگەیەنن بەجۆرێک
کەبەباشی گوێ بگرن لەجەماوەر ونابێت وەکوو خرۆشۆف
زۆرداربن و ناوەندێتی دێمۆکراتی پارتی بخـەنە ژێرپێ و
هێرشی کتوپڕی ناڕەوا بەرنەسەر هەڤاڵان یا دیکتاتۆرانە بە
ئارەزووی خۆیان بجووڵێنەوە .

ئەوانە پێویستە بێ فیزو لەسەر خـۆو دووربین بن ، وە
ئاگاداری خۆیان بکەن لە لووت بەرزی وهەڵەشەیی . ئەوانە
پێویستە پاراو بن بەگیانی ڕەخنەلەخۆگرتن وزاتی ئەوەیان
هـەبێت کەهەڵە وکەموکوڕی وکارەکانی خـۆیان ڕاست

بکەنەوە ، نابێت هەرگیز وەکوو خـــرۆشوف هەڵەکانی خۆیان دابپۆشن و هەرچی چاکەیە بیکەن بەهی خـــۆیان و هەرچی خراپەیە بیدەنە پاڵ خەڵک .

لەخەباتی جەماوەریدا ، جێنشینانی مەسەلەی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا دێنە پێشێ ، لەناو گێژەڵووکە مەزنی شۆڕشدا قاڵ ئەبن ، شتێکی جەوهەرییە کە کادران تاقی بکرێنەوەو هەڵبسەنگێنرێن و ، جێنشینان هەڵ ببژێردرێن و پێ بگەیەنرێن لەڕێگای دوورودرێژی خەباتی جەماوەریدا .

« لەمەڕ کۆمۆنیزمی درۆزنەی خـــرۆشۆف و ئەوپەندە مێژوویيانەی داوێی بە جیهان » ، ڕۆژنامەی « جێنمنجیباو » ١٤ ی تەمووزی ٦٤

پێویستە لەسەر پارتێمان کە ڕێکخراوەکانی خــۆی لەسەرانسەری وڵاتدا پەرە پێبدات ، پێویستە ئێمەیش بە بڕیار دەیان هەزار کادرو سەدان ڕابەری جەماوەری زۆر- باش پێ بگەیەنین ، پێویستە ئەمانە کادران و ڕابەرانێک بن شارەزا لە مارکسیزم- لینینزمدا ، لەڕووی سیاسەتەوە

دووربین ، لێوەشاوە لەفرماندا ، پڕ لە گیانی خۆبەخت کردن توانای ئەوەیان هەبێت کە سەربەخۆ گیرو گرفت چارە- بکەن ، دیژواری جوولەیان پێ نەکات ، وە بە دڵسۆزیو فیداکاریەوە خزمەتی نەتەوەو چین ( طبقه ) وپارتی بکەن .
پشت ئەستوور بەم کادرو ڕابەرانەیە کەپارتی پەیوەندی خوی لەگەڵ ئەندامانو جەماوەر پێکئ ئەهێنێت ، وە بە هـۆی پشت بەستن بە ڕابەرایەتی کـردنی جەماوەرەوە لەلایەن ئەم کادارانەوەیە کە پارتی ئەتوانێت سەربکەوێت لـەشکاندنی دوژمندا . ئەم چەشنە کادرو ڕابەرانە پێویستە دووربن لە خۆپەرستی وقارەمانێتی یەکتـەنیو خـۆنواندنو تەوەزەلی وکەم تەرخەمیو دەستەگەری لووت بەرزانە ، وە پێویستە ئەمانە قارەمانی دلسۆزی خۆبەخت کەری نەتەوایەتیو چینایەتی بن . ئەمانەن ئەو چۆنێتیو ڕێگەی کارەی لـە ئەندامانو کادرانو ڕابەرانی پارتیمان داوائەکرێن .

« باخەبات بکەین بۆ ڕاکێشانی میلیـۆنان خەڵکئ بەلای بەرەی یەکئ گرتووی نەتەوە

ییدا دژی ژاپۆن » ( ٧ی ئایاری ١٩٣٧ )،
ن . ه ، ب ١

کادر فاکتۆری برِێنەرەوەیە ، پاش دیاری کردنی هێڵی سیاسی . بۆیە پەروەردە کردنی ژمارەیەکی زۆر کادری نوێ بەپێی پلان یەکێکە لەفرمانە خەباتی یەکانمان .

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لە جەنگی نەتەوەییدا » ( تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ ) ،
ن . ه ، ب ٢

ئەو ئەرازووەی پارتی پێویستە بەکاری بهێنێت لە سیاسەتیدا بەرامبەر بە کادران ئەوەیە ، کە ئاخۆ کادر سوورە لەسەر پەیرەوی کردنی هێڵی پارتی ، دیسپلنی پارتی ئەپارێزێت پەیوەندی نزیکی هەیە لەگەڵ جەماوەر ، ئەتوانێت سەربەخۆ فرمانەکانی خۆی بەجێ بهێنێت ، چالاکە و کارباش ئەکات ، لە خۆبوردوە یا نە ئەمەیە مەعنای « دانانی خەڵک بەپێی لێ وەشاوەییان » .

ه . س . پ

پێویستە سیستەمی بەشدار بوونی کادارن لە کاری بەرهەمی هەرەوەزیدا بهێڵرێتەوە. کادرانی پارتیمانو دەوڵەت ڕەنجدەری ئاسایین نەک ئاغایانێک کە سواری کۆڵی گەل بووبن. کادران بەهۆی بەشدار بوونیانەوە لە کاری هەرەوەزیی بەرهەمیدا، پەیوەندی فراوانو هەمیشەییو نزیک ئەپارێزن لەگەڵ خەڵکی ڕەنجدەردا، ئەمە کارێکی گەورەیە گرنگی یەکی بنچینەیی هەیە لە سیستەمی سۆشیالیستیدا، یارمەتی ئەدات لەژێرخستنی بیرۆکراسیو بەربەست کردنی ڕیڤیژنیزم ودۆگماتیزمدا.

« لەمەڕ کۆمۆنیزمی درۆزنەی خرۆشۆفو ئەوپەندە مێژوویيانەی داوێتی بەجیهان »
ڕۆژنامەی « جێمێنجیباو » ١٤ ی تەموزی ١٩٦٤.

پێویستە ئێمە بزانین چۆن کادران هەڵ ئەسەنگێنین، نابێت هەڵسەنگاندنەکەمان بەسترابێت بە ماوەیەکی کورت، وە یا ڕووداوێکی تەنیاوە لەژیانی کادرێکدا، پێویستە ژیانو

فرمانەکانی وەکێ یەکێ گشت لێکێ بدرێنەوە ئەمەیە ڕیگەی سەرەکی بۆ هەڵ سەنگاندنی کادرانمان .

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لە جەنگی نەتەوەییدا » ( تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ ) ،

ن . ه . ب ٢

پێویستە ئێمە بزانین چۆن بەچاکی کەڵکێ لەکادران وەرئەگرین ، ڕابەرایەتی لەدوا شی کردنەوەیدا ، دوو لێ پرسینەوەی گرنگێ ئەگرێتەوە : پێکێ هێنانی بیروڕا ، وە باش کەڵکێ وەرگرتن لەکادران . شتی وەکوو پلان دانان ، بڕیاردان ، فەرمان وئامۆژگاری دەرکردن هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی « بیروڕا پێکێ هێنان » دان . جا بۆئەوەی ئەم بیروڕایانە بەچێ بگەیەنرێن پێویستە کادرەکان یەکێ بخەین و هانیان بدەین کە بکەونەکار بۆ بەجێ گەیاندنیان . ئەمەیش لە چوار چێوەی « باش کەڵکێ وەرگرتنە لەکادران » ،

ه . س . پ .

پێویستە بزانین ئەبێت چـۆن بەتەنگ کادرەوە ببین .
بۆ ئەم نیازە سێ‌ ڕێگایەک هەیە .

یەکەم ، ڕێ پیشان دانیان . واتە لەسەرێکەوە سەربە-
ستیان بکەیت لـە فرمانەکانیاندا بەجۆرێک کەزاتی ئەوە
پەیدا بکەن لێپرسینەوە بگرنە ئەستۆ ، وە لـە سەرێکی
تریشەوە لەکاتی خۆیدا ئامۆژگاری‌یان بکـرێت بۆ ئەوەی
بتوانن لەڕێی هێڵی سیاسی پارتی‌یەوە کەڵک لـە هەموو
وزەی دروست کەرانەی خۆیان وەربگرن .

دوەم ، بـەرز کـردنەوەی ئاستیان . بەهۆی پەروەردە
کردنیانەوە هەلی خوێندنیان بۆ هەڵ بخـرێت تابتوانن تێ
گەیشتنی تیۆری خۆیان وتوانای کارکردنیان زیاد بکەن .
سێیەم ، تۆژانەوە لەفرمانەکانیان‌و ، یارمەتی دانیان لـە
کۆکردنەوەی تەجروبەکانیان وپتەرکردن‌نی سـەرکەوتنە-
کانیان وڕاست کـردنەوەی هـەڵەکانیاندا . ڕێگەی کار
سپاردن بەکادران بەبێ تۆژانەوەو بەسەرکردنەوەیان لەکاتی
کار کردندا وە سەرنج ڕانـەکێشانیان بۆ کارەکانیان هەتا

هەڵەیەکی گەورەیان لێ ڕوونەدات ، ئەمە ڕێگەی بەتەنگەوە بوونی کادر نی یە .

چوارەم ، پێویستە بەگشتی ڕێگەی پێ سەلماندن بگیرێت بەرامبەر بەو کادرانەی هەڵە ئەکەن ویارمەتی‌یان بدرێت لە ڕاست کردنەوەی هەڵەکانیاندا ، وەڕێگەی خەبات لەگەڵ کردن نابێت بگیرێت لەگەڵ ئەوانە نەبێت کەهەڵەی زۆر گەورە ئەکەن و ، ئامادەیش نین هیچ ڕێ پێشان دانێک قبوڵ بکەن . لێرەدا دان بەخۆداگرتن زۆر پێویستەو ڕاست نی یە پەلە بکەین لەوەدا کە بەسووکێ و ئاسانی خەڵک بە « هەل‌پەرست » دابنێین ، وە یا گورج بکەوینە « خەبات کردن » دژیان .

پێنجەم ، یارمەتی دانیان لە تەخەت کردنی دیژوارییەکانیاندا ، کاتێک کادران ئەکونە تەنگانەوەو تووشی نەخۆشی و گیروگرفتی خێزانی و سەختی گوزەران ئەبن ، پێویستە لەسەرمان ئەوەندەی پێمان بکرێت مشووریان بخۆین .

ئەمانەن ڕێگای بەتەنگەوە بوونی کادر

هـ . س . پ .

گروپێکی ڕابەری کەر کەوا بەتەواوی یەکی گرتبێت نووسابێت بە جەماوەرەوە تەنیا ئەتوانرێت بەرەبەرە لەناو خەباتی جەماوەریدا دروست بکرێت نەک بەدابڕاوی لەو. لە پرۆسێسی خەباتێکی مەزنداپێێک هاتنی گروپێکی ڕابەری کەر لە زۆر باردا نە ئەبێت وە نە ئەتوانێت وەکوو خۆی بەبێ گۆڕان بمێنێتەوە. نە لە قۆناغی یەکەم، نە ناوەنجی و نە لەدواییدا ئەو کەسانەی لەکاتی خەباتدا چالاکی ئەنوێنن پێویستە هەمیشە پێش بخرێن بۆ جێ گرتنەوەی ئەو ئەندامانەی پێشووی گروپی ڕابەری کەر، کەوا لەچاوئەواندا مانەدا کەمتر لێوەشاوەن وەیا ئەوانەی لەکەڵک کەوتوون.

«هەندێک مەسەلە لەمەڕ ڕێگە کانی ڕابەرایەتی (١ی حوزەیرانی ١٩٤٣)، ن. هـ، ب٣

ئەگەر پارتیمان ژمارەیەکی زۆر کادری تازەی نەبێت کەوا بە یەکێتی وهاوکاری یەوە لەگەڵ کادرە کۆنەکاندا کاربکەن، مەسەلەکەمان پەکی ئەکەوێت، لەبەر ئەمە پێویستە لەسەر کادرە کۆنەکان کە بەخۆشی یەوە تازەکان

وەربگرن و گەرم ترین پەرۆش‌و دلسۆزییان پیشان بدەن .

ڕاستە کە کادری تازە کەموکوڕی خۆی هەیە ، زۆری پێ نەچووە کە هاتوونەتە شۆڕشەوە ، تەجروبەیان کەمە ، وە هیچ چاریش نی‌یە کە هەندێکیان پاشماوەی خراپی ئایدیۆلۆجی کۆمەڵی کۆنیان لەگەڵ خۆیان هێناوە ، پاشماوەی ئایدیۆلۆجی سەڵت پەرستی وردە بۆرجوازییانە ، بەڵام ئەم نا تەواوی‌یانە ئەتوانرێت بەرە بەرە لەناوببرێن بەهۆی پەروەردە کردن‌و قاڵ بوونەوە لەشۆڕشدا . چاکیی کادرانی نوێ وەکوو ستالین ئەڵێت ، لەوەدایە کەئەمانە پڕن لەهەست بەرامبەر بەشتی نوێ بۆیە تائەندازەیەکی زۆر بەپەرۆش‌و چالاکن ، کە ئەمانە دەق ئەو خووانەن کە هەندێکێ لەکادرە کۆنەکان نییانە . کادران چ تازەو چ کۆن ، ئەبێت ڕێزی یەکتری بگرن ، لەیەکتری‌یەوە فێربن ، وەبەکەڵکێ وەرگرتن لەنوختەی هێزی یەکتری بەسەر کەموکوڕی‌یەکانی خۆیاندا زاڵبن ، تابتوانن وەکێ تاقە پیاوێکێ خزمەتی مەسەلە ناوکۆیی‌یەکە بکەن‌و ئاگاداریی خۆیان بکەن لە دەستە گەری .

« چاکردنی شێوەکانی پارتی » ( ١ ی شوباتی ١٩٤٢ ) ، ن . ﻫ ، ب ٣

هەر ئەوە بەس نی یە کـە ئێمە تەنیا بەتەنگ کادرەکانی پارتیەوە ببین ، بگرە پێویستە بەتەنگ ئەو کادرانەیشەوە ببین کە لەپارتیدا نین ، لـەدەری پارتی گەلێک کەسـی لێوەشاوەو زیرەک، هەن نابێت ئێمە گـوێیان نەدەینێ. پێویستە لەسەر هەموو کۆمۆنیستێکی دلسۆز خۆی لەلووت بەرزیو دورەو پەرێز وەستان ڕزگار بکات ، وە بتوانێت بەباشی کار بکات لەگەڵ ئەو کادرانەی کە کۆمۆنیست نینو بەدڵسۆزیو ڕاستی دەستیان بگـرێت ، هەڵوێستێکی گەرمی هـەڤاڵانەی هەبێت بەرامبەریان وچالاکییان بـەرەو خزمەت کردنی مەسەلە گەورەکە ئاراستەبکات ، مەسەلەی بەرهەڵستی کردنی ژاپۆنو دروست کردنی نیشتمان .

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لـە جەنگی نەتەوەییدا » ( تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ ) ، ن . ﻫ ، ب ٢

# ٣٠ - لاوان

دنیا هی ئێوەیە ، هەروەها هی ئێمەیشە ، بەڵام لە دوا
شی کردنەوەیدا هەر هی ئێوەیە . ئێوە ئەی لاوینە پڕن لـە
خورتی وزیندوویەتیو لەهەرەتی بەهاری ژیندان وەک خۆری
سەعات هەشتونۆی بەیانیان . چاوی هیوامان بڕیوەتە ئێوە
......

دنیا هی ئێوەیە ، دوا ڕۆژی چینیش لەدەس ئێوەدایە .

« دووانێک لە چاو پێ کەوتنی ئەو قوتابیو
مەشق کەرە چینیانەی لە مۆسکۆن ( ١٧ ی
تشرینی دوەمی ١٩٥٧ )

پێویستە یارمەتی هەموو لاوەکانمان بدەین تا لەوە بگەن

کە وڵاتەکەمان هێشتا هەر وڵاتێکی هەژارەو، لەتوانایشما- ندا نی یە کە بە جۆرێکی بنەڕەتی لە ماوەیەکی کەمدا ئەم بارە بگۆڕین ، تەنیا بە خەباتی یەکگرتوو ، تێ کۆشانی گشت لاوانو هەموو گەلەکەمانو وبەدەستی ئەوان ، ئەتوانرێت چین لەماوەیەکی چەن - دەساڵیدا بکرێت بە وڵاتێکی بەهێزی ساماندار . دامەزراندنی سیستەمی سۆشیا- لیستی ئەو ڕێیەی بۆکردوینەوە کە بۆ پاشەڕۆژێکی ئایدیاڵی ئەڕوات . بەڵام هێنانەدی ئەم ئامانجە هەرە بەرزە پێویستی بەرەنجو تێ کۆشانی سەخت هەیە .

« لەمەڕ راست چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی
نێوان گەل » ( شوباتی ١٩٥٧ )

چونکە ژمارەیەکی تەواو زۆری لاوان تەجروبەی سیاسی وکۆمەڵایەتیان کەمە ، جیاوازی نێوان وڵاتی چینی کۆنو نوێ بەدی ناکەن ، وە شتێکی زۆر گرانە بە تەواوی تێ بگەن کە گەلەکەمان بە چ دیژواریو ناخۆشیەکدا تێپەڕیوە لەکاتی خەبات کردنیدا بۆ ڕزگارکردنی خۆی

لەچنگێ ئیمپریالیستە زۆردارەکان وکۆنەپەرستەکانی کومینتانگێ ، وەیا زۆر گرانە بە قوولی لەوە بگەن کەوا دامەزراندنی کۆمەڵێکی سۆشیالیستی بەختیار چ ماوەیەکی درێژو ئەرکێکی سەختی پێویستە . بۆیە پێویستە هەمیشە خەریکی کردنی کاری پەروەردەیی و سیاسی کاریگەرو زیندوو بین لەناو جەماوەرداو ، پێویستە هەموو ڕاستیان پێ بڵێین لەبارەی ئەو کۆسپانەوە کە لەرێدان ، وە گفتوگۆ بکەین لەبارەی چۆنێتی زاڵ بوونەوە بە سەر ئەم کۆسپو دیژواریانەدا .

ه . س . پ

لاوان هێزی هەرە چالاک وزیندوون لە کۆمەڵدا ، لە هەمووان بە پەرۆشترن بۆ فێربوونو ، لە هەمووان کۆن ـ پارێزییان کەمترە لەبیرکردنەوەدا ، ئەمە بەتایبەتی لەسەردەمی سوشیالیزمدا وایە . هیوامان هەیە کەرێکخراوەکانی پارتی لەهەمووشوێنێکدا یارمەتی رێکخراوەکانی لاوان بدەن وکاریان لەگەڵ بکەن ، وە بەتایبەتی مشووری

ئەوەبخۆن کەچۆن ئەتوانرێت چاکت ترین وزۆرترین کەڵکێ لەگوڕو هێزی لاوەکانمان وەربگیرێت . ڕێکێ خراوەکانی پارتی نابێت بەو چەشنەلەگەڵیان بجووڵێتەوە وەکوو لەگەڵ هەموو کەسێکی کە ئەجوڵێتەوەو ، پێناسە تایبەتیەکانیان بخاتە پشت گوی . بێ گومان لاوانیش پێویستە لەسەریان کـەلە پیرو بەساڵدا چووەکانەوە شت فێربن ، وە بەپێ ی تـوانا هەوڵبدەن کەلە هەموو چەشنە چالاکی یەکی بەکەڵکدا بەش- داربن بە ڕەزامەندی ئەوان .

پێشەکی«تیپی پێشەوەی لاوانی سەر بە نۆیەمین کۆمەڵەی هاوکاری کشتوکاڵی ، گـوندی مین پین لە هەرێمی چون شان » (١٩٥٥)، « هەڵ چوونی سۆشیالیستی لـەناو لادێکانی چین دا » بەرگی سێ یەم ، چاپی چینی .

بەچ تەرازوویەکێ ئەتوانین بزانین کەوا لاوێکێ شۆڕ- شگێڕە یانە ؟ تەنیا ئەبێت هەریەکێ تەرازوو هەبێت ، ئەوەیش ئەوەیە کە ئاخۆ ئەیەوێت خۆی لەگەڵ جەماوەری فراوانی

کارکەران و جوتیاران تێکەڵ بکات و بەکردەوە وەهابکات یانە ؟ ئەگەر حەزی بەم تێکەڵ بوونە کردوبەکردەوەیش بەجێی گەیاند ئەوا لاوێکی شۆڕشگێرە ، ئەگینا ناشۆڕشگێڕ یا شۆڕشگێڕێکی چەواشەیە . ئەگەر ئیمڕۆ تێکەڵ بەجەماوەی کارکەران و جوتیاران بوو ئەوا ئەمڕۆ شۆڕشگێڕە وە ئەگەر سبەینێ دەسی هەڵگرت لەمە وەیا هەڵ گەڕایەوە وکەوتە زۆر لێ کردنی خەڵکی ئاسایی ئەوسا ئەبێت بە ناشۆڕشگێڕ وەیا شۆڕشگێڕێکی چەواشە .

«ئاقاری بزوتنـەوەی لاوان» (٤ی ئایاری ١٩٣٩) ، ن . هـ ، ب ٢

ڕۆشنبیران تاوەکوو بەگیان و دڵ خـۆیان نەهاوێژنە خەباتی شورشگێڕانەی جەماوەرەوەو بڕیاری تەواونەدەن لەسەر خزمەت کردنی دەسکەوتەکانی جەماوەر بڕۆن و ببن بەوان ، زۆرجـار بەرەو شێوەی خۆیایەتی وسەڵتپەرستی ئەڕۆن و ، لەبیرکردنەوەیاندا پراتیکیی نابن و لەکـردەوە یشیاندا ڕاڕا ئەبن . جا لەبەر ئەمەیە کە هەرچەن زوربەی

ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی چین ئەتوانن دەوری پێشڕەوی ببینن ، وەیا ببن بە ئەڵقەی پێکەوە بەستنی جەماوەر لەشۆڕشدا کەچی هەموویان تاسەر بە شۆڕشگێڕی نامێننەوە. هەندێکیان لەکاتێکی زۆر تەنگانەدا شۆڕش بەجێ ئەهێڵن و هەڵوێستێکی سەلبی وەرئەگرن بەرامبەری و ، کەمێکیشیان تەنانەت لەوانەن ببنە دوژمنی شۆڕش . ڕۆشنبیران تەنیا بە بەشداربوون لەخەباتی جەماوەریدا بۆ ماوەیەکی درێژ . بەسەر کەموکوڕیەکانیاندا ئەتوانن زاڵ ببن .

« شۆڕشی چین و پارتی کۆمۆنیستی چین »
( کانونی یەکەمی ١٩٣٩ ) ، ن . ه ، ب٢

یەکێتی لاوان سەرەڕای ئەوەی کە ئەبێت بەڕێکو پێکی لەگەڵ پارتیدا ئەرکە سەرەکیەکانی خۆی بەجێ بهێنێت ، ئەبێت ئەو فرمانانەی خۆشی جێبەجێ بکات کەوا لەگەڵ سروشت و پێناسی تایبەتی لاو ڕێکئەکەون . چینی نوێ پێویستە بەتەنگ لاوەکانیەوە بێت و بایەخێکی زۆربدات بەگەشەکردنی نەوەی نوێ ، پێویستە لەسەر لاوانیش کەبخو-

تن وکاربکەن بەڵام لەبەر ئەوەی کە لەم تەمەنەدا لەشیان گەشە ئەکات پێویستە بایەخی تەواو بدەن ، هەم بەکارو خوێندنەکەیان و هەم بەچالاکی وەرزشی وخۆش ڕابواردن و حەسانەوەیش .

دووانێک لەگەڵ دەزگای سەرۆکایەتی
دووەمین کۆنگریسی نەتەوەیی یەکێتی لاوان
( ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٥٣ )

# ٣١ - ئافرەتان

لەچین‌دا پیاو بە چەشنێکی ئاسایی ژێردەسی سێ جۆر سیستەمی دەسەڵاتە ( دەسەڵاتی سیاسی ، دەسەڵاتی عەشیرەتی ، دەسەڵاتی دینی ) ...... بەڵام ئافرەتان سەرەڕای ئەوەی کە ژێردەسی ئەوسێ دەسەڵاتەیشن، ژێردەسی پیاویشن(دەسەڵاتی مێرد). ئەم چواردەسەلاتە، دەسەڵاتی‌سیاسی، عەشیرەتی، دینی، مێردی نوێنەری هەموو ئایدیۆلۆجی‌و سیستەمی باوکایەتی - فیۆداڵی‌یە ، وە ئەمانە ئەوسێ زنجیرە هەرە ئەستوورەن کەگەلی چینیان بەستۆتەوە بەتایبەتی جوتیاران .

لەپێشەوە باسمان کرد کە چۆن جوتیارەکان، دەسەڵاتی سیاسی زەوی دارەکانیان ڕووخاند لە دێهاتەکاندادەسەڵاتی سیاسی زەوی دارەکان‌بڕبڕەی پشتی هەموو سیستەمەکانی

کەی دەسەڵاتە ، بەرمانی ئەوبنچینەی دەسەڵاتی عەشیرەتی و دینیو مێردی هەموویان ڕاتەکێنران... دەسەڵاتی مێردلەچاو خۆیدا هەمیشە لەناو جوتیارانی هەژاردا کەمتربوە چونکە ژنەجوتیارە هەژارەکان لەڕووی هـۆی ئابوریەوە ناچار بوون کە لە ئافرەتانی ئەو چینانەی حاڵیان باشترە ، زیاتر بەشدار بن لە کاری جەستەییدا ، بەم بۆنەیەوە لە کاروباری خێزانداقسەو دەستیان زیاترڕۆیوە ، لە ساڵانی دواییدا ئابوری دێهات زیاتر ڕووی کـردە نابوتی ، مـەرجی بنچینەیی دەسەڵاتی پیاوی لەبن دەرهێنا . ئەمڕۆ لەگەڵ بەرزبوونەوەی بزوتنەوەی جوتیاراندا ئافرەتانیش لەزۆر جێگا دەستیان کردوە بەرێکخستنی یەکێتی ئافرەتانی لادێ ، بەم چەشنە هەلی سەربەرز کـردنەوەیان دەس کەوتوە وە دەسـەڵاتی مێردیش ڕۆژ بەڕۆژشلۆق ترئەبێت. بەکورتی هەموو ئایدیۆ- لۆجیو سیستەمی باوکایەتی - فیۆداڵی کەوتە ڕانەکین بەهۆی پەرەسەندنی هێزی جوتیارانەوە

«ڕاپۆرتێک لەمەڕ ا ێ کۆڵینەوەی جولانەوەی

جـــوتیارانی خونان «( مارتی ۱۹۲۷ ) ،

ن . ه ، ب ۱

ئافرەتینە یەکێ بگرنو بەشداربن لەبەر هـــەم هێنانو چالاکی سیاسیدا بۆئەوەی باری ئابوری وسیاســـی چاکێ بکەن .

نامەیەکی دەس نووس بۆ گۆڤاری «ئافرەتانی چینی نوێ »لەژمارەی یەکیدا بلاوکراوەتەوە

۲۰ی تەموزی ۱۹٤۹

دەس کەوتەکانی لاوان ، ئافـرەتان ، منالان بپارێزن - دەسی یارمەتی درێژبکەن بـۆ ئەو قوتابیە لاوانەی ناتوانن لەسەر خوێندن برۆن ، یارمەتی لاوانو ئافرەتان بدەن لـە رێکخستندا بوئەوەی بە چوونیەکی بەشداربن لـــەهەموو ئەو فرمانانەدا کە کەڵکیان هەیە بـــۆ تەقەلای جەنگیی ، دژی دەس درێژی ژاپۆنو پێش کەوتنی کۆمەلایەتی ، هەروەها تێ بکۆشـن بۆ دەســـتەبەرکردنی سەربەستی شــــووکردنو چوونیەکی لەنێوان پیاووژندا ، وە هەلی فێربوونی بەکەڵکێ

بۆلاوان و منالان هەڵبخەن ...

«لەمەڕ حکومەتی یەکێ ـ کەوتو» (٢٤ی نیسانی ١٩٤٥)، ن. ه، ب ٣

فرمانی بنچینەیمان لەبەرهەم هێنانی کشتوکاڵیدائەوەیە کە هێزی کار کۆک بکەین بـە چەشنێکی رێکوپێک وزات بنێینە بەر ئافرەتان کەتێیدا بەشداربن .

«سیاسەتی ئابووریمان» (٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٣٤)، ن. ه، ب ١

راپەڕاندنی جەماوەری فراوانی ئافرەتان بۆتێکەڵ بوون لەچالاکی بەرهەم هێناندا ئەوپەڕی گرنگی هەیە لەدروست کردنی کۆمەڵێکی سـۆشیالیستی مەزندا ، پێویستە پیاووژن لەبەرهەم هێناندا بۆ کاری چوونیەکێ کـرێی چونیەکێ وەربگرن ، چوونیەکی ڕاستەقینە لەنێوان نێرومێدا ، تەنیا لەپرۆسێسی بەجێ گەیاندنی گواستنەوەی سۆشیالیستی هەموو کۆمەڵدا دێتەدی .

پێشەکی « ئافرەتان چوون بـۆمەیدانی کار »

( ١٩٥٥ ) ، « هەڵ چوونی سـوشیالیستی
لەناو لادێکانی چیندا » ، بەرگی یەکەم ،
چاپی چینی

پاش پێک هێنانی هاوکاری یەکانی کشتوکاڵی بەتەواوی ،
زۆر هاوکاری ئەبینین هێزی کاریان کەمە بۆیە ناچاری یە
کەجەماوەری زۆری ئافرەت ڕابپەڕێنرێن لەوانەی کەلەمەو
پێش لەکێڵگەدا کاریان نەکردوە ، بۆئەوەی بێنە مەیدانی
کارکردنەوە ... ئافرەتانی چین زەخیرەیەکی گەورەی هێزی
کارن ، ئەم زەخیرەیەپێویستە کەڵکی لی وەربگیرێت لەخەبات
کردندا بۆ دروست کردنی ولاتێکی سۆشیالیستی مەزن .

پێشەکی « چارکردنی ناتەواوی هێزی کار بـە
ڕاپەڕاندنی ئافـرەتان تـا هاوبەشی بەرهەم
هێنان بکەن » ( ١٩٥٥ ) هەڵچوونی سۆشیا۔
لیســتی لەناو لادێکانی چین دا » ، بەرگی
دوەم ، چاپی چینی

هەموو ئەو ژنانەی کە ئەتوانن کاربکەن پێویستە ڕێیان

بدرێتێ کە لەمەیدانی کاردا شوێنی خۆیان بگرن بەپێی
پرانسیپی کرێی چوونیەک بۆکاری چوونیەک . پێویستە
تائەتوانرێت زووتر جێ بەجێ بکرێت .

پێشەکی «لەمەڕ فراوان بوونی مەیدانی کاری
ئافرەتان لە بزووتنەوەی هاوکاری کشتوکاڵیدا»
( ١٩٥٥ ) ، « هەڵچوونی سۆشیالیستی
لەناو لادێکانی چیندا » ، بەرگی یەکەم ،
چاپی چینی

## ٣٢ ـ فەرهەنگ وهونەر

لەدنیای ئەمڕۆدا هەر فەرهەنگ و ، هەر ئەدەب و هونەرێک هی چینێکی دیاری کراوە ، وە دووی هێڵێکی سیاسی دیاری کراو کەوتوە . شتی وەکوو هونەر بۆ هونەر ، هونەری ژوور چینەکان ، یاهونەرێک کەلەگەڵ سیاسەت یەکێنەگرێتەوە یاسەربەخۆ بێت لێی ، لەواقیعدا هەربوونیشی نی یە . ئەدەبو هونەری پرۆلیتاری بەشێکن لە هەموو مەسەلە شۆڕشگێڕانەکەی پرۆلیتاریا ، وە هەردووکیان وەک لینین ئەڵێت چەرخ و جەرێکن لە هەموو مەکینەی شۆڕشگێڕیدا .

«دووان لەکۆڕی ئەدەبو هونەردا لەیەنان»
( ئایاری ١٩٤٢ ) ، ن . ه ، ب ٣

فەرهەنگی شـۆڕشگێڕانە چـەکێکی شۆڕشـگێڕانەی کاریگەری بەتینە بـۆ جەماوەری فراوانی گەل . بـەرلە هەڵگیرسانی شۆڕش لەڕووی ئایدیۆلۆجیەوە ڕێگای بـۆ خۆش ئەکات ، وە بێ گومان لە کاتی شۆڕشیشدا مەیدانێکی گرنگ و جەوهەری خەباتە لەمەیدانی گشتی شۆڕشگێڕیدا .

« لەمەڕ دیمۆکراسی نوێ » ( کانونی دوەمی ١٩٤٠ ) ، ن . ه ، ب ٢

هەر ئەدەب و هونەرێک هەمانە بـۆخزمەتی جەماوەری گەلە ، لەپلەی یەکەمدا بۆکارکەران و جوتیاران و سەربازانە بۆ کارکەران و جوتیاران و سەربازان دروست کراون و ئەوانیش کەڵکی لێ وەربگرن .

«دووان لەکۆڕی ئەدەب و هونەردا لەیەنان»

( ئایاری ١٩٤٢ ) ، ن . ه ، ب ٣

پێویستە لەسەر کارکەرە ئەدەبی و هونەری یەکانمان ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنن ، وە هەڵویستی خۆیان بگۆڕن . پێویستە

بەرەبەرە هەنگاو بنێن بۆلای کارکەرانو جوتیارانو سەربازان، بۆ لای پرۆلیتاریا لەری‌ی پرۆسێسی چوونە ناو کۆڕێانەوە ، وە چوونە ناو جەرگەی خەباتی واقیعی‌یەوە ، وەبەپرۆسێسی خوێندنی مارکسیزمو لێ کۆڵینەوەی کۆمەڵەوە، تەنیا لەم ڕێ‌یەوەئەتوانین ببین بەخاوەنی ئەدەبو هونەرێکێ کەبەڕاستی هی کارکەرانو جوتیارنو سەربازان بن و بەڕاستی ئەدەبو هونەری پرۆلیتاریابن .

ه . س . پ

ئەبیت ئەدەبو هونەر بکەین بەپارچەیەکی تەواوکەری بەکاری واکەبۆگشت مەکینەی شۆرش بگونجێت و ، وەکوو چەکی بەهێز کاربکەن بۆ یەکێ گرتنو پەروەردە کردنی گەل ، وە بۆ پەلاماردان وتێکێ شکاندنی دوژمن ، وە یارمەتی گەل بدەن کە یەکدڵ ویەکێ گیان لەگەڵ دوژمن بجەنگێن .

ه . س . پ

دوو تەرازوو هەیە بۆ ڕەخنە گرتن لەئەدەب ولە هونەردا،

یەکێکیان تەرازووی سیاسی‌و ئەوی‌تریان تەرازووی هونەری .....

تەرازووی سیاسی هەیەو تەرازووی هونەریش هەیە ، پەیوەندی نێوان ئەم دووانە چی‌یە ؟نە ئەتوانرێت سیاسەت‌و هونەر بەرامبەر بەیەك دابنرێن، وە نە ئەتوانرێت جیهان بینی‌یەکی گشتی لەئاستی شێوەی دروست کردنی هونەری‌و رەخنە گرتندا رابگیرێت ، ئێمە نەك هەر ئینکاری بوونی تەرازوویەکی سیاسی رووت‌و هەرگیز لە گۆڕان نەهاتوو ئەکەین ، بگرە ئینکاری ئەوەیش ئەکەین کە تەرازوویەکی هونەری رووت‌و هەرگیز لەگۆڕان نەهاتوو بێت . هەر چینە لە هەموو کۆمەڵێکی چینایەتیدا تەرازووی سیاسی‌و هونەری خۆی هەیە . بەڵام هەموو چینەکانیش لە هەموو کۆمەڵە چینایەتی‌یەکاندا بەبێ جیاوازی تەرازووری سیاسی ئەکەن بە یەکەم و تەرازووی هونەری بە دووەم دائەنێن... ئەوی ئێمە گەرەکمانە یەکێتی سیاسەت‌و هونەرە ، یەکێتی ناوەرۆك‌و قاڵب ،یەکێتی ناوەرۆکی سیاسی شۆڕشگێڕانەو بەرزترین قاڵبی هونەری تەواو کە لە توانادا بێت ،ئەوکارە

هونەری یانەی کــە نرخی هونەری یانەیان کەمە هیچ پێزو تینیان نی یە هەر چەندە لەڕووی سیاسیشەوە پێش کەوتووانە بن ، بۆیە ئێمە هــەر دژی ئەو کارە هونەری یانە نین کــە ڕوانگەیەکی سیاسی چەوتیان هەیە ، دژی ئەوەیشین کــە شێوەی « دروشمو ئاگاداری نووسین » بلاوبێتەوە کەوا هەرچەندە لەڕوانگەی سیاسی یەوە ڕاست بن بــەلام هێزی هونەری یان نی یە . بــۆیە لە کێشە کانی ئــەدەب و هونەردا پێویســتە لەدووەمەیدانداندا خەبات بکەین .

هـ . س . پ

ئەو سیاسەتەی کە ئەڵێت « وازبێنە باسەد گوڵ بگەشێنەوە ، وە سەد قوتابخانەی فیکری بەربەرە کانێ بکەن » سیاســەتی بەگوڕ کــردنی پێش کەوتنی هونەرو زانســتیو فەرهەنگیکی سۆشیالیستی گەشاوەیە لە خاکە کەمانــدا . شێوەی جۆر جۆری هونەر پێویستەبەسەربەستی گەشە بکەنو قوتابخانەی جیاجیای زانستی ئازادانە بەربەرە کانێ بکەن لە گەڵ یەکتری بەلای ئێمەوە شتێکی زۆر زیاندارە بۆ گەشانەوەی هونەرو

زانستی ئەگەر هێز بەکار بهێنرێت بـۆ بەسـەردا سەپاندنی
شێوەیەکی تایبەتی هونەر یا قوتابخانەیەکی فیکری و قەدەغە
کردنی ئەوانی تر. کێشەی ڕاستی و چەوتی لە هونەرو زانستیدا
پێویستە لەڕێی گفـتوگۆی سەربەستانەو ، لە ناو کۆڕە
هونەری و زانستیەکاندا ، وەبە هۆی پراتکیانەوە لە مەیدانی
کاردا بە لایـەکدا بخرێت ، نەکـ لـە ڕێی دەم کوت
کردنەوە .

« لەمەڕ راست چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی
نێوان گەل » ( شـوباتی ١٩٥٧ )

لەشکرێکی بێ فـەرهەنگ ، لەشـکرێکی نەزانە ، وە
لەشکرێکی نەزانیش لە توانایدانی یە دوژمن بشکێنێت .

« بەرەی یەکگرتوو لە کاروباری فەرهە-
نگیدا » ( ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ ) ،

ن . ه ، ب ٣

# ٣٣ - فێربوون

لە گۆڕینی وڵاتی چینی کشتوکاڵی دواکەوتوودا بە وڵاتێکی پێش کەوتووی پیشەسازی بەرەنگاری گەلێک ئەرکی گران ئەبین ، وە هێشتا ئەوەندەی پێویستە تەجروبەیشمان نی یە بۆیە ئەبێت لە فێربووندا زۆرباش بین .

« وتاری کردنەوەی هەشتەمین کۆنگرێسی نەتەوەیی پارتی کۆمۆنیستی چین » (١٥ی ئەیلولی ١٩٥٦ )

هەموو کاتێک بار لە گۆڕیندایە ، بۆ ئەوەی پیاو بیر کردنەوەی خۆی لەگەڵ باری نویدا ڕێک بخات پێویستە فێر ببێت، تەنانەت ئەوانەیش کە شارەزاییەکی باشتریان هەیە

لە مارکسیزمدا وەلەچاو ئەوانی تردا هەڵوێستی پرۆلیتاریانەیان چەسپاوترە ، پێویستە لەسـەر فێربوون بڕۆن ، ئـەوی تازەیە هەڵی بەژن و گیرر گرفتی تازە لێک بدەنەوە .

« دووانێک لـە کۆنفرەنسی نەتەوەیی پارتی کۆمۆنیستی چیندا لەمەڕ کاری پرۆپاگاندە »
( ۱۲ی مارتی ۱۹۵۷ )

ئێمە ئەتوانین چی نازانین فێری بین . ئێمە نەک هەر وێران کردنی دنیای کۆن باش ئەزانین ، هەوەها دروست کردنی دنیا نوێیش باش ئەزانین .

« ڕاپۆرتێک بـۆ دووەمین پلینـۆمی حەوتەم کۆمیتەی ناوەندی پارتی کـۆمۆنیستی چین »
( ٥ی مارتی ۱۹٤۹ ) ، ن . ه ، ب٤

ئێستە دوو هەڵوێستی جیاواز هەیە بەرامبەر فێربوون لە خەڵکەوە : یەکێکیان هەڵوێسـتی دۆگماتیکی ، وەرگرتی هەموو شتێکە سالە لەگەڵ باری ئێمە بگونجێت یانە ، کە ئەمە هەڵویستێکی باش نی یە . هەڵوێستەکـەی کەیان ئەوەیە

مێشکی خۆمان بەکار بهێنین و ئەو شتانە فێرببین کەلەگەڵ باری خۆمان ڕێک ئەکەون، واتە ئەو تەجروبانە هەڵبژێرین کە کەڵکیان هەیە بۆ ئێمە. ئەمەیە ئەو هەڵوێستەی ئەبێت پەیڕەوی بکەین.

«لەمەڕ ڕاست چارەسەرکردنی ناکۆکی یەکانی نێوان گەل» (٧ی شوباتی ١٩٥٧)

تیۆری مارکس، ئەنگلز، لینین وستالین بە کەڵکی هەموو دنیا دێت. بەڵام نابێت بەدۆگمای دابنێین، بگرە ئەبێت بە ڕێپیشاندەرێکی کاری بزانین. خوێندن تەنیا بریتی نی یە لە فێربونی چەن عیبارەت و جملەیەکی مارکسی ـ لینینی، بگرە فێربوونی مارکسیزم ـ لینینیزمە وەك زانستی شۆڕش. هەروەها ئەوەیش بەس نی یە کە لەئەنجامە تایبەتی یەکانی ئەو قانونە گشتی یانە بگەین کە مارکس و ئەنگلز، لینین و ستالین بەلێکدانەوەی پان و بەرینی ژیانی واقیعی و پراتیکی شۆڕشگێڕانە پێیان گەیشتوون، بگرە پێویستە باری سەرنج و هەڵوێست و ڕێگەی لێکۆڵینەوەو چارەکردنی گیرو گرفتیشیان بزانین.

« دەوری پارتی کۆمۆنیستی چین لـە جەنگی نەتەوەییدا » ( تشرینی یەکەمی ۱۹۳۸ ) ،

ن . ه ، ب ۲

ئەگەر ئێمە تیۆرییەکی ڕاستمان هەبێت بەڵام تەنیا قسەی پڕوپووچی لەسەر بکەین ، یا لە کوندا بیشارینەوە و نەی هێنینە مەیدانی کارو پراتیکەوە ، ئەوسا ئـەو تیۆرییە هەرچەندە باشیش بێت هیچ بایەخ و کەڵکی نابێت .

« لەمەڕ پراتیک »( تـەموزی ۱۹۳۷ ) ،

ن . ه ، ب ۱

پێویستە ببین بەوەستا لە تیۆری مارکسیدا ، وە لە بەکار هێنانیدا ، ببین بەوەستا تەنیا بەنیازی بەکارهێنانی . ئەگەر پیاو توانی مارکسی-لینینی بەکار بهێنێت بۆ یەکالا کردنەوەی یەکدوو گیروگرفتی واقیعی ئەوە شایانی ستایشەو ئەتوانین ئەوسا بڵێین کەوا هەندێک سەرکەوتنی دەس گیر بووە ، وە هەتا پیاو بتـوانێت گیروگرفتی زۆرترو فـراوانتر یەکالا بکـاتەوە و تاتێ گـەیشتوانەتر وقـووڵ تـر

بیکات ، سەرکەوتنەکەی گەورەتر ئەبێت .

« چاکردنی شێوەکانی پارتی » ( ١ی شوباتی ١٩٤٢ ) ، ن . هـ ، ب ٣

چۆن ئەبێت تیۆری مارکسی - لینینی لە گەڵ پراتیکی شۆڕشی چیندا لێک گرێ بدرێن ؟ ئەتوانین دەردی خەلک وتەنی ئێمەیش بڵێین بەوەی کە «تیرەکە بگریتە نیشانەکە» . تیر بۆ نیشان چونە ، مارکسیزمیش بۆ شۆڕشی چین وەهایە بەلام هەندێک هەڤاڵ «تیری بێ نیشانە ئەهاوێژن» ، هەر لە خۆوە تیر ئەهاون . ئەم چەشنە کەسانە لەوانەیە زەرەر بگەیەنن بە شۆڕش .

هـ . س . پ

پێویستە لەسەر ئەوانەی تەجروبەیان هەیە لە کاردا یکەونە خوێندنی تیۆری وە بە راستی و دروستی بخوێننەوە ، هەر بەم چەشنە ئەتوانن تەجروبەی خۆیان پوخت بکەن و ڕێک بخەن و بەرزی بکەنەوە بۆ ئاستی تیۆری ، وە هەر ئەو کاتەیش تووشی ئەو هەڵەیە نابن کە تەجروبەی خۆیان لە بەشێکدا

بە ڕاستی یەکی گشتی بزانن و ، لە هەڵەکانی ئیەپریستیسی دوورئەکەونەوە .

ه . س . پ

شتێک هەیە کەوا شارستانی لە سەرباز جیا ئەکاتەوە ، بەڵام ئەوە شورەی گەورەی چین نی یە ، وە ئەتوانرێت بە گورجی لە نێوان هەڵ بگرێت ، وە ڕێگەی نەهێشتنیشی بەشدار بوونە لەشۆڕشدا ، لەجەنگدا . کە ئەڵێین فێربوون و بەکارهێنان شتێکی ئاسان نین ، نیازمان ئەوەیە کە بەتەواوی فێربوون وبەباشی بەکارهێنانی فێربوونەکە شتێکی گرانە . لەوەیش کە ئەڵێین خەڵک ئەتوانن زۆر زوو ببن بەسەرباز نیازمان ئەوەیە کە شتێکی گران نی یە لە ناو دەرگاکە تێ بپەڕیت . ئەتوانین ئەم دوو نوقتەیە کۆبکەینەوە لە قسەیەکی پێشینانی چیندا کە ئەڵێت : « لە دینادا هیچ گیرو گرفتێک نی یە کە بەرامبەر بە هێزی ویستن خۆی ڕابگرێت » ، سەرکەوتن بەسەر کۆسپدا گران نی یە ، هەروەها لێزانین و وەستاییش لە وزەدایە بە

مەرجێکە پیاو سووربێت لەسەر ویستی خوی‌و بتوانێت باش فێر ببێت .

ﻫ . س . پ

پێویستە ئێمە کاری ئابوری فێر ببین لە هەموو ئەو کەسانەوە کە ئەی‌زانن ، سا هەر کەسێک ئەبن بەن ، ئەبێت بە مامۆستای خۆمانیان دابنێین و ڕێزیان بگرین و بەبێ فیز و هەوڵ و هۆشیاری یەوە شتیان لێوە فێر ببین . ئەگەر شتێکمان نەزانی ئەبێت دان بە نەزانینی خۆماندا بنێین ناشێت وا خۆمان پێشان بدەین کە ئەی‌زانین .

« لەمەڕ دیکتاتۆری دیمۆکراتییانەی گەل » ( ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٤٩ ) ،
ن . ﻫ ، ب ٤

زانین مەسەلەی زانستی‌یە ، نابێت هیچ ناڕاستی و خۆ هەڵکێشانی تێکەڵ بکرێت ، بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەوە پێویستی بەڕاستی و دروستی‌و بێ فیزی هەیە .

له خۆڕازی بوون دوژمنی فێربوونه . له وزه‌ی مرۆڤدا نی یه هیچ شتێکێ به‌باشی فێـر ببێت هه‌تاوه‌کوو لـه چنگی له خۆ ڕازی بوون ڕزگاری نـه‌بێت ، هـه‌ڵویستێکێ کـه پێویسته بمان‌بێت به‌رامبه‌ر به‌خۆمان ئه‌وه « تێر نه‌خواردن له فێر بوون » وه به‌رامبه‌ر به خه‌ڵکێ « ماندوو نه‌بوون له فێرکردن » .

« ده‌وری پارتی کۆمۆنیستی چین لـه جه‌نگی نه‌ته‌وه‌ییدا » تشرینی یه‌کـــه‌می ۱۹۳۸ ،

ن . هـ ، ب ۲

هه‌ندێکێ که‌س چه‌ن کتێبێکی مارکسییان خـوێندۆته‌وه خۆیان زۆر به‌زانا ئه‌زانن ، به‌ڵام ئه‌وه‌ی خوێندویانه‌ته‌وه زۆر قووڵ نه چوته ژووریێ ، ڕه‌گی دانه‌کوتاوه له مێشکیا ندا ، له‌به‌ر ئه‌وه‌نازانن چۆنی به‌کار بهێنن و هه‌ستی چینایه‌تێشیان هـه‌روه‌کوو پێشوو ماوه‌ته‌وه . هه‌ندێکی تـر زۆر خه‌ڕون ، چه‌ن جمله‌یه‌کی کتێبان له‌به‌ر کردوه خۆیان به‌شتێکی زل ئه‌زانن و لووتیان وا له ئاسمان ، به‌ڵام هه‌رکه

گێژەڵووکەیەک هەڵی کردەهەڵوێستێک ئەگرن زۆر جیاواز لەهی کرێکاران و زوربەی جوتیارەکان، ئەوان هەڵ ئەلەرزن ئەمانی دوایی ڕاست چەقیون ، هەڵوێستی ئەوان پەشێوو ئادیارە لەکاتێکدا کەهی ئەمانی دوایی دیارو ئاشکرایە.

« دووانێک لە کۆنفرەنسی نەتەویی پارتی کۆمۆنیستی چیندا لەمەڕ کاری پروپاگاندە
( ١٢ی مارتی ١٩٥٧

بۆ ئەوەی مرۆڤ بەڕاستی ودروستی لە مارکسیزم بگات پێویستە تەنیا لە کتێبەوە فێری نەبێت . بەڵام بە چەشنێکی سەرەکی لەناو خەباتی چینایەتی و پراتیکی کردەوەیی و پەیوەندی نزیک، لەگەڵ جەماوەری کارکەران و جوتیاراندا فێری ببێت . کاتێک ڕۆشنبیرەکانمان سەرەڕای خوێندنەوەی هەندێک کتێبی مارکسی ، هەندێک تێ گەیشتنیشیان دەس کەوت بەهۆی پەیوەندی نزیکەوە لەگەڵ جەماوەری کارکەران و جوتیاران و لەڕووی پراتیکی کردەوەیی خۆیانەوە ئەسا ئەتوانین هەموومان بەیەک زمان قسە بکەین ، نەک

www.nawshirwanmustafa.org